# شانۆیی
# (شەوی دوازدەهەم) یان هەرچیت دەوێت
## نووسینی: ویلیەم شێکسپیر

**د . ئازاد حەمە شەریف**
**لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی**
**چاپی یەکەم**
**2013**

زنجیرەی شانۆی بیانی : 69
سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆیی بیانی : دانا رەئووف
ناوی کتێب: شانۆیی (شەوی دوازدەهەم) (1601)
دانەر: ویلیەم شێکسپیر
وەرگێڕ: د . ئازاد حەمە شەریف
چاپی:یەکەم - 2013
چاپخانە:
© مافی لەچاپدانەوە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە.

ئەم وەرگێڕانەم پێشکەشە بە:

- هەموو ئەوانەی بەبێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ لە شێکسپیر بزانن بەنەزاندیەوە دەستیان داوەتە سەقەتکردنی شانۆییەکانی ئەم نووسەرە مەزنە.

- هەموو ئەوانەی زۆر لە شێکسپیر دەزانن بەڵام دەزانن وەرگێڕانی دە قەکانی ئەو بلیمەتە پێویستیان بەوپەڕی شارەزایی لە زمان و هزر و شێوازی ئەو نووسەرە مەزنە هەیە بۆیە زۆر بە ئاگادارییەوە دەست بۆ کارێکی وا مەزن دەبەن.

(1) <u>تێبینی</u>: ئەم شانۆییەم لە بەیەکگرتنی ئەو دەقە ئینگلیزیانەی خوارەوە وەرگێڕاوە:

1) William Shakespeare, <u>Twelfth Night</u>, (ed.) Bernard Lott (London: Longman Group Limited, 1977).
2) William Shakespeare, <u>Twelfth Night</u>, (ed.) Jackie Head (London: Longman Group Limited, nd.).
3) William Shakespeare, <u>Twelfth Night</u>, (ed.) Praveen Bhatia (New Delhi: UBS Publishers' Distributors Pvt. Ltd., 2009)

(2) <u>تێبینی</u>: بۆ هیچ گروپ و دەستە و تیپێکی شانۆیی نییە کە بەبێ ڕێپێدانی بە نووسینی وەرگێڕ ئەم دەقە بخاتە سەرشانۆ یان بۆ تەلەفزیۆن ئامادەی بکات یان بۆ هەر کارێکی تر بەکاری بهێنێت.

## (شەوی دوازدەهەم) یان شەوی سێزدەهەم

**یەکەم: پێشەکی**

وا پێدەچێت شێکسپیر لە دوایین شەوی ئاهەنگی (کریسمەس) کە دەکاتە رێکەوتی (6)ی کانوونی دووەمی ساڵی (1601)دا ئەو شانۆنامەیەی نووسیبێت و لەساڵی (1602)دا لە بەردەم شاژن (ئێلیزابێتی یەکەم) لە هۆڵی مەزنی (وایت هۆڵ)ی دەرەوەی لەندەن نمایشی کردبێت و لە ساڵی (1623)دا بڵاوی کردبێتەوە. گەورەیی شێکسپیر لەوەدا دەردەکەوێت کە ( بێن جۆنسن)ی هاو چەرخی خۆی گوتوویەتی "شێکسپیر موڵکی سەردەمێك نییە ، بەڵکو هی هەموو سەردەمەکانە ." هەڵبەتە ئەم قسەیەش هەروا لە خۆڕا یەوە نەکراوە ، چونکە نەمری شێکسپیر لەو دەقانە دایە کە ئەو نووسیوویەتی جا شانۆنامە بوو بن یان سۆنێتە. نزیکەی وا چوار سەد ساڵێك بە سەر مردنی ئەو کەڵەنووسەرەدا تێپەڕ دەبێت ، بەڵام هێشتاش نوو سین و بیرۆ کە و روانینەکانی ئەو هەر زیندووە و لەسەرانسەری دنیادا رۆژانە شانۆنامەکانی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانانی تر و نمایش دەکرێن و خەڵکیش بە تاسە و پەرۆشەوە چێژیان لێوە دەبینن. ئایا ئەم شانۆنامەیە تەنیا بۆ چێژ لێ وەر گرتن نوو سراوە یان ئامرازی را ستکردنەوەی هەڵە و چەوتییەکانی ناو بیر و گوفتار و کرداری چینەکانی سەرەوە و ناوەڕا ستی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی و هەموو سەردەمەکانە؟ ئایا دوای تەواوکردنی (شەوی دوازدەهەم) ، شەوی سێزدەهەم شەوێکی پڕخێر و بەر کەت دەبێت بۆ کێ و شەوێکی بەد بەخت و خەفەتناك دەبێت بۆ کێ ؟ ئایا لەم شانۆنامەیەدا بەرژەوەندیخوازی و عیشق کامیان بەسەر کامیاندا سەردەکەون ؟ ئایا سەرەنجامی کەسانی توو ندڕەوی ئایینی لەم شانۆنامەیەدا بە چی دەگات؟ ئایا ژنان چۆن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن؟ ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوڕێیەتی چاکدا دەکرێت ؟ ئایا هێز و توانا دەبنە هۆی سەرکەوتن و بەختەوەری یان ژیری و دڵچاکی و مرۆڤ پەروەری ، مرۆڤ دەگەیەننە کەناری ئارامی و بەختیاری؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە و دەیان (ئایا)ی تر لەگەڵ خوێندنەوە و کۆتایی ئەم شانۆنامەیە دەخرێتە بەر دید و هزری خوێنەری ورد و بە سەلیقە .

**دووەم: جۆرەکانی کۆمیدیا**

زۆر بەسادەیی کۆمیدیا شانۆییەکە کە بە خۆشی کۆتایی دێت و ئامانجیش لەو جۆرە دراما یە پێکەنینە. کۆمیدیای شێکسپیر ئەم هەردوو رەگەزەی تێدایە. لەم شانۆییەدا گەوجێتی و خاڵی لاوازی کەسایەتییەکان بەجۆرێکی نەرم و بەبەزەییانە خراوەتە روو.

لە راستیدا دوو جۆرە شانۆیی کۆمیدی سەرەکی هەن:

1) **کۆمیدیای کلاسیکی**

لەم جۆرە کۆمیدیا یەدا ( یەکێتی کات و شوێن و رووداو) لەبەر چاو دەگیرێت. لەپاڵ ئەوەشدا رەگەزەکانی تراژیدی و کۆمیدی تێکەڵ بە یەکتر ناکرێن. بابەتی ئەم جۆرە کۆمیدیایانەش شتی

واقیعی و ژیان و رووداوی رۆژانەیە. ئامانجی ئەم کۆمیدیا نەش داشۆرین و راستکردنەوەی چەوتی مرۆڤ و خراپەی کۆمەڵایەتی و کەم و کورییەکانە.

بەکورتی و بەکوردی کۆمیدیای کلاسیکی بە خەڵك پێدەکەنێت، نەك لەگەڵ خەڵك پێدەکەنێت.

باشترین نموونەی شانۆیی کلاسیکی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا شانۆییەکانی (بێن جۆنسن)ن.

2) کۆمیدیای رۆمانسی

لەم جۆرە کۆمیدیایەدا هەموو رێسایەکانی کۆمیدیای کلاسیکی وەلانراون و بەپێی پێویستی خەیاڵ و ئەندێشە دەنووسرێن. شێکسپیر لە سەرەتاوە کۆمیدیای رۆمانسی نووسیووە و رەگەزی کۆمیدی و تراژیدیەکانی تێکەڵی یەکتر کردووە و شتی خەم بار و خۆشی لەگەڵ یەکتر داناوە. ئەوەش وایکردووە شانۆییەکانی شێکسپیر تارادەیەکی زۆر واقیعیا نەتر دەربکەون. جا چونکە ژیانی مرۆڤ بریتییە لە شتی خەمبار و شتی خۆش، ئامانجی شێکسپیر ئەوە نەبوو داشۆرین و راستکردنەوە ئەنجام بدات. مەبەستی سەرەکی شێکسپیر ئەوە بوو پێکەنینێکی بەسەزمانانە و دڵسافانە بەرهەم بهێنێت. ئەمەش واناگەیەنێت گەوجێتی و چەوتی و کەموکورییەکان ناکەو نە بەر نەشتەری گاڵتەپێکردن. بەڵام ئەم گاڵتەپێکردنە بە نەرمی و بەزەییەوە دێتە بەرهەم. کۆمیدییەکانی شێکسپیر شاعیرانە و داهێنەرانەن. پتر ئەندێشە و خەیاڵ بەسەریاندا زاڵە لەوەی ئاوەز و بیر. کۆمیدییەکان روانینی هونەرمەندن، نەوەك خستنەرووی رەخنەگران.

سێیەم: کۆمیدیاکانی شێکسپیر

شێکسپیر چوار جۆر کۆمیدیای نوسیووە. هەر جۆرەیان ئاکار و ئەدگار و تایبەتمەندێتی خۆی تێدا دەردەکەوێت :

أ) کۆمیدیا پڕ هەراو هۆریاکان

ئەمەش ئەو جۆرە کۆمیدیا پێنەگەیشتوو و گاڵتەجارانە دەگرێتەوە کە پڕاوپڕن لە قسەی ژیرانە و یاریکردن بە وشە و وێنەی ئەندێشەیی قووڵ. خۆشی ناو ئەو جۆرە کۆمیدیانە رەقەکارانە و توو ند و کەم بەهان. نموونەی ئەم جۆرە کۆمیدیانەی شێکسپیر شانۆیی (رەنجی ئەوین بەبا چوو)، (کۆمیدیای هەڵەکان)، (دوو نەجیبزادەی ڤیرۆنا)، (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)ن. ئەم جۆرە کۆمیدیایانە لاساییکردنەوەی شێوازی (لیلی)ن. وێنەکێشانی کە سایەتییەکان لاوازە و پێکهاتەی تانوپۆیەکەشی پڕ کەم و کوڕی و چەوتییە. ژیرایەتی قسەکان و گاڵتەجارییە لەرادەبەدەرەکەی بە دڵی بینەرە ئێلیزابێسییەکان بوو.

ب) کۆمیدیا خۆش و بەتامەکان

نموونەکانی ئەم جۆرە کۆمیدیاییەی شێکسپیر بریتیین لە: (بازرگانی ڤێنیسیا)، (چۆنت پێخۆشە)، (هەراوهۆریا یەکی بێ ئەنجام) و (شەوی دوازدە هەم). ئەوین و مۆسیقا، بەزم و خۆشی رەگەزی بنچینەیی ئەم کۆمیدیانەن. ئەوان کیژە پاڵەوانی نایابیان تێدایە. دروستکردنی کەسایەتییەکان لەو

کۆمیدیایا نەدا لەپاڵ خولّقا ندنی کە شوبای رۆماذ سی چاک سازی تیێدا کراوە. ئەم کۆمیدیایا نە تێکەڵەیەکی جوانی رەگەزی رۆمانسی و واقیعی، شیعری و دراماتیکییە.

**ج) کۆمیدیای رەش**

ئەو جۆرە کۆمیدیایا نە هەر بەناو کۆمـ یدیان، چونکە ناوەرۆ کەکانیان پڕاو پڕە لە رە شبینی و تراژیدیا. شانۆییەکانی (هەرچی بەباشی کۆتاییهات باشە)، ( یەك بە یەك)، (ترۆیلەس و کرایـسیدا) نموو نەی ئەم جۆرە کۆمیدیا نەن. ئەوان لایە نە خراپ و ناخۆ شەکانی ژ یان و بوونی مرۆڤ وێـنا دەکەن. بەها رەوشتییەکانی ژیان تیایاندا زۆر نزمە. ئەوان لایەنە نزمە کەی سۆزی زایە ندی و بەها رەو شتییەکان دەخە نە بەر چاو. کە شوبای ئەم شانۆییانە پێ کەنینی کۆمـ یدی نیـ یە، بەڵکو گاڵتەپێکردنێکی تاڵە.

**د) کۆمیدیا رۆمانسییەکان**

لە ساڵانی کۆ تایی تە مەن و بەرهە مەکانی و دوای قۆ ناغی تراژ یدی ، شێک سپیر دیـ سان کەو تەوە نوو سینی کۆمـ یدیا. ئەم جۆرە کۆمیدیایا نە چەند ئەدگارێکی دیاریـ یان هە یە کە لە کۆمـ یدیا زووەکاذ یدا نابینرێن. کۆمـ یدیا رۆماذ سییەکانی شێک سپیر بریتیین لە: ( سیمبەلین)، (هەفتا یەتی زستانێ) و (زریان).

کۆمـ یدیاکانی شێک سپیر رۆماذ سین نەك لەبەر ئەوەی یەکێتی کات و شوێن و رووداو و رێ ساکانی پێکهاتەی درا می بەلاوە دەنێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەم کۆمیدیا یە و ئەوانی تریـ شیدا را کردن لە ناخۆ شییەکانی ژ یانی رۆژا نە کرۆ کی ئەو کۆمیدیا نە پێـك دەهێنێت. ئەم جۆرە کۆمیدیاکا نەی شێکسپیر لەناو دەوروبەرێکی ساکاری گوندیانەدا دانراون وەکو (دارستانی ئاردن)، (گریکی کۆن)، یان (کەنارەکانی ئیلیریا).

ئەم چەشنە کۆمیدیاکانە چیرۆکی خۆشەویـستی و ئەویـنداریـن کە سەرەنجامەکەنیان بە زەماوە ند کۆتایی دێت. لەو شانۆییانەدا نەك تەنها پاڵەوان و کیژەپاڵەوان لە خۆشەویـستیدان، بەڵکو هەموو کارێک تەرەکانی تریش هەروان. کارێک تەرەکانی شێک سپیر هەر لە یە کەمین نیـگاوە دەکەو نە داوی دڵداری چونکە لەویێ خۆشەویـستی شتێکی نا چارییە وە کو مەرگ. ئەوین توو شی گەوج دێت وەك چۆن تووشی پیاوانی ناوکۆشك دێت، تووشی گەنجانی لاسار دێت وەك چۆن تووشی خانمێکی گران و سەنگین.

ئا کارێکی دیـ کەی کۆمـ یدیای شێک سپیر بریتیـ یە لە مۆ سیقا و سەماکردن. کۆمـ یدیاکانی شێک سپیر هەمیـ شە کۆتایـ یان بە سەما و گۆرانی و بەزم و خۆ شی و خواوە ندی ئەوین سەرۆکایەتی ئەو ئاهەنگانە دەکات.

گەوج و گێلەپیاو دوو ئاکاری سەرەکی کۆمیدیاکانی شێکسپیرن. گەوجەکان نەك تەنیا دەبـنە ما یەی بەزم و خۆشی، بەڵکو ئەوان دەبـنە ئەڵقەی پەیوە ندی نێوان تانوپۆی سەرەکی و تانوپۆی لاوە کی.

وێڕای ئەوەش هەر ئەوانن سەرنج و پلارەکانیان لەبارەی رووداو و کەسایەتییەکانی ناو شانۆییەکان دەخەنەڕوو.

### چوارەم: زمانی کۆمیدیا

زۆر کەس تووشی سەرسوڕمان دێن کاتێك لە خوێندنەوەی تراژیدیاکانی (شێکسپیر)ەوە دینە سەر خوێندنەوەی کۆمیدیاکانی (شێکسپیر) . هۆی ئەو سەرسوڕمانەیان لەبەر ئەوەیە کە جیاوازییەکی یەکجار زۆر لە نێوان زمانی ئەو دوو جۆرە شانۆییانەدا هەن .

زمانی تراژیدیا بە زۆری زمانێکی تووند و تۆڵ و سفت و سۆڵی شیعرییە کە پڕاو پڕە لە بیرۆکەی قووڵ و فەلسەفی ، زمانی چینی سەرووی کۆمەڵگەیە و چینی رۆشنبیر و هەڵبژاردە قسەی پێدەکەن . هەروەها هۆکارێکی تری تووندوتۆڵی زمانی تراژیدیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە تراژیدیادا زێتر سۆز و هەستەکان و جۆش و خرۆشی دەروونی بە سەر زمانندا زاڵە . ئەمەش وادەکات قسەکەرەکەی زمانێکی بەهێزی وا بەکاربهێنێت کە لە ئاستی هەڵچوون و کارەساتەکاندا بێت .

کەچی زمانی کۆمیدیا زمانێکی سادە و ساکاری رۆژانەیە کە خەڵکی لەسەر جادە و شەقام و ناوماڵاندا قسەی پێدەکەن. زمانی چینی ژێرەوەی کۆمەڵگەیە و بابەتە کۆمیدیەکانیش هێندە پێویستیان بە رازاندنەوە و تیفتیفەکاری نییە ، چونکە مەبەست لە کۆمیدیا ئەوەیە بیرۆکە و گوزارشتەکان بە ئاسانی بگاتە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە . کەواتە لە کۆمیدیادا زمانێکی راستەوخۆی ناشیعری پێویستترە لە زمانێکی قوول و ئالۆزی شیعری .

ئەگەر لە تراژیدیادا شیعری قوول و مانادار و پڕبیرۆکەی ئالۆز و چەمکی فەلسەفی بەکاربێت ، ئەوا کەشوبای کۆمیدیا گۆرانی میللی و سەما و نوکتە و قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ دەخوازێت . وەکو ئاشکرایشە کۆمیدیا بۆ کات بەسەربردن و پێکەنین و خۆشی و ناوەناوەش بۆ راستکردنەوەی رەفتاری گەوجانە نووسراوە ، نەك هەست و هۆش هەژاندن و ناخ هێنانەرا چڵەکان و لەرزەلەرز. هەر بۆیەشە زمانی کۆمیدیا چەندەی سادە و ساکار و پڕ هەڵەو خەوش بێت ئەوەندە لە رۆحیەتی خەڵکە رەشۆکییە ئاساییەکەوە نزیکتر دەبێت.

هەڵبەتە ئەمەش بە هیچ شێوەیەك بە خەوش و کەموکوڕی بۆ نووسەر ناگەڕێتەوە چونکە مەبەست لە نووسینی کۆمیدیا پێکەنین و داشۆرین و کات رابواردنە نەك جوولاندنی هەست و سۆز وەك لە تراژیدیادا ئەمە مەبەستە .

### پێنجەم : بیرۆکەکانی ناو (شەوی دوازدەهەم)

لەم کۆمیدیایەدا دوو تانوپۆی سەرەکی بەناویەکتردا چوو هەن. یەکەمیان عاشقبوونی (میر ئۆرسینۆ) بە (دۆ تمیر ئۆلیڤیا) و بەردەوام ناردنی خەڵك بۆ خوازبێنی ئەو ، دووەمیان هەڵخڵەتاندنی (مالڤۆلیۆ)ی سەرنۆکەرە لە لایەن (سێر تۆبی) و (ماریا)وە. ئەوان بە فێڵ و تەلەکە پێی رادەبوێرن و وای لێدەکەن باوەڕ بکات کە (ئۆلیڤیا)ی خودانی بۆتە عاشقی ( مالڤۆلیۆ)ی سەرنۆکەر و لەلایەن

(ماريا)وە نامەيەكى بۆ دەنووسرێت بە دەسخەتێكى هاو شێوەی دەسخەتی (ئۆليڤيا) و بە شێوازی نوو سينی دە قاودەقی ئەو و داوای لێدەكرێت چەندين جۆر رەفتار و گوفتاری كۆميديا نە بكات . ئەمەش وا دەكات لەبەرچاوی ئەوانەی ئا گاداری ئەم تەلەكە يە نين وا بزانن ( مالڤۆليۆ) شێت بووە بۆيە وا رەفتار و گوفتار دەكات . لەپاڵ ئەو دوو تانوپۆ يە سەرەكييەدا چەندين تانوپۆی لاوەكی و لابەلايی هەن . لەمانەش تێك شكانی كەشتی (ڤايۆلا) و (سێباسچيان)ی برای و يەكتر ونكردنی ئەو خوشك و برايە دڵسۆزە و خەفەتخواردن بۆ يەكتری چونكە هەريە كە لەلا يەنی خۆ يەوە وادەزانێت ئەوەی تر مردووە . جا بۆ پارا ستنی خۆی، ( ڤايۆلا) خۆی دەكا تە پ ياو و ناوی خۆی دەكا تە (سێزاريۆ) و لە دەرباری (مير ئۆرسينۆ) دەبێتە خزمەتكار و بەردەوام ( مير ئۆر سينۆ) بۆ خوازبێنی (دۆتمير ئۆليڤ يا)ی دەنێرێت . ئەم كردارەش تانوپۆی لاوەكی ئەوەی لێدەكەوێتەوە كە (ئۆليڤيا) عاشقی (ڤايۆلا – واتە سێزاريۆ) بێت و وابزانێت پياوە .

بيرۆكەكانی ناو ئەم بەرهەمە زۆرن و ئەمانە هەندێكيانن:

**1) خۆشەويستی و ئەوين و دڵداری :**

ا) ئەوين لە يەكەم نيگادا (ئەوينی ئۆليڤيا بۆ ڤايۆلا و سێباسچيان)

ب) ئەوينی يەك لايەنە (ئەوينی مير ئۆرسينۆ بۆ ئۆليڤيا)

ج) ئەوينی نێوان دڵدارە گەنجەكان (ئەوينی نێوان سێباسچيان و ئۆليڤيا)

د) ئەوين لە سەروەختی پيريدا (مير ئۆرسينۆ و ئۆليڤيا و ڤايۆلا)

ه) خۆشەويستی لە نێوان ئەندامانی خێزان دا (ڤايۆلا بۆ سێباسچيان ، برا ونبووەكەی – ئۆليڤيا بۆ برا مردووەكەی)

و) خۆشەويستی ونكراو و دۆزرايەوە . (ڤايۆلا و نيرئۆرسينۆ)

**2) كێشەی دەسەڵات و هێز**

ا) چاك بەكارهێنان و خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات و هێز

ب) گەڕان بە دوای دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتيدا

ج) پاراستنی دەسەڵات بەشێوەيەكی دڵسۆزانە

د) دەسەڵاتی دادپەروەرانەی فەرمانڕەوا ژيرەكان

ه) دەسەڵاتی ستەمكارانەی زۆردارەكان .

**3) رۆمەت و سەربەرزی**

ا) رۆمەت و سەربەرزی كەسانی جوامێر و خانەدان

ب) لە دەستدانی رۆمەت و سەربەرزی بەهۆی گەوجايەتييەوە

ج) لە دەستدانی رۆمەت و سەربەرزی بەهۆی تەلەكە و نادڵسۆزييەوە .

**4) هاوڕێيەتی**

ا) هاوڕێيەتی نێوان پياو و پياو ، ژن و ژن ، پياو و ژن

ب) هاوڕێيەتی نێوان خودان و نۆكەر

ج) هاوڕێیەتی تاقیکراوە لە ڕێگای حەسوودی و خەم و لێك تێنەگەیشتنەوە .

5) گەوجی و گێلایەتی

ا) گەوجی راستەقینە

ب) گەوجی رواڵەتی

ج) کەسانی ژیری خۆ بەگەوج زان

د) کەسانی گەوجی خۆ بەژیرزان

شایەنی باسە لەم شانۆنامەیەدا خۆشەویستی و ئەوین بە (6) لایەنی جوارۆجۆردا ئاراستەکراون :

ا) خۆشەویستی (ئۆرسینۆ) بۆ (ئۆلیڤیا)

ب) خۆشەویستی (ئۆلیڤیا) بۆ (ڤایۆلا – سیزاریۆ)

ج) خۆشەویستی (ئۆلیڤیا) بۆ (سێباسچیان)

د) خۆشەویستی (ڤایۆلا) بۆ (ئۆرسینۆ)

ه) خۆشەویستی (مالفۆلیۆ) بۆ (ئۆلیڤیا)

و) خۆشەویستی (سێر ئەندرو ئاگیوچیك) بۆ (ئۆلیڤیا)

لەم شانۆییەدا ئەم هەموو کارێکتەر و کێشە و بیرۆکە تێکچرژاوانە بەر چاو دەکەون. ئەگەر تو نا و لێهاتوویی شێکسپیر نەبوایە، کەم شانۆنامەنووس لە وزەیا ندابوو ئەم هەموو هەست و سۆزە دژ و ناکۆکە لەیەك جێگادا کۆبکەنەوە و پاشتریش بە تەبایی لەگەڵ یەکتریان بگونجێنێت.

**شەشەم: رەگەزە کۆمیدیاییەکان لە شانۆیی (شەوی دوازدەهەم)دا**

لەم شانۆییەدا چەندین تەکنیکی دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش بەکارهاتوون. هەرە دیار و بەر چاوەکانیان ئەمانەن:

ا) گێل و گەوج (وەکو تەکنیکێك بۆ بەرهەمهێنانی کۆمیدی)

ب) خۆگۆڕین و کەسایەتی گۆڕین (و نانەوەی کێشە و لێك تێنەگەیشتن و هتد)

ج) ئەوین و دڵداری (بۆ دەرخستنی گەوهەر و نەژادی راستەقینە یان گەوجێتی مرۆڤ)

د) کەشوبای سۆزاوی و هەستبزوێن

ه) گۆرانی و مۆسیقا و سەما

و) یاریکردن بە وشە و قسە و دەستەواژە

ز) هەڵخڵەتاندن و فریودان لە ڕێگەی نامە و نامەکاری

ح) جل و بەرگ و دیمەنی پێکەنیناوی و سەرنجڕاکێش

**حەوتەم: کۆتایی**

ئەگەر بمانەوێت هەموو لایەنەکانی ئەم شانۆنامەیە شیبکەیینەوە بێگو مان دە یان لا یەنی تر هەن کە دەکرێت هەڵوە ستەیان لە سەر بـ کەین. بەڵام ئەو بیرۆ کە و تەکنیکا نەی بەکورتی لەم پێ شەکییەدا دەستنیـ شانمان کردوون دەبـ نە دەروازە یەك بۆ تێگەیـ شتن لە مەبە ستی شێکسپیر و چێژوەرگرتن لەم بەرهەمە نەمرە.

بێگو مان (شێکسپیر) لە رێ گای وێـ ناکردنی ئەو هەموو کە سایەتی و د یمەن و بارودۆ خە ناکۆك و دژبەیەکترا نەی ناو ئەو شانۆنامەیەدا رەخنە یەکی زۆر توو ند، بەڵام بە ز مانێکی پێکەنیناوی هەلـەو چەوتییەکان را ست دەکا تەوە. هەڵبە تە هەمووشمان دەزا نین شێوازی رەخ نەگرتنی کۆمیدیا نە و گاڵتەجاڕانە زۆر کاریگەرترە لە شێوازی پەند دادانی راستەوخۆ یان ترس و تۆقینی تراژیدیانە.

د. ئازاد

هەولێر: رۆژی 2013/9/24

**كەسایەتییە درامییەکان:**

**ئۆرسینۆ:** میری ئیلێریا

**سێباسچیان:** برای ڤایۆلا

**ئەنتۆنیۆ:** کاپتنێکی دەریایی ، برادەری سێباسچیان

**کاپتنێکی دەریایی:** برادەری ڤایۆلا

**ڤالانتاین:** جوامێرێکە خزمەتی میر دەکات

**کوریۆ:** جوامێرێکە خزمەتی میر دەکات

**سێر تۆبی بێلچ:** مامی ئۆلیڤیا

**سێر ئەندرو ئاگیوچیك** : داخوازیکەری ئۆلیڤیا و برادەری (سێر تۆبی)

**مالڤۆلیۆ:** سەرنۆکەری ئۆلیڤیا

**فابیان:** نۆکەری ئۆلیڤیا

**فێستە:** گاڵتەجاڕ، نۆکەری ئۆلیڤیا

**ئۆلیڤیا:** دۆتمیرێکی زەنگین

**ڤیۆلا:** خوشکی سێباسچیان

**ماریا:** خزمەتکاری ئۆلیڤیا

**پیاوماقولان ، قەشەکان ، دەریاوانان ، ئەفسەران ، مۆسیقاژەنان ، داروودەستەکان**

**دیمەنی یەکەم: شارێکە لە (ئیلیریا) و کەنار دەریای نزیك ئەوێ.**

# پەردەی یەکەم
## دیمەنی یەکەم
ژوورێکی ناو کۆشکی میر
(میر ، کوریۆ ، گەورە پیاوان لەگەڵ لێدانی مۆسیقا دێنە ژوورەوە)

**میر**

ئەگەر مۆسیقا خۆراکی ئەوین بێت ، بیژەنن ،
ئەوەندە زۆرم بۆ لێ بدەن تا پێی مەست ببم ،
تا چێژم پێی دەردەدار بێت و بمرێت .
ئەو ئاوازە دیسان بژەننەوە ! کۆتاییەکی خاوبۆوەی هەبوو؛
ئۆه ، ئەمە وەکو دەنگێکی خۆش کەوتە بەر گوێم
کە بەسەر ڕیزێك وەنەوشەی کەناراوان دا هەڵدەکات ،
بە ئەسپایی دێت و بەرامە پەخش دەکاتەوە ! بەسە ، چیتر نا
ئێستا وەکو جاران خۆش نایەتە بەر گوێم .
ئۆه ، ئەی گیانی ئەوین ، تۆ چەندە خێرا و گۆڕاویت !
هیچ شتێك بەرگەی توانای تۆ ناگرێت
تۆ وەکو دەریایت ، هیچ شتێك نییە بێتە ناوتەوە ،
بەها و جۆرەکەی هەرچیەکیش بێت ،
لە ساتەوەختێکدا بێمایە نەبێت و
بەهاکەی دانەبەزێت. شێوەی ئەوین وا جۆراوجۆرە ،
کە تەنیا ئەوین خۆی خاوەن ئەندێشەیەکی باڵایە .

**کوریۆ**

گەورەم ، ئەرێ دەچیتە راو ؟

**میر**

چی ، کوریۆ؟

**کوریۆ**

راوە ئاسك .

**میر**

بۆچ ، منیش وا دەکەم ، من نازدارترینیانم هەیە .
ئۆه ، کاتێك چاوانم یەکەمجار (ئۆلیڤیا)یان بینی ،
وامزانی ئەو هەوا پەتادارەکەی پاکژ کردەوە!
ئەو ساتە من بووم بە ئاسکێك ،

حەزەکانم وەکو تانجی بێبەزەیی

لەوساوە راوەدووم دەنێن .[1]

(ڤالانتاین دێتە ژوورەوە)

دەباشە ! چ هەواڵێکی ئەوت پێیە؟

**ڤالانتاین**

تکایە ، گەورەم ببیستە ، من رێگام نەدرا بچمە ناوەوە ،

بەڵام وەڵامەکەم لە رێگەی خزمەتکارەکەیەوە وەرگرتەوە :

ئاسمان بەخۆیشی ، بۆ ماوەی حەوت ساڵی رەبەق ،

ناتوانێت بەتەواوی روخساری ئەو ببینێت ؛

جا وەکو رەبەنێکی دێر ئەو بە رووداپۆشراوی دێ و دەچێت ،

هەموو رۆژێکیش جارێك کونجەکەی ئاوڕشێن دەکات

بە ئاوی سوێری چاوەکانی ؛ ئەوەش هەمووی بۆ تازەکردنەوەی

خۆشەویستی برایەکی مردووی ، ئەو ئەمە بە تازەیی دەهێڵێتەوە

تا درێژە بە یادگاری خەمناکی ئەو بدات .

**میر**

ئۆه ، ئەو کە ئەو جۆرە دڵە نایابەی هەبێت

ئەوها بۆ خۆشەویستی برایەکی خەم دابگرێت ،

ئەی دەبێ چۆن دڵداری بکات کاتێ تیری گرانبەهای

زێڕینی عیشق [2] سەرجەم سۆزەکانی تری ناو ناخی

ئەو دەکوژێت ؛ کاتێك جەرگ و دڵ و مێشك ،

ئەو تەختە بەرزانەی ناخی ئەو پڕ دەبن

لەو کامڵیە نازدارە و تاکە پادشایەکیان تێدا دەبێت!

وەرە با بچین بۆ ناو باخچەی گوڵ و گوڵزار :

بیری عیشق دەگەشێنەوە لە ژێر سێبەری کەپری دار .

(دەڕۆن)

---

[1] لە چیرۆکێکی کلاسیکیدا وا هاتووە کە (دایانا)ی خواوەندی راووشکار و مانگ ، (ئەکتیۆن) دەکاتە ئاسك چونکە کاتی خۆشوشتن تەماشای ئەوی کردبوو . سەگەکانی (دایانا) تاوی دەدەنێ و هەلا هەلای دەکەن . (وەرگێڕ)

[2] جاران خەڵکی بڕوایان وا بوو ئەوانەی دەکەونە ناو داوی دڵدارییەوە دڵی ئەوان بە تیری نووك زێڕینی (کیوپید – خواوەندی عیشق) دەپێکرێت. (و.)

## دیمەنی دووەم

کەناری دەریا

**(ڤایۆلا ، کاپتنێك ، کۆمەڵێك دەریاوان دێنە ژوورەوە)**

**ڤایۆلا**

هاوڕێیان ، ئێرە چ وڵاتێکە؟

**کاپتن**

ئێرە (ئیلیریا)یە[3]، خانم .

**ڤایۆلا**

جا من لە (ئیلیریا)دا چی بکەم؟
براکەم وا لە (بەهەشت)دایە .
لەوانەیشە ، نە خنکابێت – ئێوە ، دەریاوانان ، چی دەڵێن ؟

**کاپتن**

ڕەنگە تەنیا تۆ بە ڕێکەوت ڕزگار بوو بیت .

**ڤایۆلا**

ئۆه ، ئەی برای بەسەزمانم ! ڕەنگە ئەویش بە ڕێکەوت ڕزگاری بوو بێت .

**کاپتن**

ڕاستە ، خانمەکەم ، بۆ ئەوەی تۆ بە ڕێکەوت دڵت خۆش بێت ،
با دڵنیات بکەمەوە ، دوای تێك شکانی کەشتییەکەمان ،
کاتێك تۆ و ئەو ژمارە کەمەی لەگەڵ تۆ ڕزگاریان بوو ،
سواری بەلەمی چارۆگەدار بوون ، من براکەتم بینی ،
ئەو لە کاتی مەترسیشدا هەرە لێزانانە ، خۆی گرتبۆوە –
ئازایەتی و هیوا بە کردار ئەویان فێر کردبوو –
کە خۆی بەو شا تێڵایەی کەشتیەکەی ناو ئاوی دەریا بگرێتەوە؛
لەوێدا ، ئەو وەکو (ئاریۆن)ی سەرپشتی دۆلفینەکە[4] بوو ،
تا ئەوەندەی مەودای چاوەکانم بڕیان دەکرد
من ئەوم بینی لەگەڵ شەپۆلەکان ببووە ئاشنا.

**ڤایۆلا**

---

3 لە سەردەمی (شێکسپیر)دا بەو ناوچەیەی دەکەوتە لای ڕۆژهەڵاتی دەریای (ئەدریاتیك) دەگوترا (ئیلیریا) . (و.)

4 لە چیرۆکێکی کلاسیکیدا وا هاتووە (ئاریۆن)ی مۆسیقاری یۆنانی لە سەر پشتی کەشتییەکی پڕ گەنجینە بوو . کاتێك دەریاوانەکان ویستبوویان بیکوژن ، ئەو خۆی هەڵدابووە ناو دەریاوە و دۆلفینێك کە بە ئەفسوونی مۆسیقای ئەو دڵبەند ببوو ئەوی خستبووە سەر پشتی خۆی و ڕزگاری کردبوو . (و.)

لەبەر ئەو قسانەت ، ئەوەتا زێڕ .
رزگاربوونی خۆم ئومێدم پێ دەبەخشێت ،
قسەکانی تۆش دەسەلمێنێت ئەویش مابێت ،
ئەرێ تۆ ئەو وڵاتە شارەزایت ؟

**کاپتن**

بەڵێ ، خانم ، بەباشی ؛ چونکە من لە جێگایەك لە دایکبووم و
پەروەردەکرام کە سێ کاتژمێر لێرەوە دوور نییە .

**ڤایۆلا**

کێ لێرە فەرمانڕەوایە؟

**کاپتن**

میرێکی خانەدان ، سروشتەکەشی وەکو ناوەکەیەتی .

**ڤایۆلا**

ناوی چییە؟

**کاپتن**

ئۆرسینۆ .

**ڤایۆلا**

ئۆرسینۆ ! گوێم لە باوکم بووە ناوی ئەوی هێناوە .
ئەوسا بێ ژن بوو .

**کاپتن**

ئێستاش هەر وایە ، یاخود تا ئەم دواییەش وابوو ؛
تەنیا مانگێك لەمەوبەر من ئێرەم جێ هێشت،
ئەوسا قسەوقسەلۆکی تازە هەبوو — وەك خۆشت دەیزانیت ،
ئەوەی کەسانی گەورە دەیکەن بچووکەکان باسی دەکەن —
ئەو بەدوای عیشقی (ئۆلیڤیا)ی نازدارەوە بوو .

**ڤایۆلا**

ئەو کێیە ؟

**کاپتن**

خانمێکی چاکە و کیژی بەگێکە
دوانزە مانگێك دەبێت مردووە ، ئینجا ئەوی جێهێشت
لە ژێر چاودێری کوڕەکەی خۆی ، براکەیشی
لە ماوەیەکی کەمدا مرد ؛ لەبەر زۆر خۆشویستنی ئەو ،
خەڵکی دەڵێن ، ئەو لە تێکەڵبوون و

بینینی پیاوان خۆی دوور خستۆتەوە .

**ڤایۆلا**

ئۆه ، خۆزگە دەبوومە خزمەتکاری ئەو خانمە ،
تاکو بتوانم لە دنیادا دەرنەکەوم ،
تا ئەو کاتەی رەوشی من کەمێك سووك دەبێت ،
ئەوسا دەرفەتم دەبێت بەراستی خۆم دەربخەم !

**کاپتن**

ئەمە زەحمەتە روو بدات ،
چونکە ئەو رێ نادات هیچ کەس بیبینێت –
نەخێر ، تەنانەت رێ بە میریش نادات .

**ڤایۆلا**

کاپتن ، تۆ روخسار و رەفتارت جوانن ؛
ئەگەرچی سروشت بە دیوارێکی جوان
زۆرجار شتە پیسەکان دادەپۆشێت ، کەچی لەگەڵ تۆ
من بڕوام وایە تۆ بیر و هزرێکت هەیە لەگەڵ
روخسار و کەسایەتی جوانت گونجاوە .
من تکات لێدەکەم و پارەیەکی باشیشت پێدەدەم ،
ئەوە بشارەوە من کێم ، یارمەتیدەریشم ببە
لەم خۆگۆڕینەمدا بەڵکو بتوانم ئەو شێوەیەی
دەستم پێی بگات . من خزمەتی ئەو میرە دەکەم :
تۆ من وەکو پیاوێکی خەسێنراو بەو بناسێنە ؛
من تۆ رەنج بە خەسار نادەم ، چونکە گۆرانی بۆ دەچڕم و
باسی چەندین جۆر مۆسیقای بۆ دەکەم ،
ئەوەش وا دەکات من شایستەی خزمەتکردنی ئەو ببم .
جا رۆژگار چی دیکە لەگەڵ خۆی دێنێت من دەیکەم ؛
تەنیا تۆ بێدەنگی خۆت بخەرە پاڵ زیرەکییەکەم .

**کاپتن**

تۆ ببە پیاوی خەسێنراوی ئەو و منیش تەماشاکەری لاڵ ؛
ئەگەر زمانم کەوتە گۆ ، یاخوا چاوانم نابینا بن دەر حاڵ .

**ڤایۆلا**

سوپاست دەکەم . بمبەرە لای ئەو .

(دەڕۆن)

## دیمەنی سێیەم
مالَي (ئۆليظيا)
(سێر تۆبی بێڵچ و ماریا دێنە ژوورەوە)

**سێر تۆبی**

ئەوە چ دەردێکە وای لە کچی براکەم کردووە مەرگی
براکەی وا بە توندی بگرێت ؟ من دڵنیام خەم دوژمنی ژیانە .

**ماریا**

سێر تۆبی ، بەڕاستی ، تۆ پێویستە شەوان زووتر بێیتەوە ؛
کچە براکەت ، خانمەکەم ، لەو هاتنەوە ناوەختانەت زۆر نارازییە.

**سێر تۆبی**

بۆچی ، لێگەڕی با ناڕازی بێت لەوەی پێشووتر لێی نارازی بووە .

**ماریا**

بەڵێ ، بەڵام تۆ دەبێت خۆت بە سنووری ئاسایی مەسەلەکانەوە
پابەند بکەیت .

**سێر تۆبی**

پابەند بوون ! من خۆم لەوە باشتر کە هەم خۆم جلبەند ناکەم . ئەو
جلوبەرگانە بایی ئەوەندە باشن پێیانەوە بخۆمەوە ، چەکمەکانیشم هەروا ؛
ئەگەر باش نەبن ، با خۆیان بە قەیتانەکانیانەوە هەڵبواسن .

**ماریا**

ئەو خواردنەوە و هەڵقوڕاندەت خراپت بەسەر دێنێت ؛ دوێنێ لە خانمەکەی
خۆمم بیست باسی ئەوەی دەکرد ، هەروا باسی ئەو سوارچاکە گەوجەشی کرد
شەوێکیان بۆ خوازبێنی ئەو هێنابووتەوە.

**سێر تۆبی**

کێ ؟ سێر ئەندرو ئاگوچیك ؟

**ماریا**

بەڵێ ، ئەوە .

**سێر تۆبی**

ئەو بەقەد هەر کەسێکی دیکەی (ئیلیریا) پایەبەرزە .

**ماریا**

ئەوە چ پەیوەندیەکی بە بابەتەکەمانەوە هەیە ؟

**سێر تۆبی**

بۆچی ، ئەو ساڵانە سێ هەزار (دەکەتی)[5] هەیە .

**ماریا**

وایە ، ئەو پارەیەی هەمووی بەشی ساڵێکی دەکات ؛

ئەو گەوج و دەستبڵاوە .

**سێر تۆبی**

شەرمە بۆ تۆ وا بڵێیت ! ئەو کەمانچەی زل دەژەنێت ،

هەروا بە سێ چوار زمان وشە بە وشە بەبێ کتێب قسە دەکات ،

هەموو بەهرە چاکەکانی سروشتیشی تێدایە .

**ماریا**

بەڕاستی تیایەتی ، هەموو بەهرەکانی سروشت ؛ جا لە پاڵ ئەوەش ئەو بەهرەی گەوجێتی هەیە ، ئەو شەڕفرۆشێکی مەزنیشە ؛بەڵام ئەو بەهرەی ترسنۆکیشی هەیە بۆ لادان لە تەوژمی شەڕفرۆشییەکەی ، خەڵکی ژیر دەڵێن هاتبایە وا نەبوایە بەهرەی ناو گۆڕیش خێرا دەبووە میوانی ئەو .

**سێر تۆبی**

سوێند بەو دەستانەم ، ئەوان خوێڕی و دڵ پڕکینەن

کە ئەوها لەبارەی ئەوەوە دەدوێن . ئەوان کێن ؟

**ماریا**

ئەوان ئەوەش دەڵێن ، شەوانە ئەو بە هاوڕێیەتی تۆ سەرخۆش و مەستە .

**سێر تۆبی**

ئێمە بە خۆشی کچە براکەم دەخۆینەوە ؛ من بۆ ئەو دەخۆمەوە

تا دەریچەیەك لە گەرووم و خواردنەوە لە (ئیلیریا)دا مابێت .

ئەوەی بۆ خۆشی کچە براکەم نەخواتەوە تا سەری وەکو

مزراحی گەورە نەخوولێتەوە ، ئەو کەسە ترسنۆکە . ئادەی کچێ !

مەی نایاب بێنە ! چونکە ئەوا (سێر ئەندرو ئاگیو فێس)[6] هات .

(سێر ئەندرو ئاگیوچیك دێتە ناوەوە)

**سێر ئەندرو**

سێر تۆبی بێڵچ ! چۆنیت ، چۆن ، سێر تۆبی بێڵچ !

**سێر تۆبی**

---

[5] (دەکەت) جۆرە پارەیەکی ئیتالی سەردەمی ڕێنیسانس بوو . (و.)

[6] (ئاگیوفێس) واتا (دەموچاو پەتادار) . (سێر تۆبی) بۆ گاڵتە ئەم قسانە دەکات . (و.)

سێر ئەندروی خۆشەویست !

**سێر ئەندرو**

(بۆ ماریا) سلاو ، خاتوونی جوان .

**ماریا**

لە تۆش بێت ، گەورەم .

**سێر تۆبی**

ناز، سێر ئەندرو ، نازی بدەرێ .

**سێر ئەندرو**

ئەمە کێ بوو ؟

**سێر تۆبی**

خزمەتکاری کچە براکەمە .

**سێر ئەندرو**

خاتوو ناز ، حەز دەکەم باشتر یەکتر بناسین .

**ماریا**

گەورەم ، من ناوم (ماریا)یە .

**سێر ئەندرو**

ئەی خاتوونی چاك ، ناز—

**سێر تۆبی**

ئەی سوارچاك ، تۆ هەڵە دەکەیت . "ناز" واتە نازی بدەرێ ، دڵی رابگرە و قسەی خۆشی بۆ بکە و دڵداری لەگەڵ بکە .

**سێر ئەندرو**

بەڕاستی ، من ناتوانم لەبەر چاوی تۆ وای لەگەڵ بکەم .

ئەوە مانای "ناز"ە؟

**ماریا**

خواحافیز ، خانەدانان .

**سێر تۆبی**

ئەگەر تۆ لێی بگەڕێیت وا بە ئاسانی بڕوات ، سێر ئەندرو ، تۆ لەوانەیە هەرگیز نەتوانیت جارێکی تر شمشێرەکەت هەڵبکێشیتەوە !

**سێر ئەندرو**

خاتوون ، ئەگەر تۆ وا بە ئاسانی بڕۆیت ، لەوانەیە من هەرگیز نەتوانم شمشێر هەڵبکێشمەوە . خانمی نازدار ، تۆ وادەزانیت گێلت کەوتۆتە بەردەست؟

**ماریا**

گەورەم ، من تۆم لەناو دەستدا یان لەبەر دەستدا نییە .

**سێر ئەندرو**

بە حەزرەتی (مریەم) ، تۆ دەتبێت ؛ فەرموو دەستم بگرە .

**ماریا**

ئێستا ، گەورەم ، من ئازادم چۆن بیر بکەمەوە . تکات لێدەکەم ، دەستت درێژ بکە بۆ کەلێنی دەرگاکە و با خواردنەوەکە لەوێوە وەربگرێت .[7]

**سێر ئەندرو**

بۆچی ، دڵەکەم ؟ مەبەستت چییە؟

**ماریا**

مەبەستم شتی وشکەیە ، گەورەم .

**سێر ئەندرو**

بۆچ ، وابزانم ؛ من هێندە گێل نییم بەڵام دەتوانم دەستم
بە وشکی بهێلمەوە . بەڵام نوکتەکەت چی بوو؟

**ماریا**

گەورەم ، نوکتەکەم نوکتەیەکی وشك بوو .

**سێر ئەندرو**

تۆ زۆرت لەو نوکتانە هەیە ؟

**ماریا**

بەڵێ ، گەورەم ، ئەو جۆرە نوکتانە لە سەری پەنجەم دەرژێن ؛ ئا ئێستا کە دەستتم بەردا ، من وشك و برینگ مامەوە .

(ماریا دەڕوات )

**سێر تۆبی**

ئەی سوارچاك ، تۆ پێویستت بە پەرداخێك مەی (کەناری) هەیە ! ئایا کەی من تۆم وا بە دۆڕاوی بینیووە ؟

**سێر ئەندرو**

وا بزانم ، هەرگیز منت وا نەبینیووە ؛ مەگەر ببینیت مەی (کەناری)
بە دۆڕاندنم بدات . هەندێکجار وابیردەکەمەوە ژیری من لە هی کەسێکی مەسیحی
یان ئاسایی پتر نییە ؛ بەڵام من زۆر گۆشتی گا دەخۆم و وا بیردەکەمەوە
ئەوە زیان بە ژیرێتیم دەگەیەنێت .

---

[7] سەردەمی (شێکسپیر) خواردن و خواردنەوە لە کۆگاوە بەناو کەلێنی دەلاقەی دەرگایەکی سەردەرەنزمدا دەهێنرایە ژوورەوە . (و.)

**سێر تۆبی**

ئەمە گومانی تێدا نییە .

**سێر ئەندرو**

من وا بیردەکەمەوە واز لە گۆشتی گا بهێنم . سێر تۆبی ،

من سبەی دەگەڕێمەوە ماڵەوە .

**سێر تۆبی**

بۆچی ، ئەی سوارچاکی خۆشەویستم ؟

**سێر ئەندرو**

"بۆچی" چییە ، واتە بیکەم یان نەیکەم ؟ خۆزگە ئەو کاتەی خۆم

کە لە شمشێربازی و سەماکردن و ورچ هەڵپەراندنم بەسەر بردووە

لە فێربوونی زمانم بەسەر بردبوایە . ئۆه ، بریا بە دوای هونەر کەوتبووام !

**سێر تۆبی**

جا ئەوسا پرچی سەرت نازدار دەبوو .

**سێر ئەندرو**

بۆچی ، ئەرێ ئەوە قژی سەرمی چاك دەكردەوە ؟

**سێر تۆبی**

ئەوە گومانی تیدا نییە ؛ تۆ دەزانیت قژت بە شێوەی سروشتی لوول نابێت .

**سێر ئەندرو**

بەڵام من ئەو جۆرە پرچەم لێدێت ، وا نییە؟

**سێر تۆبی**

ئای کە نازدارە ؛ دەڵێی تاڵی کەتانە و بە تەشییەوە شۆڕبۆتەوە ، هیوادارم ببینم

کابانێك تۆ بخاتە نێوان لینگەکانی خۆیەوە و قژت بۆ بڕێسێت .

**سێر ئەندرو**

بەراستی ، من سبەی دەچمەوە ماڵ ، سێر تۆبی . کچە براکەت

نابینرێت ، ئەگەریش بینرا ، ئەو بەرێژەی چوار بۆ یەك منی ناوێت ؛

ئەو میرەی لەم نزیکانەیە بۆ خۆی دەیەوێت خوازبێنی بکات .

**سێر تۆبی**

ئەو میرەکەی ناوێت ؛ ئەو کەسی ناوێت لە سەرووی ئاستی خۆیەوە

بێت ، نە لە سامان ، نە لە تەمەن و نە لە ژیری ؛ من بەخۆم گوێم لێی بووە

سوێندی بۆ ئەمە خواردووە . پیاو ، هێشتا ئومێدی تێدا ماوە .

**سێر ئەندرو**

مانگێکی تریش لێرە دەمێنمەوە . من کەسێکی خاوەن بیرکردنەوەیەکی

سەیرم لەم دنیایەدا ؛ من حەزم لە ئاهەنگی دەمامکدار و بەزم و رەزمە
هەندێکجاریش هەموویان پێکەوە .

**سێر تۆبی**

ئەرێ تۆ لەو شتە پووچانەدا باشیت ، ئەی سوارچاك ؟

**سێر ئەندرو**

وەکو هەر کەسێکی(ئیلیریا)م ، هەر کێ بێت ، لە خوارەوەی ئاستی
مندا بێت ؛ بەڵام من لەگەڵ کەسانی شارەزا و بەتەمەن خۆم بەراورد ناکەم.

**سێر تۆبی**

تۆ چەند نایابیت لە سەمای (گالیارد)[8] ، ئەی سوارچاك ؟

**سێر ئەندرو**

ئەوەی راستی بێت ، من دەتوانم لە سەماکردندا وەکو بیبەر و بەهاراتخواردوو لەخۆم هەڵدەم .

**سێر تۆبی**

منیش دەتوانم بیبەر و بەهارات بەسەر گۆشت کاوڕدا بکەم .

**سێر ئەندرو**

وا بزانم من وەکو هەر کەسێکی دیکەی (ئیلیریا) لە بازدان
بۆ پشتەوە بە هێزم .

**سێر تۆبی**

بۆ ئەم بەهرانەت دەشاریتەوە ؟ بۆچی پەردە بەسەر ئەم
بەهرانەت دا دەدەیت ؟ ئاخۆ دەتەوێت وەکو وێنەی (خاتوو مۆڵ)
تۆزیان لێ بنیشێت ؟ بۆچی بە سەمای خێرا ناچیتە کڵێسا و
بە سەمای گورجیش ناگەڕێیتەوە ماڵ ؟ ئەگەر وەکو تۆ ئاوا سەمام
بزانیبوایە ، رێکردنی ئاسایی من بە سەما دەبوو. تۆ
مەبەستت چییە ؟ ئایا دنیا هی ئەوەیە شتی وا چاکی تیا بشاریتەوە ؟
من بە پێکهاتەی نایابی قاچەکانت دەزانم ، ئەوان لە ژێر تیشکی
ئەستێرەی سەماکەرەوە خوڵقاون .

**سێر ئەندرو**

وایە ، قاچم بەهێزن ، یەگجار بەباشیش دەکەونە جوولە لەناو
گۆرەوی رەنگ زەرددا . ئەرێ بەزم و رەزمێك رێك بخەین ؟

**سێر تۆبی**

ئەرێ چی دیکە بکەین ؟ ئەرێ ئێمە لە ژێر کەلووی گادا لە دایك نەبووین ؟[9]

---

[8] (گالیارد) جۆرە سەمایەکی خێرایە وەکو شایی (سووسکەیی) کوردەواری خۆمان . (و.).

**سێر ئەندرو**

کەلووی گا ؟ ئەو کەلووە کار لە لاتەنیشتەکان و دڵ دەکات .

**سێر تۆبی**

نەخێر ، گەورەم ؛ ئەو کار لە قاچ و ران دەکات . با سەمای لە خۆهەڵدانت ببینم . ها ، بەرزتر ! ها ، ها ، جوان و نازدارە !

(دەڕۆن)

## دیمەنی چوارەم

کۆشکي میر

(ڤالانتاین لەگەڵ ڤایۆلا کە جلی پیاوانی لەبەرە دێنە ژوورەوە)

**ڤالانتاین**

ئەگەر میر لەو چاکانەی خۆی لەگەڵ تۆ بەردەوام بێت ، سێزاریۆ ،

رەنگە تۆ زۆر بەرەوپێش بچیت ؛ ئەو تەنیا ماوەی سێ

رۆژە تۆی ناسیووە ، لەگەڵیا هەست بە نامۆیی ناکەیت .

**ڤایۆلا**

یان تۆ لەوە دەترسیت سەلیقەی بگۆڕێت یان لەوەی من کەمتەرخەم بم ، ئەمەش وات لێدەکات گومان لە بەردەوامی خۆشەویستییەکەی بکەیت . ئەرێ ، گەورەم ، ئەو لە چاکەکردندا کەسێکی رارایە ؟

**ڤالانتاین**

نەخێر ، باوەڕم پێ بکە .

(میر ، کوریۆ و دار و دەستەکان دێنە ناوەوە)

**ڤایۆلا**

سوپاست دەکەم . ئەوە میر دێتە ئێرە .

**میر**

هۆی ، کێ (سێزاریۆ)ی بینیووە ؟

**ڤایۆلا**

لە خزمەتت دام ، گەورەم ، لێرەم .

**میر**

بۆ ماوەیەك لەو لا بوەستن . (سێزاریۆ) ،

---

[9] مەبەست لە (کەلووی گا) ئەوەیە ئەوانەی لە ژێر ئەو کەلووەدا لە دایك دەبن بۆ بەزم و رەزم شیاون . (و.)

تۆ هەمووو شتێکی من دەزانیت ؛ من کتێبی
رۆحی نهێنی خۆمم بۆ تۆ والآ کردووه .
بۆیه ، ئەی گەنجی چاك ، هەنگاوەکانت بۆ لای ئەو بهاوێژه ؛
لێمەگەڕێ ڕێگەت پێنەدات ، لەبەر دەرگای بوەستە ،
پێیان بڵێ قاچە چەسپاوەکانت لەوێ دەڕوێن
تا ئەو کاتەی چاوت پێی دەکەوێت .

**ڤایۆلا**

بەدڵنیاییەوە ، ئەی گەورەی جوامێرم ،
ئەگەر ئەو هێندە نقوومی ناو خەمەکانی بوو بێت
وەك دەگوترێت ، ئەو هەرگیز ڕێگا بە من نادات .

**میر**

بکە هەراوهۆریا و هەمووو سنوورێکی ڕێز ببەزێنە ،
نەوەك بە دەستی بۆش و والآ بگەڕێییتەوە .

**ڤایۆلا**

وا دابنێ قسەم لەگەڵی کرد ، جا گەورەم ، چی بڵێم ؟

**میر**

ئۆه ، ئینجا سۆزی عیشقی منی بۆ ئاشکرا بکە ،
سەرسوڕماوی بکە بە دڵسۆزی ڕاستگۆیانەم بۆ ئەو !
نیشاندانی ئازارەکانم باش لە تۆ دێن :
ئەو باشتر گوێ لە تۆی گەنج دەگرێت
لەوەی لە پەیامگەیەنێکی ڕوخسار سەنگین بگرێت .

**ڤایۆلا**

باوەڕ ناکەم وابێت ، گەورەم .

**میر**

ئەی لاوی خۆشەویست ، باوەرت بێت ،
ئەوانەی تەمەنی تۆ بە پێگەیشتوو دەزانن و
تۆ بە پیاو تێدەگەن هەڵەن : لێوی (دایانا)
لووس و سوورتر نییە لەوەی تۆ ؛ دەنگە ناسکەکەت
وەکو هی خانمان ، تیژ و ناسکە ،
هەمووو ئەندامێکت بە هی ژن دەچێت .
من دڵنیام ئەستێرەی بەختت بۆ ئەم ئەرکە پێسپێردراوە
باش گونجاوە . با چوار یان پێنجێکتان لەگەڵ ئەو لاوە بن —

هەمووتان بڕۆن ، ئەگەر حەز دەکەن ، چونکە من خۆم لە باشترین
دۆخ دا دەبم کاتێك کەمترین کەسم لا بێت . تەنیا لەو کارەدا سەربکەون ،
ئێوە وەکو خودانی خۆتان بە ئازادی دەژین و دەشتوانن
سامانی ئەو بە هی خۆتان بزانن .

**ڤایۆلا**

من باشترین هەوڵ دەدەم
بۆ دڵڕاکێشانی خانمەکەت . (بە لابەلایی) کەچی قورسە ئەم کارە !
دڵی هەرکێش رابکێشم ، من خۆم دەبمە هاوسەری ئەو ئەم جارە .

(دەڕۆن)

## دیمەنی پێنجەم

مالَي (ئۆليظيا)

(ماریا و (فێستە)ی گاڵتەجار دێنە ژوورەوە)

**ماریا**

نەخێر ، یان پێم بڵێ لە کوێ بوویت ، یان من بە قەد مووێك
لێوم لێك ناکەمەوە بۆ دۆزینەوەی بیانوو بۆ تۆ ؛ خانمەکەم
لەبەر دیارنەمانت هەڵت دەواسێت .

**فێستە**

لێگەڕێ با هەڵمبواسێت . ئەوەی لەم دنیایەدا بە جوانی هەڵبواسرێت
ئەو پێویستی بەوە نییە لە ئالای دوژمنان بترسێت .

**ماریا**

واتای قسەکەتم بۆ لێك بدەرەوە .

**فێستە**

چونکە ئەو کەس نابینێت تا لێی بترسێت .

**ماریا**

وەڵامێکی سادە و جوانە . من دەتوانم پێت بڵێم ئەو قسەیە لە کوێوە
پەیدا بووە ، "لە ئالای دوژمنان ناترسێت."

**فێستە**

لە کوێوە ، (ماریا)ی خاتوونی چاك ؟

**ماریا**

لە شەڕەکاندا ؛ تۆش ئەوەندە ئازایت کە لەناو گەوجایەتییەکانی خۆتدا دەیڵێیتەوە .

**فێستە**

خوا ژیری بەوانە ببەخشێت کە هەیانە ؛ ئەوانەی گەوجیشن ،

با بەهرەکانی خۆیان بەکار بهێنن .

**ماریا**

کەچی تۆ لەبەر دیار نەبوونت بۆ ئەو ماوە درێژە هەڵدەواسرێیت ؛

یانیش دەردەکرێیت – ئەرێ هەڵواسین تارادەیەك بۆ تۆ چاك نییە ؟

**فێستە**

زۆرێك لە هەڵواسینی چاك رێگری دەکات لە هاوسەرگیری خراپ ؛

جا بۆ مەسەلەی دەرکردنیشم ، با هاوین وا بکات بەرگەی بگرم .

**ماریا**

کەواتە ، تۆ هەر لەسەر قسەنەکردنی خۆت سووریت ؟

**فێستە**

نە ئاوا و نە ئاوایش ؛ بەڵام من لەسەر دوو خاڵ سوورم .

**ماریا**

جا ئەگەر یەکێکیان پسا ، ئەوەی تر دەمێنێتەوە ؛ ئەگەر هەردووکیشیان پچڕان ،

دەرپێکەت دەکەوێتە خوارەوە .

**فێستە**

بەجێیە ، بەراستی ، قسەکەت بەجێیە ! تۆ بڕۆ لای کاری خۆتەوە ؛ جا ئەگەر

(سێر تۆبی)وازی لە خواردنەوە هێنا ، تۆ لە هەموو (ئیلیریا)دا باشترین هاوسەر

دەبیت بۆ ئەو.

**ماریا**

کڕ بە ، هەی خوێڕی ، چی دیکە قسەی وا مەکە . ئەوا خانمەکەم دێتە ئێرە . بۆ تۆ

وا باشترە بیانووێکی ژیرانە بدۆزیتەوە .

(دەڕوات)

(ئۆلیڤیا و مالڤۆلیۆ دێنە ناوەوە)

**فێستە**

ئەی ژیری ، با بە ویستی تۆ بێت ، من بخەرە ناو گاڵتەجاڕییەکی چاکەوە ! ئەو

کەسە ژیرانەی وا دەزانن تۆیان هەیە زۆرجاران دەیسەلمێنن کە گێلن ؛ منیش کە دڵنیام

تۆم نییە رەنگە بە کەسێکی ژیر دابنرێم . ئەرێ "کویناپالۆس" چی دەڵێت ؟

"واباشترە گێلێکی ژیر بیت نەك ژیرێکی گێل ." ئەی خوا بەرخوردارت بکات ، خانمەکەم !

**ئۆلیڤیا**

ئەو گێلە ببەنە دەرەوە .

**فێستە**

برادەران ، ئەوە گوێتان لێ نییە؟ ئەو خانمە ببەنە دەرەوە .

**ئۆلیڤیا**

قسەی بێمانا مەکە ، تۆ گێلێکی وشکیت ؛ من چی دیکە تۆم ناوێت . وێڕای ئەوەش تۆ بەرە بەرە نادڵسۆز دەبیت .

**فێستە**

خانمەکەم ، دوو چەوتی هەن کە خواردنەوە و ئامۆژگاری باش چاکیان دەکاتەوە ؛ خواردنەوە بدە گێلە وشکەکە ، ئینجا ئەو چیتر بە وشکی نامێنێتەوە . داوا لە کەسی نادڵسۆز بکە خۆی چاك بکاتەوە : ئەگەر چاك بۆوە ، ئەو چی دیکە نادڵسۆز نییە ؛ ئەگەر نەیتوانی ، با پینەچی چاکی بکاتەوە . هەرشتێك چاك کرابێتەوە تەنیا پینە کراوە ؛ چاکەی هەموارکراو تەنیا پینەکردنی گوناهە ، گوناهی هەموارکراویش تەنیا پینەی چاکەی لێدراوە . ئەگەر ئەم وتووێژە لۆجیکییە سادەیە سوودی هەبوو ، باشە ؛ ئەگەر نەبوو ، چار چییە ؟ چونکە تاقە چارەی گەوادی کارەساتە ، جا بۆیەش جوانی تەنیا گوڵێکە . خانمەکە پێیگووتن گێلەکە ببەنە دەرەوە ؛ بۆیە من دیسان پێتان دەڵێمەوە ، ئەو (خانمە) ببەنە دەرەوە .

**ئۆلیڤیا**

بەڕێز ، من داوام لەوان کرد تۆ ببەنە دەرەوە .

**فێستە**

لێك تێنەگەیشتن لە بەرزترین ئاستدا ! خانم ، "کۆچك و کڵاو کەس ناکاتە قەشە " ؛ جا لەبەرکردنی جلوبەرگی رەنگاورەنگی دەبەنگ و گاڵتەجاڕان وا ناکات مێشکیشم دەبەنگ بێت . خانمی چاك ، رێم بدە بیسەلمێنم تۆ گێلیت .

**ئۆلیڤیا**

دەتوانی بیسەلمێنیت ؟

**فێستە**

بە دەست ڕەنگینییەوە ، خانمی چاك .

**ئۆلیڤیا**

بەڵگەت بخەڕوو .

**فێستە**

بۆ ئەو مەسەلەیە دەبێت پرسیارت لێ بکەم ، خانمەکەم .
ئەی خانمە بچکۆڵە چاکەکەم ، وەڵامم بدەرەوە .

**ئۆلیڤیا**

باشه ، بەڕێز ، چونکە هیچ کارێکی ترم نییە ، پرسیارەکانت پەسند دەکەم .

**فێستە**

خانمی چاك ، بۆچی تۆ پرسەت داگرتووە ؟

**ئۆلیڤیا**

ئەی گێلی چاك ، لەبەر مردنی براکەم .

**فێستە**

خانمەکەم ، وابزانم رۆحی ئەو لە دۆزەخدایە .

**ئۆلیڤیا**

هەی گێل ، من دەزانم رۆحی ئەو لە بەهەشتدایە.

**فێستە**

خانمەکەم ، ئەوەی تۆ گێلانەتریشە ، پرسە دابگریت لەبەر ئەوەی رۆحی براکەت لە بەهەشتدایە . بەڕێزان ، ئەو گێلە ببەنە دەرەوە .

**ئۆلیڤیا**

(مالڤۆلیۆ) تۆ رات بەرامبەر ئەو گێلە چییە؟ ئەرێ ئەو باشتر نەبووە ؟

**مالڤۆلیۆ**

ئا وایە ، هەر واش بەردەوام دەبێت تا ئازاری رۆح کێشان دەیخاتە لاقەفرتێ .
نەخۆشی کە مرۆڤی ژیر دادەهێزێت ، هەمیشە وا لە گێلەکان دەکات باشتر بن .

**فێستە**

بەڕێزم ، خودا نەخۆشیت بۆ بنێرێت ، تا وەکو گێلێتییەکەت
زێدە بکات ! (سێر تۆبی) سوێند دەخوات کە وا من رێویەکی فێڵباز نیم ؛
بەلام ئەو بە دوو عانەش گرەو لەسەر ئەوە ناکات کە تۆ گێل نیت .

**ئۆلیڤیا**

(مالڤۆلیۆ) ، تۆ لە بارەی ئەمەوە چی دەڵێیت ؟

**مالڤۆلیۆ**

من سەرم لەوە سوڕماوە تۆی خانم چۆن خۆشی لە گێلێکی وا بێتام
دەبینیت ؛ ئەوێ رۆژێ ئەوم بینی گاڵتەجارێکی ئاسایی کە مێشکی لە هی
گاشەبەردێك زێتر نەبوو ئەوی بەزاندبوو . بڕوانە ، ئێستا ئەو هیچی
پێ نەماوە ؛ ئەگەر تۆ پێنەکەنیت و دەرفەتی بۆ نەرەخسێنیت ،
ئەو تەڵەی دەمی تەقیووەتەوە . من نارازیم لەوەی کەسانی ژیر بەم
جۆرە گێلانە دڵخۆش دەبن ، ئەوان لە شاگردی ئەو گیلانە زێتر نین .

**ئۆلیڤیا**

ئۆه ، (مالڤۆلیۆ) تۆ نەخۆشی خۆپەسندیت هەیە ، بۆیەش بە چێژێکی

نەخۆشانەوە تامی شت دەکەیت . ئەگەر بەخشندە بیت ، بێگوناه و
سەلیقە ساغ بیت ، ئەو شتانە بەو ساچمە بێئازارانە دەزانیت کە لە باڵندان
دەگیرێن نەك بە گوللەی تۆپ . هیچ ناوزڕاندنێك لە گێلێکی رێگەپێدراوەوە نییە ،
ئەگەرچیش ئەو تیروتوانج بهاوێژێت ؛ هەروا هیچ خراپەیەك لە قسەی پیاوی ژیردا نییە
ئەگەرچی قسەکانیشی تەنیا سەرزەنشتیکردن بن .

**فێستە**

یاخوا ، (مێرکوری)[10] بەهرەی درۆزنیت پێ ببەخشێت ، چونکە بەباشی باسی
گێلان دەکەیت !

(ماریا سەرلەنوێ دێتەوە ناوەوە)

**ماریا**

خانمەکەم ، لەبەر دەرگا خانەدانێکی گەنج وەستاوە زۆر حەز دەکات
قسەت لەگەڵدا بکات .

**ئۆلیڤیا**

لە لای میر (ئۆرسینۆ)وە هاتووە ، وایە ؟

**ماریا**

خانم ، من نازانم ؛ ئەو گەنجێکی جوانە و خەڵکێکی باشیشی لەگەڵدایە .

**ئۆلیڤیا**

کێ لە داروودەستەکەی من ئەوی لەوێ راگرتووە ؟

**ماریا**

خانمەکەم ، (سێر تۆبی) خزمی خۆت .

**ئۆلیڤیا**

تکایە ، لەوێ لا یبەن ؛ ئەو تەنیا قسەی شێتان دەزانێت .
بە نەفرەت بێت ! (ماریا دەڕوات) (مالڤۆلیۆ) تۆ بڕۆ : ئەگەر ئەو خوازبێنیکەر بێ
و لەلای (میر)ەوە هاتبێت ، پێ بڵێ نەخۆشم ، یان لە ماڵ نیم – یان هەر شتێکی تر
بۆ بەرێ کردنی ئەو . (مالڤۆلیۆ دەڕوات) بەڕێزم ، ئێستا بینیت گێلایەتیەکەت وا
کۆن دەبێت و خەڵك حەزی لێ ناکەن .

**فێستە**

خاتوونەکەم ، تۆ بەباشی قسەت بۆ ئێمە کرد ، وەك بڵێی بە ئومێدیت کوڕە گەورەکەت
گێل دەربچێت ؛ بەڵکو (جۆڤ)[11] کەللەسەری پڕ مێشك بکات ! ئەوەتا – خزمێکت وا دێتە ئێرە –

---

[10] (مێرکوری) بە پێی ئەفسانەی یۆنانی خواوەندی درۆ و تەڵەکەبازییە . (و.)

[11] (جۆڤ) واتە (جوپیتەر) و لە ئەفسانەی کلاسیکیدا ئەو دەبێتە خواوەندی خواوەندان . (و.)

ئەو کەمترین مێشکی هەیە .

(سێر تۆبی دێتە ناوەوە)

**ئۆلیڤیا**

بە ئابڕووم ، ئەو نیوە سەرخۆشە ! خزم ، ئەوەی بەر دەرگا کێیە ؟

**سێر تۆبی**

کەسێکی خانەدانە .

**ئۆلیڤیا**

کەسێکی خانەدان ! چ خانەدانێك ؟

**سێر تۆبی**

کەسێکی خانەدان لەوێیە . (نزگەری لێ دێت) ئەی نەفرەت لەو وردە ماسیە ترش و خوێکراوانە بدات ! ها چۆنیت ، سەرخۆش !

**فێستە**

ئەوە تۆیت ، (سێر تۆبی) چاك !

**ئۆلیڤیا**

خزم ، خزم ، ئەتۆ بۆچی بەو بەرەبەیانە وا پیس سەرخۆشیت ؟

**سێر تۆبی**

داوێن پیسی ! من دژایەتی داوێن پیسی دەکەم . یەکێك وا لەبەر دەرگاتە .

**ئۆلیڤیا**

ئا ، بەراست ؛ ئەو چییە ؟

**سێر تۆبی**

ئەگەر حەزی لێ بێت ، با شەیتان بێت ، من گوێ بەوە نادەم ؛ لای من باوەڕداری گرنگە . باشە ، ئەوە لای من هیچ جیاوازی نییە .

(دەڕوات)

**ئۆلیڤیا**

گێلە ، پیاوی سەرخۆش چۆنە ؟

**فێستە**

وەکو مرۆڤێکی خنکاو و گێل و شێتە : یەك پەرداخ دوای سەرگەرم بوون دەیکاتە گێل ؛ دووەمیان شێتی دەکات ؛ سێیەمیان نقوومی دەکات .

**ئۆلیڤیا**

بڕۆ بە دوای پشکنەری مردن دا بگەڕێ ، با هۆی مردنی خزمەکەمم بۆ دیار بکات ؛ چونکە ئەو گەیشتۆتە ئاستی سێیەمی سەرخۆشی ، ئەو خنکاوە ؛ بڕۆ

به دوایدا بگەڕێ .

**فێستە**

خانمەکەم ، ئەو ئێستا تەنیا گەیشتۆتە ئاستی شێتی ، جا گێل دەچێت ئاگای
لە شێت ببێت .

(دەڕوات)

(مالڤۆلیۆ دێتەوە سەر شانۆ)

**مالڤۆلیۆ**

خانم ، ئەو کوڕە گەنجەی ئەوێ سوێند دەخوات دەبێ قسەت لەگەڵدا بکات .
من پێم گوت تۆ نەخۆشیت ؛ ئەو دەڵێت ئەوە دەزانم ،
بۆیەش هاتووم قسەی لەگەڵدا بکەم . پێم گوت تۆ خەوتوویت ؛
پێدەچێت زانیاری پێش وەختەی لەو بارەیەشەوە هەبێت ،
بۆیەش هاتووە قسەت لەگەڵدا بکات . خانمەکەم ، ئایا چی تری
پێ بڵێم ؟ ئەو بەرامبەر رەتکردنەوەکانم خۆڕاگرە .

**ئۆلیڤیا**

پێی بڵێ ئەو ناتوانێت قسەم لەگەڵدا بکات .

**مالڤۆلیۆ**

وایشی پێگوتراوە ؛ ئەو دەڵێت لەبەر دەرگاکەت وەکو دارتێلای
بەر نووسینگەی (کوێخا) دەوەستێت ، دەبێتە دارتیلای راگری مێز ،
بەلام دەبێ هەر قسەت لەگەڵدا بکات .

**ئۆلیڤیا**

ئەوە چ جۆرە کەسێکە ؟

**مالڤۆلیۆ**

بۆچ ، مرۆڤە .

**ئۆلیڤیا**

چ جۆرە مرۆڤێك ؟

**مالڤۆلیۆ**

مرۆڤێکی رەفتار خراپە ؛ بتەوێت و نەتەوێت ، هەر قسەت لەگەڵدا دەکات .

**ئۆلیڤیا**

کەسایەتی و تەمەنی ئەو چۆنە ؟

**مالڤۆلیۆ**

نە ئەوەندە بە تەمەنە تا بە پیاو دابنرێت ، نە ئەوەندەش منداڵە بە کوڕ دابنرێت ؛
وەکو پۆلکەیە کە هێشتا نەبووبێتە ڤالك ، یان وەکو سێوی کاڵە کە هێشتا

نەبووبێتە سێو ؛ وەکو ئاوی دەریایە نە لە خێزاودایە و نە لە نیشتاو ، ئەو لە نێوان کورێتی و پیاوێتی دایە . ئەو زۆر قشت و ژیکەلەیە و زۆریش بە دەنگ تیژی دەدوێت ؛ مرۆڤ وا هەست دەکات هێشتا شیری دایکی لە زاریدا ماوە .

**ئۆلیڤیا**

با بێتە ژوورەوە . یاوەرژنەکەم بۆ بانگ بکە .

**مالڤۆلیۆ**

یاوەرژن ، خانمەکەم بانگت دەکات .

(دەروات)

(ماریا دێتەوە ناوەوە)

**ئۆلیڤیا**

پێچەکەم بدەرێ ؛ بیهێنە بیخەرە سەر رووم ؛

دیسان گوێ لە نێردراوانی (ئۆرسینۆ) دەگرینەوە .

(ڤایۆلا و دارودەستەکەی دێنە ناوەوە)

**ڤایۆلا**

خانمی بەرۆمەتی ئەم ماڵە ، کامەیانە ؟

**ئۆلیڤیا**

لەگەڵ من قسە بکە ؛ من لە جیاتی ئەو وەڵام دەدەمەوە . چیت دەوێت ؟

**ڤایۆلا**

ئەی جوانی هەرە پڕشنگدار و نازدار و بێ هاوتا — تکایە پێم بڵێ

ئەگەر تۆ خانمی ئەم ماڵەیت ، چونکە من هەرگیز ئەوم نەبینیووە .

من پێم ناخۆشە قسەکانم فرێ بدەمە ئەم ناوە ؛ چونکە جگە لەوەی

بە نایابی نووسراوە ، من رەنجێکی زۆریشم داوە لەبەری بکەم . ئەی

جوانە چاکەکان ، گاڵتەم پێ مەکەن ؛ من بەرامبەر بچووکترین قسە

هەستیارم .

**ئۆلیڤیا**

بەرێزم ، تۆ لە کوێوە هاتوویت ؟

**ڤایۆلا**

من ناتوانم زۆر لەوەی خوێندوومە زێتر بڵێم ، بۆیە ئەم پرسیارە

لە دەرەوەی توانای منەوەیە . ئەی کەسی ناسك و چاك ، بە ئاسایی

دڵنیام بکەرەوە ئەگەر تۆ خانمی ئەو ماڵە بیت ، تاوەکو لە قسەکانم

بەردەوام بم .

**ئۆلیڤیا**

ئەرێ تۆ ئەکتەری کۆمیدیت ؟

**ڤایۆلا**

بە هەموو دڵسۆزیەکەوە ، نەخێر ؛ کەچی سوێند بە کەڵبەی پیسی مار

دەخۆم کە وا من رۆڵی خراپ ناگێڕم . ئەرێ تۆ خانمی ئەمماڵەیت ؟

**ئۆلیڤیا**

ئەگەر بەزۆر خۆم بەسەر خۆمدا نەسەپێنم ، منم .

**ڤایۆلا**

بەدڵنیاییەوە ، ئەگەر تۆ هەو بێت ، تۆ خۆت بەزۆر بەسەر خۆتدا دەسەپێنیت ؛ چونکە ئەوەی دەبێت تۆ بیبەخشیت هی تۆ نییە گلی بدەیتەوە . بەڵام ئەمە بەشێك نییە لە ئەرکی پێ سپێردراوم . من لە ستایشکردنی تۆ بەردەوام دەبم ، ئینجا کرۆکی پەیامەکەمت پێ رادەگەیەنم .

**ئۆلیڤیا**

وەرە سەر ئەوەی گرنگە لە پەیامەکەتدا . من لە ستایشکردنەکە دەتبوورم .

**ڤایۆلا**

مخابن ، من زۆر ئازارم بە لەبەرکردنییەوە بینیووە و بە شیعریش نووسراوە .

**ئۆلیڤیا**

کەواتە ئەمە زۆر بە رواڵەت و رووکەش دەچێت ؛ تکایە با لە ناختا بمێنێتەوە . وام بیست تۆ لەبەر دەرگا زۆر بە چیڕە بوویت ، من رێگام بە تۆ دا بێیتە ناوەوە پتر لەبەر سەرسوڕمانم بوو نەك بۆ ئەوەی گوێت لێ بگرم . ئەگەر شێت نیت ، تکایە بڕۆ ، ئەگەر ئاوەزیشت هەیە ، قسەکان بە کورتی بکە ؛ ئێستا کاتی ئەوە نییە تۆ ئەوەندە قسە بێنی و بیبەیت .

**ماریا**

بەڕێزم ، ئەرێ کەشتیەکەت دەخەیتە رێ ؟ ئەوەتا رێگای رۆیشتن .

**ڤایۆلا**

نەخێر ، ئەی پاککەرەوەی ناو کەشتی ، من کەمێکی تر لێرە لەنگەر دەگرم .

(بۆ ئۆلیڤیا) با کەمێك خاتوونە شیرینە نەفرەجایەکەت هێور ببێتەوە .

**ئۆلیڤیا**

ئەوەی ناو مێشکتم پێ بڵێ .

**ڤایۆلا**

من پەیامهێنم .

**ئۆلیڤیا**

چونکە قسە و رێزلێنانەکە ئەوەندە ترسناك بوو ، دڵنیام تۆ

هەندێك بابەتی ناخۆشت هەیە پێم رابگەیەنیت . پەیامەکەت بگەیەنە .

**ڤایۆلا**

ئەوە تەنیا پەیوەندی بە تۆوە هەیە . من بۆ راگەیاندنی جەنگ نەهاتووم ، بۆ سەرپێ شۆرکردن نەهاتووم : من چڵە زەیتوونی ئاشتییم لەناو دەستدایە ؛ قسەکانم وەکو ناوەرۆکەکەی پڕن لە ئاشتی .

**ئۆلیڤیا**

کەچی تۆ بە رەقی دەستت پێکرد . تۆ چییت ؟ چیت دەوێت ؟

**ڤایۆلا**

ئەو رەقییەی لە منەوە بینرا کاردانەوەی ئەو پێشوازیە بوو
لێم کرا . من چییم و چییم دەوێت بەقەد پەردەی کچێنی
لەبەر گوێی تۆ پیرۆزن ؛ لەبەرگوێی خەڵکانی تر پیس و گڵاو .

**ئۆلیڤیا**

لەو شوێنە تەنیا جێمان بهێلن ؛ با گوێمان لەو پیرۆزییە بێت .
(ماریا و دارودەستەکە دەڕۆن) ئێستا ، گەورەم ، دەقی قسەکانتم پێ بڵێ ؟

**ڤایۆلا**

ئەی خانمی هەرە شیرین —

**ئۆلیڤیا**

رێبازێکی خۆشت گرتۆتەبەر ، دەکرێ زۆریش لەوبارەیەوە بگوترێت .
کوا دەقی پەیامەکەت ؟

**ڤایۆلا**

لەناو سینەی (ئۆرسینۆ) دایە .

**ئۆلیڤیا**

لەناو سینەیدا ! لەکامە بەشی سینەیدا؟

**ڤایۆلا**

ئەگەر بە هەمان شێوە وەڵام بدەمەوە : لە یەکەمین بەشی دڵیدایە .

**ئۆلیڤیا**

ئۆه ، من خوێندوومەتەوە ؛ پڕە لە گاورایەتی . چیترت ماوە بیڵێیت ؟

**ڤایۆلا**

خانمی چاك ، رێم بدە روخسارت ببینم .

**ئۆلیڤیا**

ئایا سەروەرەکەت هیچ راسپاردەیەکی پێت داوە تا لەگەڵ روخسارم دانوستان بکەیت ؟ ئێستا تۆ لە دەرەوەی دەقەکەت دایت ؛ بەڵام ئێمە رووپۆشەکە لادەدەین و

با وێنەکەم ببینیت . (پێچەکەی لادەبات) بەرێزم ببینە ، ئێستا ئەوە

روخساری منە . ئایا بە نازداری دروست نەکراوە ؟

**ڤایۆلا**

زۆر بە نازداری کراوە ، ئەگەر خودا هەمووی دروست کردبێت .

**ئۆلیڤیا**

بەڕێزم ، رەنگەکەی رەسەنە و ناڕوات ؛ بەرگەی رەشەبا و کەشوبا دەگرێت .

**ڤایۆلا**

روخسارت بەراستی تێکەڵەیەکە لە جوانی ، رەنگە سوور و سپییەکەی

دەستی نازدار و لێزانی سروشت لەسەری نەخشاندووە .

خانمەکەم ، تۆ دڵڕەقترین مرۆڤی زیندوو دەبیت ،

ئەگەر رێگە بدەیت ئەو جوانییانە بچنە ناو گۆڕ ،

بێ ئەوەی دانەیەکی لەبەرگیراوەی بۆ دنیا جێ بهێلیت .

**ئۆلیڤیا**

ئۆه ، بەڕێزم ، من ئەوەندە دڵڕەق نابم ؛ من لیستێکی پڕ وردەکاری

جوانی خۆم بەرەو دەرەوە بەڕێ دەخەم . لەناو ئەو لیستەمدا هەموو

بەش و پارچەیەك بە خواستی من نیشان دەکرێت : وەك ، پارچەی : دوو لێوی

یەگجار سوور ؛ پارچەی : دوو چاوی کاڵ بە پێلوەکانی سەریەوە ؛ پارچەی :

مل و گەردنێك و ئیدی بەم جۆرە . ئەرێ تۆ بۆ ئەوە نێردراویت پێمدا هەڵبڵێیت ؟

**ڤایۆلا**

من دەبینم تۆ چۆنیت : تۆ زۆر لەخۆباییت ؛

بەڵام ، ئەگەر تۆ شەیتانیش بایت ، هەر جوانیت .

گەورە و سەروەری من تۆی خۆشدەوێت — ئۆه ، ئەوینێکی وا

کە دەبێت وەڵامی بدرێتەوە ئەگەرچیش تۆ تاجی جوانی

بێ هاوتاییت لەسەردا نابێت !

**ئۆلیڤیا**

ئەو چۆن منی خۆشدەوێت ؟

**ڤایۆلا**

بە پەرستن و فرمێسکی فرەوە ،

بە ناڵەی عیشقی هەورەتریشقەیی و بە ئاخ و ئۆفی ئاگرینەوە .

**ئۆلیڤیا**

گەورەی تۆ بیروڕای من دەزانێت ؛ من ناتوانم ئەوم خۆش بوێت .

بەڵام من ئەو بە کەسێکی چاکەکار دادەنێم و دەشزانم جوامێرە ،

سامانێکی مەزنی هەیە ، گەنجێکی تازە و بێگەرده ؛
خەڵکی بە باش باسی دەکەن ، ئازاد و ڕۆشنبیر و ئازایە ،
له روخسار و شێوەدا سروشت باشی پێداوە
کەسێکی جوان و لەبارە ؛ بەڵام من ناتوانم ئەوم خۆش بوێت .
ئەو رەنگە لە مێژ بێت وەڵامی خۆی وەرگرتبێتەوە .

**ڤایۆلا**

ئەگەر من بەو جۆش و خرۆشەی خودانەکەمەوە تۆم خۆش بویستایە ،
بەو هەموو ئازار و چەرمەسەرییەوە ، بەو ژیانە مردەنییەوە ،
لەو رەتکردنەوەیەی تۆدا من هیچ واتایەك نادۆزمەوە ؛
من لێت تێنەدەگەیشتم .

**ئۆلیڤیا**

بۆچی ، جا چیت دەکرد ؟

**ڤایۆلا**

لەبەر دەرگاکەت کونجێکم لە لقی شۆڕەبی دروست دەکرد ،
لەناو ئەو ماڵەوە گازی رۆحەکەی خۆمم دەکرد ؛
شیعری دڵسۆزانەم لەبارەی ئەو عیشقە گاڵتەپێکراوە دەنووسی
لەناو جەرگەی شەودا بە گۆرانی ئەو شیعرانەم دەچڕی ؛
هاواری ناوی تۆم بۆ گردە زایەڵەدارەکان دەکرد ،
وام دەکرد چرپە بڵقاوییەکانی هەوا
هاوار بکەنەوە "ئۆلیڤیا!" ئۆه ، نەمدەهێشت تۆ
لەناو توخمەکانی هەوا و خاك دا پشوو بدەیت
تا بەزەییت پێمدا دەهاتەوە !

**ئۆلیڤیا**

رەنگە تۆ زۆر شت بکەیت .
ئەرێ رێ و رەچەڵەکت چییە؟

**ڤایۆلا**

لەسەرووی رەوشی ئێستامەوەیە ، کەچی رەوشەکەم چاکە :
من لە رەچەڵەکی خانەدانانم .

**ئۆلیڤیا**

بگەڕێوە لای خودانی خۆت .
من ناتوانم ئەوم خۆش بوێت ؛ با چی دیکە خەڵك نەنێرێت –
مەگەر تەنیا لەوانەیە تۆ بتەوێت بێیتەوە لام

تا پێم بڵێیت چۆن ئەو قسەیەمی وەرگرت . خوات لەگەڵ .
سوپاس بۆ ماندووبوونت؛ (کیسەیەك پارە بە ڤایۆلا دەدا) ئەوەش بۆ خاتری من خەرج بکە .

**ڤایۆلا**

خانمەکەم ، من پەیامهێنی بەپارە نیم ؛ کیسەکەت هەڵگرەوە ؛
خودانی من ، نەك خۆم ، پێویستی بە قەرەبووکردنەوە هەیە .
خودا دڵی ئەو کەسەی تۆ خۆشت دەوێت وەکو بەردەستێ ڕەق بکات ؛
کڵپەی دڵیشت وەکو هی خودانم جۆش بگرێ ، بەوەی
گاڵتە بە ئەوینی ئەو دەکرێ ! خوا حافیز ، ئەی جوانی دڵڕەق .

(دەڕوات)

**ئۆلیڤیا**

"رێ و رەچەڵەکت چییە؟"
"لەسەرووی رەوشی ئێستامەوەیە ، کەچی رەوشەکەم چاکە :
من لە رەچەڵەکی خانەدانانم . " سوێند دەخۆم تۆ وایت ؛
زمانت ، روخسارت ، دەست و پەلت ، رەفتارت ، رۆحت ،
دروشمی پێنج قاتی بە تۆ دەبەخشن . یەگجار وا بەپەلەش نا ! لەسەرخۆ! لەسەرخۆ!
خودانەکەی ئەو لە چاو ئەم خزمەتکارە . ئەوە چۆن بوو !
ئاوا خێرا مرۆڤ تووشی پەتا دێت ؟
وا بزانم وا هەست دەکەم نایابی ئەو گەنجە
بە ئەسپاییەکی نادیار و ناسکەوە
دەخزێتە ناو چاوەکانم . باشە ، لێگەڕێ با وا بێت .
ئەوە لە کوێیت ، مالڤۆلیۆ !

(مالڤۆلیۆ دێتەوە سەر شانۆ)

**مالڤۆلیۆ**

ئەوە لێرەم ، لە خزمەتت دام .

**ئۆلیڤیا**

بڕۆ بەدوای ئەو پەیامهێنە بە گێچەڵە را بکە ،
پیاوی میرەکە ، بە خۆشیم بێ یان ناخۆشی ،
ئەم ئەنگوستیلەیەی ، لێرە جێ هێشت. پێی بڵێ من نامەوێت .
پێی بڵێ با خودانەکەی هان نەدات ،
هەروەها هیچ هیوایەکیشی پێ نەدات ؛ من بۆ ئەو نابم .
ئەگەر ئەو گەنجە سبەی بێرە دا هات ،
من هۆی ئەوەی پێ دەڵێم . ئادەی ، مالڤۆلیۆ ، راکە .

**مالڤۆليۆ**

وا دەكەم ، خانمەكەم .

(دەڕوات)

**ئۆليڤيا**

ئێستا من نازانم چی دەكەم و هەر لەمەیشە ترسانم

یەگجار بە خراپی مێشكم هەڵدەخەڵەتێنن چاوەكانم .

ئەی چارەنووس ، هێزی خۆت دەربخە : ئێمە هیچمان لە دەستدا نییە ؛

چیمان بۆ نووسراوە هەر دەبێت روو بدات ؛ جا ئەوە چییە یان چی نییە !

(دەڕوات)

## پەردەی دووەم

### دیمەنی یەكەم

كەناری دەریا

(ئەنتۆنیۆ و سێباسچیان دێنە ژوورەوە)

**ئەنتۆنیۆ**

ناتەوێت زیاتر بمینێیتەوە ؛ ناشتەوێت من لەگەڵتا بێم ؟

**سێباسچیان**

نا ، تكایە ، نا . ئەستێرەی بەختم لە سەر سەرم بە تاریكی دەردەكەوێت ؛

رەنگە خراپی چارەنووسم زیان بە تۆش بگەیەنێت ؛ بۆیە من

حەز دەكەم رێم بدەیت من بە تەنیا ئەو خراپیانە بەخۆوە بگرم . ئەوە

چاكەدانەوەیەكی خراپە بۆ خۆشەویستیی تۆ ئەگەر تۆیان پێوە گرفتار بكەم.

**ئەنتۆنیۆ**

تەنیا لێم بگەڕێ بزانم تۆ بۆ كوێ دەچیت .

**سێباسچیان**

نا ، بەراستی ، بەڕێزەكەم ؛ ئەو گەشتەی بڕیارە بیكەم تەنیا

گەڕان و سوڕانە . بەڵام من لە تۆدا جۆرێك بێفیزی وا نایاب دەبینم

كە تۆ ناتەوێت بە خورتی ئەوەم لێ دەربهێنیت كە خۆم دەمەوێت

بیپارێزم ؛ بۆیە رەفتارەكەم وام لێدەكات خۆم بە تۆی بڵێم .

ئەنتۆنیۆ ، تۆ پێویستە ئەوە لە من بزانیت كەوا من ناوم (سێباسچیانە)،

كە پێشتر گوتبووم (رۆدریگۆ)یە ؛ باوكم ئەو (سێباسچیان)ەی شاری

(مێسالین)ە كە من دەزانم تۆ دەربارەی ئەوت بیستووە . ئەو لە دوای خۆی

من و خوشكێكی بەجێهێشت ، هەردووكمان لە یەك كاتژمێردا هاتینە دنیا ؛ ئەگەر ئاسمان پێیخۆشبوایە ، خۆزگە پێكەوە بمردایانیایە ! بەڵام ، گەورەم ، تۆ ئەوەت گۆڕی ؛
چونكە چەند كاتژمێرێك بەر لەوەی تۆ من لەناو جەرگەی دەریا رزگار بكەیت خوشكەكەم خنكا .

**ئەنتۆنیۆ**

مخابن بۆ ئەو رۆژە !

**سێباسچیان**

بەڕێزم ، ئەو خانمێك بوو ، ئەگەرچی دەیانگووت زۆر بە من دەچێت ،
كەچی زۆر لە من جوانتر بوو ؛ ئەگەرچی من ئەوەندە دوور ناڕۆم و
باوەڕ بەو جۆرە قسانە لە بارەی جوانی ئەوەوە بكەم ، كەچی تا ئەوەندە من
ئازایانە رایدەگەیەنم : ئەو خاوەن مێشكێك بوو كە كەسانی حەسوودیش پێیان وابوو
نایابە . ئەو ئێستا خنكاوە ، بەڕێزم ، لە ناو ئاوی سوێری دەریا ، ئەگەرچی لەوە دەچێت
منیش یادگاری ئەو لەناو سوێراوی تردا نقووم بكەم .

**ئەنتۆنیۆ**

گەورەم ، بمبوورە لەبەر ئەو جۆرە خزمەتگوزارییە خراپەم .

**سێباسچیان**

ئۆه ، (ئەنتۆنیۆ)ی چاك ، بمبەخشە لەبەر ماندوو كردنت .

**ئەنتۆنیۆ**

ئەگەر لەبەر خۆشەویستی خۆم بۆ تۆ نەمكوژیت ، لێمگەڕێ ببمە خزمەتكارت .

**سێباسچیان**

ئەگەر تۆ ئەوە تێك نەدەیتەوە كە كردووتە – واتە ، ئەو كەسە بكوژیت
كە رزگارت كردووە – ئەوەت لێم نەوێت . دە ئێستا خوا حافیزت بێت ؛
سینەم پڕیەتی لە دلۆڤانی ، من هێشتاش ئەوەندە نزیكم لە هەستەكانی
دایكم كە ، لە بچووكترین دەرفەتدا ، چاوەكانم چیرۆكەكانی ناخم ئاشكرا
دەكەن . من دەبێت بچمە دەرباری میر (ئۆرسینۆ) . خوا حافیز .

(دەڕوات)

**ئەنتۆنیۆ**

سۆز و بەزەیی هەموو خواكانت لەگەڵ بێت !
من زۆر دوژمنم لە ناو دەرباری (ئۆرسینۆ)دا هەیە ،
ئەگینا هەر بەم زووانە لەوێ دەمبینیەوە .
بەڵام چی دەبێت با ببێت ، من ئەوەندە تۆم خۆش دەوێت
مەترسی لام فشەیە ، هەنگاوەكانی منیش بۆ ئەوێ دەچێت .

(دەڕواتە دەرەوە)

## دیمەنی دووەم

شەقامێك

(ڤایۆلا و مالڤۆلیۆ لە دەرگای جیاوە دێنە ژوورەوە)

**مالڤۆلیۆ**

ئەرێ ئەتۆ نەبوویت ئێستا لە لای دۆتمیر (ئۆلیڤیا) بوویت ؟

**ڤایۆلا**

بەڕێزم ، هەر ئێستا لەوێ بووم ؛ بە هەنگاوی نەرمیش لەوێوە
گەیشتوومەتە ئێرە .

**مالڤۆلیۆ**

ئەو ئەم ئەنگوستیلەیەت بۆ دەگەڕێنێتەوە ، بەرێزم ؛ دەکرا تۆ ئەو ماندووبوونەت
لە کۆڵم بکردایەتەوە ، ئەگەر بە خۆت بتبردایەتەوە . سەرباری ئەوەش ، خانمەکەم دەڵێت
پێویستە تۆ گەورەکەی خۆت بگەیەنیتە دڵنیاییەکی نائومێدانە کە خاتوونی من
ئەوی ناوێت . شتێکی تریش : نابێت تۆ ئەوەندە بە توونددی جارێکی دیکە
بۆ ئەو مەسەلەیە بێیتەوە ، مەگەر تەنیا بۆ ئەوەی کاردانەوەی خودانی خۆتی
لە بارەی ڕەتکردنەوەکەوە پێ رابگەیەنیت . ها ، دەی بیگرە .

**ڤایۆلا**

خانمەکەت ئەنگوستیلەکەی لێ وەرگرتم ؛ تازە نامەوێتەوە .

**مالڤۆلیۆ**

بزانە ، بەڕێزم ، تۆ خۆت بە رووقایمی بۆیت فرێداوە ؛ خواستی ئەو وایە
واش بگەڕێندرێتەوە . جا ئەگەر ئەنگوستیلەکە ئەوە دێنێ خۆی بۆ خواربکەیتەوە
ئەوەتا لەبەر چاوت کەوتووە ؛ گەر شایەنیش نییە ، با بۆ ئەوە ببێت کە دەیدۆزێتەوە .

(دەڕوات)

**ڤایۆلا**

من هیچ ئەنگوستیلەیەکم لای ئەو جێ نەهێشتبوو ؛ ئەو خانمە مەبەستی چییە ؟
خوا بکات چارەنووس وا نەکات روخساری دەرەکیم ئەوی دڵبەند کردبێت !
بە چاکی سەیری دەکردم ؛ ئەوەی ڕاستی بێت ، تا ئەو رادەیەی
وا بزانم چاوەکانی زمانیان لە گۆکردن خستبوو ،
چونکە ئەو بە پچڕپچڕی بە داڵغەوە دەدوا .
ئەو بە دڵنیاییەوە منی خۆشدەوێت : سۆزەکەی ئەو فڕوفێڵەی دۆزیووەتەوە

تا من له ڕێگەی ئەو پەیامهێنە وشك و ڕەقەوە بۆ لای خۆی بانگهێشت بكات .
ئەو ئەنگوستیلەی خودانەكەمی ناوێ ! بۆچی ، خۆ ئەو هیچی بۆ نەناردووە .
مەسەلەكە منم . ئەگەر وابێت – وەك دەیبینم وایە –
ئەی خانمی بەسەزمان ، وا باشترە ئەو خەونێكی خۆش بوێت .
ئای خۆگۆڕین ، دەبینم تۆ شتێكی خراپیت
شەیتانی دوژمنی مرۆڤیش[12] زۆر شتی لەڕێی تۆوە پێكرا .
ئای چەند ئاسان پیاوانی بە ڕواڵەت جوانی پڕساختەكاری
جێ پەنجە و شێوەی خۆیان لەسەر دڵی مۆمینی ژنان جێ دەهێلن !
مخابن ، لاوازیمان هۆكارەكەیە ، نەك بەخۆمان !
چونكە ئێمە وا دروستكراوین ، هەرواش دەبین .
ئەمە چۆن دەكەوێتەوە ؟ خودانەكەم ئەوی زۆر خۆش دەوێت ،
منی خۆگۆڕیووی بەسەزمانیش ، خودانەكەمم یەگجار خۆش دەوێت ؛
ئەویش ، بەهەڵەداچووە ، واپێدەچێ عاشقی من بووە .
ئەوە چی لێ دێت ؟ چونكە من پیاوم ،
ڕەوشی من ئومێدبەخش نییە بۆ ئەوینداری لەگەڵ خودانەكەم ؛
جا چونكە ژنم – ئێستا مخابن بۆ ئەو ڕۆژگارە! –
ئاخۆ (ئۆلیڤیا)ی بەسەزمان چەند ئاخ و داخی بێسوود هەڵدەكێشێت !
ئاه ڕۆژگارەكە دەبێت تۆ ئەم ئاڵۆزییە بكەیتەوە نەك منی هەژار ؛
ئەوە گرێیەكی یەگجار قورسە من بیكەمەوە ، هاوار سەد هاوار !
(دەڕوات)

## دیمەنی سێیەم

مالَي (ئۆليظيا)

(سێر تۆبی و سێر ئەندرو دێنە ژوورەوە)

**سێر تۆبی**

فەرموو ، سێر ئەندرو . تا دوای نیوەشەو نەچیتە ناو نوێنەوە مانای وایە بەیانیش زوو لە نوێن دێیتە دەرەوە ؛ "بەیانیان زوو لە خەو هەڵسان تەندروستیە" تۆ دەیزانیت –

**سێر ئەندرو**

نەخێر ، بەراستی ، من نایزانم ؛ بەڵام ئەوە دەزانم درەنگ بچیتە ناو نوێن درەنگیش

---

12 مەبەست لە (دوژمنی مرۆڤ) شەیتانە . (و.)

له خەو هەڵدەستیت .

**سێر تۆبی**

ئەمە دەرەنجامێکی هەڵەیە ! من بە قەد پیاڵەی پڕ نەکراوەی مەی رقم لەوەیە. تا دوای نیوەشەو واگا بیت و دواتریش بچیتە ناو نوێن واتە بەیانی زوو واگا دەبیتەوە ؛ جا ئەوەی دوای نیوەشەو دەچێتە ناو نوێن واتە زوو دەچیتە ناو نوێن . ئاخۆ ژیانمان لە چوار رەگەز[13] پێك نەهاتووە ؟

**سێر ئەندرو**

راستە ، وا دەڵێن ؛ بەڵام لای من ئەوە زیاتر لە خواردن و خواردنەوە پێك دێت .

**سێر تۆبی**

تۆ زانایت ؛ کەواتە دەبا بخۆین و بخۆینەوە .

(ماریان)[14] ، دۆلکەیەك مەیمان بۆ بێنە .

(فێستە دێتە ژوورەوە)

**سێر ئەندرو**

ئەوا گێلەکە ، بەڕاستی ، هات.

**فێستە**

چۆنن ، دڵەکانم ! ئەرێ هەرگیز ئێوە وێنەی "هەرسێکمان"تان[15] نەبینیوە ؟

**سێر تۆبی**

بەخێر بێیت ، هەی نێرەکەر . با گۆرانییەك بڵێین ..

**سێر ئەندرو**

بەراستی ئەو گێلە دەنگێکی باشی بۆ گۆرانی گوتن هەیە . خۆزگە لە جیاتی هەبوونی چل (شلینگ)[16] من لاقی واو دەنگی وام هەبوایە بۆ گۆرانی گوتن کە ئەو گێلە هەیەتی . ئەوەی راستی بێت ، دوێنێ شەو تۆ زۆر بە جوانی گێلایەتیت دەنواند ، کاتێك تۆ باسی (پیگرۆگرۆمیتۆس)ت کرد و هەروا باسی

---

13 بەپێی روانینی سەدەکانی ناوەڕاست و تا سەردەمی (شێکسپیر)یش خەڵکی باوەڕ یان وا بوو هەموو شتێکی ئەم گەردوونە، بە مرۆڤیشەوە لەم چوار رەگەزە پێکهاتوون : خاك ، با ، ئاگر ، ئاو . کەمی و زیادی لە رێژەی هەر یەکێکیاندا جۆراوجۆری سروشت و گەردوون و بوونەوەرەکانی لێ کەوتۆتەوە . (و.)

14 (ماریان) : جۆرێکی ترە لە ناوی (ماریا) . (و.)

15 ئەمە وێنەی دوو سەرکی لە دار دروستکراو بوو کە نیشانەی مەیخانە بوو. کاتێك یەکێك سەیری ئەو دوو سەرکەی دەکرد ئەو کەسە دەبووە کەسی سێیەمی وێنەکە . (و.)

16 (شیلینگ) و (پێنس) پارەی ئینگلیزی ئەو سەردەمە بوون . (و.)

(ڤاپیان)ت کرد کاتێ ئەوان هێڵی یەکسانی هەسارەی (کویوبوس) دەبڕن ؛ بە راستی
زۆر چاك بوو . من سێ (شەش پێنس)م بۆت نارد تا بۆ دولبەرەکەت خەرجی بکەیت ؛ پێت گەیشت؟

**فێستە**

من بەخشیشەکەی تۆم خستە ناو گیرفانمەوە ؛ چونکە لووتی (مالڤۆلیۆ) دەسکی قامچی نییە و تیژە بۆ زانینی دزینی مەی . خانمەکەی من دەست پاکە و بەو پارەیە دەچینە (میرمیدۆنز) و لەوێ خواردنەوە گرانە .

**سێر ئەندرو**

نایابە ! ئەمە دوای هەموو شتێك گاڵتەیەکی چاکە . دە ئێستا گۆرانییەك بڵێ .

**سێر تۆبی**

ئا دەی ، ئەوە (شەش پێنس) لە منیشەوە بۆ تۆ . گۆرانییەکمان بۆ بڵێ .

**سێر ئەندرو**

ئەوە منیش هەمان شتت پێدەدەم ؛ ئەگەر سوارچاکێك ئەوەندە پارە —

**فێستە**

ئەرێ ئێوە حەزتان لە گۆرانییەکی درێژە، یان گۆرانیی ژیانێکی باش ؟

**سێر تۆبی**

گۆرانییەکی دڵداری ، گۆرانییەکی دڵداری .

**سێر ئەندرو**

بەڵێ ، بەڵێ ؛ من گوێ بە ژیانێکی باش نادەم .

(فێستە گۆرانی دەچڕێت)

*ئۆی خانمەکەم ، تۆ لە کوێ دەگەڕێیت و دەسوڕێیت ؟*
*ئۆه ، بمێنەوە و گوێ بگرە ؛ عاشقی راستەقینەت وا دێت ،*
*ئەو هەموو جۆرە گۆرانییەك دەزانێت .*
*چیتر گەشت مەکە ، ئەی دولبەری جوان ؛*
*گەشت کۆتایی دێت بە پێك گەیشتنی عاشقان ،*
*کوڕی هەموو کەسێکی ژیریش ئەوە دەزانێت.*

**سێر ئەندرو**

بە راستی ، نایاب بوو !

**سێر تۆبی**

جوان بوو ، جوان !

(فێستە گۆرانی دەچرێت)

*دڵداری چییە ؟ دڵداری ئەوە نییە بە دوا بخرێت ؛*
*خۆشی ئێستا پێکەنینی ئێستایی لێ پەیدا دەبێت ؛*
*ئەوەی دادێت هێشتا مسۆگەر نییە .*
*پەیدابوونی خۆشیی لە دواخستندا مەحاڵە ،*
*جا وەرە ماچم بکە ، جوانی بیست ساڵە ؛*
*گەنجی شتێکە بەرگەگرتنی بۆ نییە .*

**سێر ئەندرو**

دەنگێکی خۆشی هەیە ، وەك چۆن من سوارچاکێکی راستەقینەم .

**سێر تۆبی**

دەنگ و هەناسەکەی پەتادارە .

**سێر ئەندرو**

بەڕاستی دەنگی خۆش و هەناسەی پەتادارە .

**سێر تۆبی**

جا ئەگەر بە لووت گوێ بگریت ، بەڕاستی پەتاکە دەتگرێت . بەڵام ئەرێ وا بکەین تا ئاسمان لەبەرچاومان دەکەوێتە سووڕ و بادان ؟ ئەرێ بەزم بکەین تا کوندەبۆی شەوان بە گۆرانییەکانمان واگا بێنینەوە تا هەرسێ رۆحی جولا لەلاشەی دەربکێشێت ؟ ئەرێ وا بکەین ؟

**سێر ئەندرو**

ئەگەر منت خۆش دەوێت ، با وا بکەین . من وەکو سەگم بۆ گوێ لە گۆرانی گرتن.

**فێستە**

بە خاتوونە پاکیزەکەت ، گەورەم ، هەندێك سەگ باش دەیگرن و بەری نادەن .

**سێر ئەندرو**

بە دڵنیاییەوە . با گۆرانییەکەمان "هەی خوێڕی" بێت .

**فێستە**

مەبەستت لە "بێدەنگ بە ، تۆ ئەی خوێڕی" ، سوارچاك ؟ من ناچارم بە ئەی خوێڕی بانگت بکەم ، سوارچاك .

**سێر ئەندرو**

ئەوە یەکەم جارم نییە ناچار بم بانگ بکرێم ، خوێڕی .
دەست پێ بکە ، گێلە : وا دەست پێ دەکات "بێدەنگ بە."

**فێستە**

من هەرگیز ناتوانم دەست پێ بکەم ئەگەر بێدەنگ بم .

**سێر ئەندرو**

بەڕاستی ، جوانە ! ئادەی ، دەست پێ بکە .

(هەرسێکیان پێکەوە گۆرانی دەڵێن)

(ماریا دێتە ژوورەوە)

**ماریا**

ئەوە لێرە چ مرمیاوێکتانە ! ئەگەر خانمەکەم
(مالڤۆلیۆ)ی سەرنۆکەری بانگ نەکرد و داوای لێ نەکرد
دەرتان بکات ، هەرگیز باوەڕتان بە من نەمێنێت .

**سێر تۆبی**

خانمەکەم کەسێکی بێ بەڵێنە ، ئێمەیش سیاسەتوانین ، (مالڤۆلیۆ)ش
کەسێکی مرومۆچی خۆ تێ هەڵقورتێنە و "ئێمە سێ کەسی دڵخۆش دەبین ".
ئایا من خوێنم سوور نییە ؟ ئایا من خزمی خوێنینی ئەو نیم ؟ قسەی فش ، خانم .
(گۆرانی دەڵێت) *پیاوێك لە (بابل)دا دەژیا ، خانم ، خانم .*

**فێستە**

هەر بەراستی ، سوارچاکەکە لە گێلایەتییەکی دڵڕفێن دایە .

**سێر ئەندرو**

بەڵێ ، ئەو ئەگەر کەیفی خۆش بێت ، زۆر باش دەیکات ، منیش هەر وام ؛
ئەو بە جوانکاریەکی باشترەوە دەیکات ، بەڵام من بە سروشتی تر دەیکەم .

**سێر تۆبی** (گۆرانی دەڵێت )

لە رۆژی دوانزەهەمی بەفرانباری —

**ماریا**

بۆ خاتری خودا ، بێدەنگی !

(مالڤۆلیۆ دێتە ژوورەوە)

**مالڤۆلیۆ**

ئەری گەورەکانم ، ئەوە شێتن ؟ یان ئێوە چین ؟ ئەرێ
مێشك ، رەفتار ، رەوشتتان نییە ، بەڵکو وەکو تەنەکەچی
بەم کاتەی شەو کوتە کوتتانە ؟ ماڵی خانمەکەمتان کردۆتە مەیخانە ،
کە ئێوە بەبێ نزم کردنەوە یان داگرتنی دەنگتان

**گۆرانی پینەدۆزان دەزریکێنن ؟ ئەرێ هیچ ڕێزی شوێن و کەسەکان و کات و ساتەکە لای ئێوە نییە ؟**

**سێر تۆبی**

**بەڕێزم ، ئێمە ئاگامان لە کاتی گۆرانییەکەمان هەیە . دەمت داخە !**

**مالڤۆلیۆ**

**سێر تۆبی ، دەبێ لەگەڵت ڕاستگۆ بم . خانمەکەم داوای لێکردم پێت بڵێم کە ، ئەگەرچی ڕاتدەگرێت چونکە خزمی ئەویت ، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەو بەزم و هەرایەتدا نییە . ئەگەر تۆ بتوانیت خۆت لەو ڕەفتارە خراپەت جیا بکەیتەوە ، تۆ بەخێر بێیت بۆ ئەم ماڵە ؛ ئەگەر نا ، پێتخۆشە بچیتە لای و ماڵئاوایی لێ بکەیت ، ئەو زۆری پێخۆشە ماڵئاواییت لێ بکات .**

**سێر تۆبی** (گۆرانی دەڵێت)

***ماڵئاوا ، دڵە شیرینەکەم ، چونکە من دەبێ بچم بۆ گەشت .***

**ماریا**

**نا ، ئەی (سێر تۆبی) چاك .**

**فێستە** (گۆرانی دەڵێت)

***چاوەکانی وا دەردەخەن کۆتایی هاتبێت بێ حەوت و هەشت .***

**مالڤۆلیۆ**

**ئەرێ بەراست وایە ؟**

**سێر تۆبی** (گۆرانی دەڵێت)

***بەڵام من نامرم هەرگیز.***

**(بەردەبێتەوە)**

**فێستە** (گۆرانی دەڵێت)

***سێر تۆبی ، وا تۆ لەوێ کەوتوویت ، برای ئازیز .***

**مالڤۆلیۆ**

**ئەمە سەربەرزی زێترە بۆ تۆ .**

**سێر تۆبی** (گۆرانی دەڵێت)

***ئەرێ پێی بڵێم بڕوات لێرە ؟***

**فێستە** (گۆرانی دەڵێت)

***ئەی چۆنە خۆت نارۆی ، خێرە ؟***

**سێر تۆبی** (گۆرانی دەڵێت)

***ئەرێ داوای لێ بکەم بڕوات و لێرە نەمێنێت ؟***

**فێستە** (گۆرانی دەڵێت)

*ئۆه ، نا ، نا ، نا ، نا ، ناوێریت و ترس رۆحت دەردێنێت .*

**سێر تۆبی** (هەڵدەسێتەوە)

لە ئاوازەکە دەرچوویت ، بەڕێزم ! تۆ درۆ دەکەیت . (بۆ مالڤۆلیۆ)

ئەرێ تۆ لە سەرنۆکەرێك زێتریت لێرە ؟ ئەرێ تۆ وا بیردەکەیتەوە ، چونکە تۆ چاکپەروەریت ، نابێت لێرە چی دیکە کێك و بیرە بخورێتەوە ؟

**فێستە**

بەڵێ ، ئەرێ بە حەزرەتی (ئان) ؛ تامی جەنجەفیلی ناو بیرەش

دەم گەرم دادێنێت .

**سێر تۆبی** (بۆ فێستە)

تۆ راست دەکەیت . (بۆ مالڤۆلیۆ) بڕۆ ، بەڕێزم ، زنجیرەکەی نۆکەریت لە

چنکەنان بخشێنە .

ماریا ، دۆلکەیەك مەی بێنە !

**مالڤۆلیۆ**

خاتوو ماریا ، ئەگەر تۆ هیچ رێزی خانمەکەی منت لا هەیە و لەو ریسواییەت پێ باشترە ، تۆ نابیتە یارمەتیدەر بۆ ئەم رەفتارە بێ جێیانە ؛

ئا سوێند بەو دەستانەم ، دواتر ئەو پێی دەزانێت .

(دەڕوات)

**ماریا**

بڕۆ گوێیە زلەکانت بلەقێنەوە .

**سێر ئەندرو**

مەیدانخوازی لە کەسێك و دواتر شکاندنی بەڵێنەکە و

کردنی بە گاڵتەجاڕ، ئەوە هێندەی ئەوە چاکە

کاتێك برسیت بێت و بخۆیتەوە .

**سێر تۆبی**

بیکە ، ئەی سوارچاك . من مەیدانخوازی تۆی بۆ دەنووسم ؛ یان من

بەخۆم ئەو رقەی تۆی بە زار پێدەگەیەنم .

**ماریا**

ئەی (سێر تۆبی) خۆشەویست ، ئارامگر بە بۆ ئەمشەو ؛ چونکە کابرای گەنجی پیاوی میر ئەمڕۆ لەلای خانمەکەم بوو ، خانمەکەم زۆر نیگەرانە .

بۆ بەڕێز (مالڤۆلیۆ)یش ، ئەو بەتەنیا بۆ من لێگەرێ ؛ ئەگەر ئەوم وا نەخلەتاند و نەمکردە گاڵتەجاڕی خەڵك ، وا بیر مەکەرەوە

کەوا من مێشکی ئەوەم هەیە ڕێك و ڕاست لەناو نوێن بخەوم .
من دەزانم دەتوانم وا بکەم .

**سێر تۆبی**

پێمان بڵێ ، پێمان بڵێ ؛ شتێکمان دەربارەی ئەو پێ بڵێ .

**ماریا**

بەڕێزم ، بە حەزرەتی (مریم) ، هەندێکجار ئەو کەسێکی (پیوریتانی)[17] ڕەوشت توونده .

**سێر ئەندرو**

ئەگەر بمزانیبوایە وایە وەکو سەگ تێیم هەڵدەدا .

**سێر تۆبی**

چی ، لەبەر ئەوەی (پیوریتان)ە ؟ کوا هۆی دیار و بەرچاوت ، ئەی سوارچاك ؟

**سێر ئەندرو**

من هیچ هۆیەکی بەرچاو و دیارم نییە ، بەڵام مێشکێکی باشم هەیە .

**ماریا**

بە سەری شەیتان ، ئەو کەسێکی (پیوریتانی) نییە ، یان بەردەوام هیچ شتێك نییە جگە لەوەی ئەو کەسێکی هەلپەرستە ؛ ئەو کەرێکە تەنیا وا دەردەخات ژیرە و قسەکان لەبەر دەکات و بەبێ تێگەیشتن دەیانلێتەوە ؛ ئەمەیش وای لێکردووە بڕوا بەخۆی بێنێت ، کە وا بیر بکاتەوە ، کەسێکی هێندە پڕ و پتەوە لە شتی نایاب و جوان و گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی وابزانێت هەر کەسێك سەیری بکات خۆشی دەوێت ؛ جا من کار لەسەر ئەو لایەنەخراپەی ئەو دەکەم و تۆڵەکردنەوەکەیشم لەو دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ئەو .

**سێر تۆبی**

تۆ چی دەکەیت ؟

**ماریا**

من نامەیەکی دڵداری مانا ئاڵۆز فڕێ دەدەمە سەر ڕێگای ئەو ؛
کە لەناویدا ، بە ڕەنگی ریشی ، بە شێوەی لاقەکانی ،
ڕەوت و شێوەی ڕێکردنی ، دەربڕینی چاوەکانی ، نیوچەوانی ،
ڕوو و ڕوخساری ، بەمە باوەر دەکات بۆ خۆی ناردراوە . من
دەتوانم ڕێك وەکو خانمەکەم ، کچی براکەت ، بنووسم ؛ ئێمەیش
ئەگەر لە بیرمان نەمێنێت زەحمەتە دەسخەتەکانمان لێك جیا بکەینەوە .

**سێر تۆبی**

---

[17] کەسانی (پیوریتانی) کەسانی توو ندرەو و ڕەفتار ڕەق بوون بە تایبەتی لە مەسەلە ڕەوشتی و ئایینیەکانـدا . وشەی (پیوریتان) خۆی لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (پاکخواز) دێت . (و.)

نایابە ! بۆنی ئاین و ئۆین و فرِوفێڵ دەکەم .

**سێر ئەندرو**

منیش لە ناو لووتمدا بۆنی دەکەم .

**سێر تۆبی**

ئەو بەو نامەیەی تۆ بۆی فرێ دەدەیت ، وابیر دەکاتەوە

کە وا لە کچە براکەمەوەیە و ئەو کەوتۆتە داوی دڵداری ئەمەوە .

**ماریا**

بەڕاستی ، مەبەستی من ئەسپێکی لەو رەنگ و بابەتەیە .

**سێر ئەندرو**

جا ئێستا ئەسپەکەی تۆ ئەو دەکاتە نێرەکەر .

**ماریا**

نێرەکەر ، گومانم لەوە نییە .

**سێر ئەندرو**

ئۆھ ، وای خۆش دەبێت !

**ماریا**

دڵنیا بن ، یارییەکی شاھانەیە . دەزانم ئەو دەرمانەی من کاری خۆی لەو دەکات .

من ھەردووکتان لە شوێنێك دەشارمەوە ، واش دەکەم گێلەکە سێیەم کەس بێت ، لەو

شوێنەی نامەکەی دەدۆزێتەوە ؛ سەرنج لە لێکدانەوەکانی ئەو بدەن . جا

ئەمشەو ، برِۆنە ناو نوێن و خەون بەو رووداوەوە ببینن . خوا حافیز .

(دەرِوات)

**سێر تۆبی**

شەوت شاد ، ئەی (پێنتیسیلیا).[18]

**سێر ئەندرو**

ئەو ، لەبەرچاوی من ، ژنێکی چاکە .

**سێر تۆبی**

ئەو تانچییەکی رەسەنە ، ھەروا منیشی زۆر خۆش دەوێت ،

بەڵام سوودی چییە ؟

**سێر ئەندرو**

جاران وا بووە ، منیش خۆش ویستراوم .

**سێر تۆبی**

---

[18] (پێنتیسیلیا) شاژنی ژنە ئەمازۆنییە شەرِکەرە درِ و ھارەکان بوو . (و.)

بابخەوین ، ئەی سوارچاك . تۆ دەبوایە بۆ پارەی زێتر بتناردبوایە.

**سێر ئەندرو**

ئەگەر كچە براكەت بەدەست نەهێنم ، من رەنجەرۆ و دەسخەڕۆم .

**سێر تۆبی**

سوارچاك ، بنێرە بۆ پارەی زێتر ؛ جا گەر سەرەنجام بۆ تۆ نەبوو
پێم بڵێ یەختە .

**سێر ئەندرو**

ئەگەر واشم نەگووت ، هیچ باوەڕم پێ مەكە ؛ تۆش چۆنی وەردەگریت ، وەری بگرە .

**سێر تۆبی**

وەرە ، وەرە ، با بچین هەندێك مەی گەرم بخۆینەوە ؛ كات زۆر درەنگە بۆ چونە
ناو نوێن . وەرە ، سوارچاك ؛ وەرە ، سوارچاك .

(دەڕۆن)

## دیمەنی چوارەم

كۆشكی میر

(میر ، ڤایۆلا ، كوریۆ و خەڵكانی دی دێنە ژوورەوە)

**میر**

مۆسیقای زێترم بۆ لێدەن . هاوڕێیان ، بەیانیتان باش .
ئێستا ، (سێزاریۆ)ی چاك ، تەنیا ئەو تێفە گۆرانییە ،
ئەو گۆرانییە كۆن و دێرینەی دوێنێ شەو بیستمان ؛
هەستم كرد زۆر ئازارەكانمی كەم كردەوە ،
زێتر لەو ئاوازە سووك و دەستەواژە پڕ باق و بریقانەی
ئەم سەردەمە كە بە گورجی و رەوتی خێراوە سەرمان گێژ دەكەن .
ئادەی ، یەك تاقە بڕگەی هۆنراوە بەسە .

**كوریۆ**

ئەو لێرە نییە ، میرم خۆش بێت ، ئەوەی گۆرانی دەچڕێت .

**میر**

ئەوەی گۆرانی دەگووت كێ بوو ؟

**كوریۆ**

گەورەم ، (فێستە)ی گاڵتەجاڕ بوو ؛ ئەو گێلێكە باوكی خاتوو (ئۆلیڤیا)
زۆر دڵی پێی خۆش بوو . ئەو لە شوێنێكیماڵەكەدایە .

**میر**

بۆی بگەڕێن ، تا ئەو دێت ئاوازی گۆرانییەکە لێ بدەن .

(کوریۆ دەڕوات)

(مۆسیقا لێدەدەن)

کورە ، وەرە ئێرە . ئەگەر تۆ هەرگیز کەوتووبێتە داوی دڵدارییەوە ،

کاتێك ئازاری شیرینی ئەوین دەچێژیت منت بیر بکەوێتەوە ؛

چونکە من چۆنم هەموو عاشقێکی راستەقینە وان ،

لە هەموو سۆزێکدا بێ ئۆقرە و ناجێگیرە

جگە لە وێنەی نەگۆڕاوی ئەو بوونەوەرەی

ئەو خۆشی دەوێت . ئەرێ تۆ ئەم ئاوازەت چۆن بەدڵە ؟

**ڤایۆلا**

ئەوە دەنگدانەوەیەکی راستەقینەی ئەو هەستانەیە

کە ئەوین تیایدا لەسەر تەخت دانیشتووە .

**میر**

تۆ لێزانانە قسە دەکەیت .

گرەو لە سەر ژیانم دەکەم ، ئەگەرچی تۆ هێشتا گەنجیت ،

چاوانت گیرۆدەی جوانێك بووە کە خۆشی ویستووە ؛

وا نییە ، کوڕە ؟

**ڤایۆلا**

کەمێك وایە ، گەورەم .

**میر**

ئەو چ جۆرە ژنێکە ؟

**ڤایۆلا**

رەنگ و روخساری وەك تۆیە .

**میر**

کەواتە ، شایستەی تۆ نییە . بەڕاست ، تەمەنی چەندە ؟

**ڤایۆلا**

گەورەم لە تەمەنی تۆدایە .

**میر**

بەخوا ، یەگجار پیرە ! کەچی با ژن مێرد بە پیاوی

بە تەمەنتر بکات ؛ تا خۆی لەگەڵی بگونجێنێت ،

تبۆ ئەوەی لەگەڵ دڵە لەرەدارەکەی مێردەکەی رێك بێتەوە .

چونکە ، کورە ، هەرچەندە ئێمە بە شان و باڵی خۆماندا هەڵبڵێین ،
مەیل و حەزەکانی ئێمە لەقتر و ناجێگیرترە ،
بە تاسەتر و لەرەلەرکەرتر و زوو لەناوچوو و براوەترە ،
لەوەی ژنان .

**ڤایۆلا**

گەورەم ، من باش بیری لێ دەکەمەوە .

**میر**

وابکە دلبەرەکەت لە خۆت گەنجتر بێت ،
دەنا ئەوینەکەت ناتوانێت بەرگە بگرێت ؛
چونکە ژنان وەکو گوڵ وان ، هەرکە گوڵە نازدارەکەیان
جارێك پشکووت هەر ئەو کاتژمێرە هەڵدەوەرێت .

**ڤایۆلا**

ئەوان وان ؛ مخابن ، کە ئەوان وان !
ئەوان کاتێك بەرەو کامڵی گەشە دەکەن دەمرن !

(کوریۆ و فێستە دێنەوە سەر شانۆ)

**میر**

ئۆه ، هاورێ ، وەرە ، ئەو گۆرانییەی دوێنێ شەو بچڕە .
(سێزاریۆ) ، گوێ بگرە ؛ گۆرانییەکی کۆن و سادەیە ؛
تەشی رێس و تەونکارەکانی بەر هەتاوێ ،
لەگەڵ خانمە بێ خەمەکان کە ریسەکانیان لە گلۆڵەکانیان دەئاڵێنن ،
ئەو گۆرانییە دەڵێن ؛ بە راستی ، راستیەکی سادەی تێدایە ،
لە بارەی بێگوناهی ئەوینەوەیە ،
وەکو رۆژانی کۆن .

**فێستە**

گەورەم ، ئامادەیت ؟

**میر**

بەڵێ ، تکایە ، بیچڕە .

(مۆسیقا لێدەدرێت)

**گۆرانییەکەی فێستە**

*ئەی مردن ، دەی وەرە ، دەی وەرە ؛*

*لەناو دارەبازەی نارەوەن با بچەقم ؛*
*هەناسە ، بوەستە ، بوەستە و گیان بدەرە ،*
*من کوژراوی خانمێکی نازداری دڵڕەقم .*
*کفنە سپیەکەم ، بڕازێننەوە بە گەڵای دار تەقسوس ،*
*ئۆه ، ئامادەی بکەن بۆ من !*
*لەو مەرگە هیچ کەسێك ئەوەندە بەراستی ، سەد ئەفسوس*
*نەی چەشتووە وەکو من .*

*هیچ گوڵێك ، هیچ گوڵێکی بۆنخۆش ، ڕێ نەدەن*
*بۆ سەر دارەبازە رەشەکەم هەڵبدرێ و فڕێی بدەن ؛*
*هیچ هاوڕێیەك ، هیچ هاورێیەك با سڵاو نەکات*
*لە لاشەی هەژارم لەو جێیەی ئێسکەکانم بۆی فڕێ دەدات ؛*
*هەزاران هەزار هەنسك و ئاخ راگرن با بەس بێت*
*ئۆه ، لە شوێنێك دام بنێن*
*تا دلبەری راستگۆ و خەمبارم گۆڕەکەم نەزانێت*
*نەوەکو بێتە ئەوێ و بکەوێتە زاری و شین !*

**میر**

بیگرە ئەمەیش بۆ ماندووبوونت . (پارەی پێدەدات)

**فێستە**

گەورەم ، من ماندوو نەبووم ؛ من خۆم پێم خۆشە گۆرانی بڵێم ، گەورەم .

**میر**

کەواتە ، من بۆ پێخۆش بوونەکەت پارەکەم دا .

**فێستە**

ئەوەی راستی بێت ، گەورەم ، دەبێت بەهای خۆشی بدەیتەوە ، چ زوو و چ درەنگ .

**میر**

ئێستا رێگەم بدە با جێت بهێلم .

**فێستە**

دەبا خودای خەمناکی بتپارێزێت ؛ با بەرگدرووەکەشت کورتەکەکەت
بۆ لە ئاوریشمی رەنگ گۆڕ بۆ دروست بکات ، چونکە مێشك وەکو بەردی رەنگ گۆڕاوە .
بە دەستم بێت کەسانی وا گۆڕاو دەنێرمە ناو دەریا ، تا لای ئەوان ئیش و کارەکانیان
ببێتە هەموو شتێك ، ئامانجیشیان هەموو شوێنێك بێت : چونکە ئەمە هەمیشە

له هیچه گەشتێکی لێدەکەوێتەوە . خوا حافیز .

(فێستە دەچێتە دەرەوە)

**میر**

با هەموو ئەوانی تریش بڕۆن .

(کوریۆ و دارودەستەکان دەڕۆن)

(سێزاریۆ) جارێکی دیکەش ،

بڕۆوە لای ئەو شاژنەی دڵڕەقان .

پێی بڵێ ئەوینی من لە هی ئەم دنیایە باڵاترە ،

ئەو زەوی و زارە پیسانەی هەیەتی لای من گرنگ نییە ؛

ئەو سامانانەی خودای بەخت بە ئەوی بەخشیووە ،

پێی بڵێ ئەوانە لەلای من وەکو خواوەندی بەخت سووک و بێ بەهان ؛

کەچی ئەو پەرجوو و شای گەوهەرانەی

سروشت بەوی بەخشیووە دڵبەندی کردووم .

**ڤایۆلا**

بەڵام ، ئەگەر ئەو نەتوانێت تۆی خۆش بوێت ، گەورەم ؟

**میر**

من وەڵامی وا پەسند ناکەم .

**ڤایۆلا**

بەراستی ، بەڵام دەبێت پەسندی بکەیت .

با بڵێین خانمێك هەیە ، لەوانەیە لێرەش بێت ،

بۆ خۆشەویستی تۆ هەمان دەردی دڵی هەبێت

کە تۆ بۆ (ئۆلیڤیا)ت هەیە . تۆ ناتوانیت ئەوت خۆش بوێت ؛

تۆش وای پێ دەڵێیت. کەواتە ئەو نابێت وا وەڵام بدرێتەوە ؟

**میر**

هیچ ژنێك نییە

بتوانێت بەرگەی لێدانێکی وا بەهێزی ئەو سۆزە

بگرێت کە ئەو عیشقە دەیداتە دڵم ؛ دڵی هیچ ژنێك

هێندە گەورە نییە ئەو عیشقە بەخۆوە بگرێت ؛ ئەوان خۆڕاگرییان نییە .

مخابن ، خۆشەویستی ئەوان رەنگە پێی بگوترێت حەز و مگێز –

نەك جوولەی جگەر ، بەڵکو هی مەڵاشوو –

ئەویش تووشی مڕبوون ، لەسەر رژانەوە و بێزهاتنەوە دێت ؛

بەڵام هی من هێندەی دەریا برسییە ،

هێندەی ئەویش هەرس دەكات . بۆیە بەراورد لە نێوان
ئەو عیشقەی من و ئەوەی ژنێك بۆ منی هەیە
لەگەڵ عیشقی من بۆ (ئۆلیڤیا) مەكە.

**ڤایۆلا**

بەڵێ ، بەڵام من دەزانم –

**میر**

تۆ چی دەزانیت ، ئامان؟

**ڤایۆلا**

یەگجار بە چاكی چ عیشقێك ژن هەیانە بۆ پیاوان .
ئەوەی راستی بێت ، ئەوان دڵیان راستگۆیە وەكو هی ئێمە مانان .
باوكم كیژێكی هەبوو عاشقی پیاوێك ببوو ،
رەنگە وەكو هی من بێ بۆ بەرێزتان
ئەگەر من ژن بوام .

**میر**

ئەدی چی بەسەر هات ؟

**ڤایۆلا**

گەورەم ، هیچ . ئەو هەرگیز نەیتوانی باسی عیشقەكەی بكات ،
لێگەڕا شاراوە بێت ، وەك چۆن كرم لەناو خونچەدا،
سەركوڵمی سووری ئەو دەمژێت . ئەو لەناو بیركردنەوەدا توایەوە ؛
جا بە خەمناكییەكی سەوز و زەرد
ئەو وەكو پەیكەری ئارامگرتن لەسەر پایەیەك دانیشتیبوو
بە خەم و خەفەت پێدەكەنی . ئایا ئەمە عیشق نەبوو بە ڕاستی ؟
ئێمەی پیاو رەنگە زێتریش بڵێین ، سوێندیش بخۆین ، بەڵام بە راستی
خۆ دەرخستنی ئێمە لە هەست و ویستمان پتڕن ؛ كەچی ئێمە بە بەڵێنەكانمان
دەمانەوێت زێتر ئەوە بسەلمێنین ، كاتێك لە كورتی دەدات ئەوینەكانمان .

**میر**

كوڕم ، ئاخۆ خوشكەكەت لەبەر عیشقەكەی سەری نایەوە ؟

**ڤایۆلا**

من هەموو ئەو كیژانەی ماڵی باوكی خۆمم ،
هەروەها هەموو براكانیش هەر بە خۆمم – كەچی ناشزانم .
گەورەم ، ئەرێ بچمە لای ئەو خانمە ؟

**میر**

ئا ، ئەوە مەبەستەکەیە .
بە پەلە بڕۆ لای ئەو . ئەو گەوهەرەی پێ بدە و پێی رابگەیەنە
عیشقی من جێگرەوەی نییە ، بەرگەی رەتکردنەوە ناگرێت بێی بسەلمێنە.
(دەڕوات)

## دیمەنی پێنجەم

باخضەی (ئۆلیظیا)

(سێر تۆبی بێلچ ، سێر ئەندرو ئاگیوچیك و فابیان دێنە ژوورەوە)

**سێر تۆبی**

فەرموو بۆ ئێرە ، بەڕێز (فابیان) .

**فابیان**

بەدڵنیاییەوە ، دێم ؛ ئەگەر تۆزقاڵێکی ئەو یارییەم لە دەست بچێت با
هەتا دەمرم بە خەم و خەفەت بتلێمەوە .

**سێر تۆبی**

ئەتۆ پێت خۆش نییە وا بکەین ئەو سەگە قرچۆکە
خوێڕییە بە روون و رەوانی شەرمەزار بکەین ؟

**فابیان**

من بەمە شاگەشکە دەبم ؛ تۆ دەزانیت لەبەر یاری گەمە بە ورچ کردن لێرە
ئەو بوو منی لەبەر چاوی خانمەکە خست.

**سێر تۆبی**

تاکو تورەی بکەین ئێمە ورچ دەهێنینەوە ئێرە ؛ وای لێدەکەین
لە هەژمەتان رەش و شین دابگەڕێت — وا نەکەین ، سێر ئەندرو ؟

**سێر ئەندرو**

ئەگەر وا نەکەین ، ژیانمان بە فیرۆ چووە .
(ماریا دێتە ناوەوە)

**سێر تۆبی**

ئەوەتا نامەردە بچکۆڵەکە هات .
چۆنیت ، ئەی زێڕی هیندی !

**ماریا**

هەرسێکتان خۆتان لە پشت ئەو دەوەنەی شمشاد بشارنەوە . (مالڤۆلیۆ) بە سەر ئەم
رێچکەیەدا دێتە خوارەوە . ئەو بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لەبەر هەتاو لە وێندەر بوو خەریکی

جم و جۆڵ بوو لەگەڵ سێبەرەکەی خۆی . هەر بۆ گاڵتە و خۆشی ، تەماشای بکەن ،
چونکە من دەزانم ئەم نامەیە وای لێدەکات ببێتە گێلێکی راماو و داماو .
بۆ مەبەستی گاڵتە و رابواردنەکە بڕۆنە پاڵ یەکتر ! (کاتێك پیاوەکان خۆیان دەشارنەوە
ئەو نامەیەك فڕێ دەدات) ئێوە لەوێ بن ؛ چونکە ئەوەتا وا ئەو ماسییە خاتوونەیە دێت ،
کە دەبێت بە ختووکەدان بگیرێت .

(دەڕوات)

(مالڤۆلیۆ دێتە سەر شانۆ)

**مالڤۆلیۆ**

ئەوە بەختی باشی خۆمە ؛ بەخت هەموو شتێکە . جارێکیان (ماریا) پێی گوتم خانمەکەی
ئەو بە منەوە دڵبەندە ؛ منیش بە خۆم گوێم لێی بوو شتێکی وای گوت ، ئەگەر
یەکێکی خۆش بوێت ، دەبێت لە کردار و روخسار وەك من بێت . سەرباری ئەوەیش ،
ئەو رێزێکی زۆر بەرزترم لە هەموو ئەو کەسانەی خزمەتی ئەو دەکەن لێ دەنێت.
جا من چۆن بیر لەوە بکەمەوە ؟

**سێر تۆبی**

ئای کە خوێڕییەکی لەخۆباییە !

**فابیان**

تکایە ، بێدەنگی ! رامانەکانی وای لێدەکات ببێتە نێرە عەلەشیشێکی خۆ پف کردوو ؛
بڕوانن چۆن لە ژێر پەراموچە فشبۆوەکانی بەرەو پێش دێت !

**سێر ئەندرو**

بە رۆناکی خودا ، دەمەوێت لەو خوێرییە هەڵدەم –

**سێر تۆبی**

دەڵێم ، بێدەنگ بە .

**مالڤۆلیۆ**

دەبمە (مالڤۆلیۆ) بەگ !

**سێر تۆبی**

ئای ، خوێڕی !

**سێر ئەندرو**

گوللەی لێ بدەن ، گوللەی لێ بدەن .

**سێر تۆبی**

بێدەنگ بە ، بێدەنگ !

**مالڤۆلیۆ**

نموونەی ئەو جۆرە هاوسەرگیریە هەیە : (خانمی ستارچی) شووی

بەو خزمەتكارەی جلی بۆ ڕێك دەخستەوە كردووە .

**سێر ئەندرو**

هەی بە نەفرەت بیت ، جێزبێل ![19]

**فابیان**

ئۆه ، كڕ بن ! ئێستا ئەو بە قووڵی كەوتۆتە ناو گەمەكەوە ؛ ببینن ئەندێشەكانی چۆن پفی دەدەن .

**مالڤۆلیۆ**

دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بە سەر زەماوەندكردنم لەگەڵ ئەو ،

دەبمە پاشای سەر تەختی —

**سێر تۆبی**

وای بۆ دارلاستیكێك تا بەردێكی لە كونی چاوی بدەم !

**مالڤۆلیۆ**

داوا دەكەم داروەستەكەم بێنە دەورم ، منیش كەوا و سەڵتە ڤەدیفەییە نەخشێنراوەكەم لەبەرە ، تازەیش هەڵساوم لەسەر پێخەفی كاتی رۆژ و (ئۆلیڤیا)م بە خەوتوویی جێ هێشتووە —

**سێر تۆبی**

ئاگرباران و بەردبارانی بكەن !

**فابیان**

ئۆه ، بێدەنگ بە ، بێدەنگ !

**مالڤۆلیۆ**

جا كاتێك خوو و سەلیقەی ئەو پایەیەم دەبێت ؛ دوای تەماشاكردنێكی سەنگینانەی ئەوانەی لە دەورمن ، پێیان دەڵێم من باش پلەوپایەكەی خۆم دەزانم و پێم خۆشە ئەوانیش هی خۆیان بزانن ، ئینجا داوای (سێر تۆبی) خزمم دەكەم —

**سێر تۆبی**

كۆت و سندمی بكەن !

**فابیان**

ئۆه ، كڕ بە ، تكایە ، كڕ بە !

**مالڤۆلیۆ**

حەوت لە پیاوانی من ، لە سەر داوای من ، بەدوای ئەودا دەچن .

من كەمێك رووی خۆم گرژ دەكەم ، لەوانەشە كاتژمێرەكەم ڤورمیش بكەم ، یان یاری بە —

---

[19] جێزبێل : ناوی ژنێكی خراپە لەناو (كتێبی پیرۆز) . بەڵام وادیارە (سێر ئەندرو) ئەو ژنە بە پیاو تێگەیشتووە ، بۆیەش ناوەكەی بۆ (مالڤۆلیۆ) بەكار دێنێت .(و.)

گەوهەرە بەهادارەکەی خۆم بکەم. (تۆبی) نزیك دەبێتەوە ؛ لەویٚ ڕێز بۆ من دەنوێنێت—

**سێر تۆبی**

ئەریٚ لێگەڕێم ئەو کەسە بژیت ؟

**فابیان**

ئەگەر بە گالیسکەش بێدەنگیمان لێدەرکێشن ، کەچی هەر بێدەنگی پێویستە .

**مالڤۆلیۆ**

من دەستی خۆم ئاوەها بۆ ئەو درێژ دەکەم ، بە تەماشاکردنێکی سەنگینی

دەسەڵاتدارانەوە ڕێگا بە زەردەخەنە ئاساییەکەی خۆم دەگرم —

**سێر تۆبی**

ئاخۆ ئەوسا (تۆبی) لەناو دەمت نادات ؟

**مالڤۆلیۆ**

پێی دەڵێم "ئەی (تۆبی) خزم ، بەختی خۆم وای کرد کچە براکەت بخوازم و

ئەوەش مافی ئەوەی پێداوم لەگەڵت وا قسە بکەم ،" —

**سێر تۆبی**

چی ، چی ؟

**مالڤۆلیۆ**

"تۆ پێویستە واز لە سەرخۆش بوون بهێنیت ." —

**سێر تۆبی**

بڕۆ ، هەی خوێڕی !

**فابیان**

تکایە ، بێدەنگ بە ، ئەگینا دەماری پلانەکەمان دەپچڕێت .

**مالڤۆلیۆ**

"وێڕای ئەوەش تۆ گەنجینەی کاتی خۆت لەگەڵ

سوارچاکێکی گێل دەفەوتێنیت" —

**سێر ئەندرو**

ئەوە منم ، دڵنیا بن .

**مالڤۆلیۆ**

"کەسێکە بە ناوی (سێر ئەندرو)."

**سێر ئەندرو**

من زانیم ئەوە منم ؛ چونکە زۆر کەس بە گێل بانگم دەکەن .

**مالڤۆلیۆ**

(کاغەزێك لەسەر زەویەکە دەبینێت) ئەو کاغەزە لێرە چ دەکات ؟

(کاغەزەکە هەڵدەگرێتەوە)

**فابیان**

ئێستا کەڵەشێرەکەی دارستان لە تەڵەکە نزیك بۆتەوە .

**سێر تۆبی**

ئۆه ، بێدەنگ بە ! خۆزگە رۆحی سەلیقەداری ئەو وای لێدەکات

نامەکە بە دەنگ بخوێنێتەوە !

**مالڤۆلیۆ**

بە گیانی خۆم ، ئەمە دەسخەتی خانمەکەمە : ئەمانە رێك شێوەی

نووسینی پیتی (سی) و (یو) و (تی) ئەون ؛ ئەو ئەوها (پی) گەورە دەنووسێت .

ئەمە بە دڵنیایی دەسخەتی ئەوە و گومان لێکردنی بێمانایە.

**سێر ئەندرو**

پیتی (سی) و (یو) و (تی) ئەو . بۆچی ئەمە ؟

**مافۆلیۆ**

(دەخوێنێتەوە) "بۆ یارە نەناسراوەکەم ، ئەم نامەیە و باشترین هیوام ."

ئەمانە رێك دەستەواژەی ئەون ! رێگەم پێ بدە ، با لۆکی نامەکە بکەمەوە . هێواش !

ئەمە وێنەی (لوکریسە)یە لەسەر لۆکەکەدا ؛ خۆ هی خانمەکەمە .

دەبێ بۆ کێی ناردبێت ؟

**فابیان**

ئەمە بە سەر رۆح و جەستەیدا زاڵ دەبێت .

**مافۆلیۆ** (دەخوێنێتەوە) :

*" (جۆڤ)ی خواوەند دەزانێت ،*

*بەڵام ئەوە کێیە ؟*

*لێوی من نابزوێت ؛*

*نابێ کەس بزانێ ئەو چ کەسێیە."*

"نابێ کەس بزانێ چ کەسێیە." چی دیکە پاش ئەوە هەیە ؟ کێشی شیعرەکە ئێستا گۆڕاوە !

"نابێ کەس بزانێ چ کەسێیە." ئەی ئەگەر ئەو کەسە تۆ بوویت ، مالڤۆلیۆ ؟

**سێر تۆبی**

بە حەزرەتی (مریەم) ، تۆ دەبێ هەڵبواسرێیت ، ئەی چالەکەی پیس !

**مالڤۆلیۆ**

(دەخوێنێتەوە) *"من دەتوانم فەرمان بەوە بکەم کە بە عیشقی ئەو سەوداسەرم ؛*
*کەچی وەکو چەقۆکەی (لۆکریسە) بێدەنگی و بەبێ زمان ،*
*بە لێدانی بێ خوێن دڵم خەڵتانی خوێن دەکات ، قورِ بەسەرم ؛*
*(ئێم) . (ئۆو) . (ئەی) . (ئای) . ژیانم دێنێتە هەژان ."*

**فابیان**

مەتەڵێکی فشوفۆڵە !

**سێر تۆبی**

من دەڵێم ، چ کیژێکی نازدارە .

**مافۆلیۆ**

"(ئێم) . (ئۆو) . (ئەی) . (ئای) . ژیانم دێنێتە هەژان ."

بەڵام با یەکەمجار لەمە ورد ببمەوە ، با ببینم ، با ببینم .

**فابیان**

ئای چ ژەمێکی ژەهراوی بۆ ئەو لێناوە !

**سێر تۆبی**

ئای بە چۆن خێراییەکەوە ئەم هەڵۆیە تاوی دەداتێ !

**مالڤۆلیۆ**

"من دەتوانم فەرمان بەوە بکەم کە بە عیشقی ئەو سەوداسەرم ." بۆچی، ئەو فەرمانم پێ بکات : خۆ من خزمەتی دەکەم ؛ ئەو خانمی خۆمە . ئەمەیش روونە تەنانەت بۆ هەر مێشکێکی ئاساییش ؛ هیچ کۆسپێك لەمەدا نییە . ئەی کۆتاییەکەی — ئەم جۆرە ریزکردنە (ئەلف و بێ)ییە چ واتایەکی هەیە ؟ خۆزگە بتوانم وا بکەم ئەمە کەمێك لەگەڵ من بگونجێت . لەسەرخۆ بە ! (ئێم) . (ئۆو) . (ئەی) . (ئای) —

**سێر تۆبی**

(ئۆو) ، ئای ، با بە دڵی خۆی لێکی بداتەوە ! ئێستا ئەو لە بۆنکردنی نێچیرەکەی سارد بۆتەوە .

**فابیان**

تانجی (سۆوتەر)[20] ئێستا دەکەوێتە وەڕین ، ئەگەرچی بۆنەکەشی وەکو هی رێوی ئاسایی بێت .

**مالڤۆلیۆ**

(ئێم) — واتە (مالڤۆلیۆ) ؛ (ئێم) — بۆچی ئەوە یەکەم پیتی ناومە .

**فابیان**

---

20 تانجی (سۆوتەر) جۆرە تانجییەکی راو بوو . (و.)

نەمگوت ئەو مەتەڵەکە هەڵدێنێت ؟

کاتێك بۆن نامینێت هەستی سەگ نایاب دەبێت .

**مالڤۆلیۆ**

(ئێم) – بەڵام رێکی لە زنجیرە و بەدوای یەکداهاتندا نییە ؛

ئەمەش کاتی لێ وردبوونەوە تێك دەچێت : دەبوایە (ئەی) بوایە ، نەك (ئۆو) .

**فابیان**

هیوادارم کۆتاییەکەی بە پەتی سێدارە بهاتایە .[21]

**سێر تۆبی**

بەڵێ ، یان من بۆ خۆم لێی دەدەم تا وای لێبکەم هاوار بکات "ئۆو!"

**مالڤۆلیۆ**

ئینجا پاش ئەمە پیتی (ئای) دێت .

**فابیان**

بەڵێ ، ئەگەر تۆ چاوێکت لەلای پشتەوە هەبوایە ، لەوانە بوو بتبینیایە

چ کارەساتێك لە دواتەوە روودەدات لەوەی سامانەکانی پێش خۆت ببینیت .

**مالڤۆلیۆ**

(ئێم) . (ئۆو) . (ئەی) . (ئای) . ئەم پێکچواندنە وەکو هی پێشتر نییە ؛

کەچی ئەگەر تۆزێك گوشاری لێ بکەم ، ئەوا بۆم دەچەمێتەوە ، چونکە

هەموو پیتێکی لە ناوەکەی مندا هەیە . لەسەرخۆ بە ! لێرەوە دەبێتە پەخشان .

(دەخوێنێتەوە)

"ئەگەر ئەم نامەیە کەوتە دەستت ، بیری لێ بکەرەوە . ئەستێرەی بەختی من لە سەرووی هی تۆوەیە ؛ بەڵام لە مەزنێتی مەترسە . هەندێك کەس بە مەزنی دێنە دنیاوە ، هەندێکیش مەزنێتی بەدەست دێنن ، هەندێکیش مەزنێتیان بە سەردا فڕێ دەدرێت . بەختی تۆ دەستەکانی بۆ تۆ کردۆتەوە ؛ لێگەڕێ با خوێن و رۆحت لە ئامێزیان بگرێت ؛

جا بۆ ئەوەی خۆت لەوە رابهێنیت کە تۆ دەبیتە ئەو کەسە ، کاژی بێفیزانەی

خۆت فڕێ بدە و نرت و نوێ دەربکەوە . لەگەڵ خزمێکی من ناتەبا بە ، لەگەڵ

خزمەتکاران رەقەکار بە ؛ با وشە و واژەی پیاوانی دەوڵەت لە سەر زمانت بن ؛ خۆت

وا دەربخە کەسێکی رێزپەڕ و نائاساییت . ئەو کەسەی ئاخ و ئۆفت بۆ هەڵدەکێشێت وا

ئامۆژگاریت دەکات . ئەو کەسەت لە بیر بێت کە ستاییشی گۆرەوییە زەردەکانی کردیت ،

حەزیشی دەکرد هەمیشە خرێنکە تێك پەڕیووەکان ببەستیت . من دەڵێم ، لە بیرت بێت ،

بڕوا بکە ، تۆ بوویت بە کەسێکی پایەبەرز ئەگەر خۆت بتەوێت ؛ ئەگەر ناشتەوێت ، با من

---

[21] لە زمانی ئینگلیزیدا شێوەی پیتی (O) وەکو قوڵفانگەی پەتی سێدارە خرە . (و.)

هەر تۆ وەكو سەرنۆكەر ببینم ، هاوڕێی خزمەتكاران ، شایستەی ئەوەش نەبیت كە سەرپەنجەی بەخت بگریت . خوا حافیز . لەو كەسەوەی حەز دەكات پلەوپایە لەگەڵ تۆ ئاڵوگۆڕ بكات ،

بەختداری نابەختەوەر."

تیشكی خۆر و شوێنی بەر كراوە وا ناكەن پتر شت ببینین . ئەمە روون و ئاشكرایە . من بەخۆمەوە دەنازم ، كتێبی نووسەرە سیاسیەكان دەخوێنمەوە، سوكایەتی بە (سێر تۆبی) دەكەم، خۆم لە ئاشنا و ناسیاوە رەمەكییەكان نەناس دەكەم ، تا دەقاودەق ببم بەو كەسەی نامەكە وەسفی كردووە . من خۆم گێل ناكەم تا لێگەڕێم ئەندێشە لە خشتەم ببات ؛ چونكە هەموو بەڵگەكان ئەوەیان لێدەكەوێتەوە ، كە خانمەكەم منی خۆش دەوێت . ئەو بەم دواییانە ستاییشی گۆرەویە زەردەكانی كردم ، ستاییشی كردم كە لاقەكانم خرێنكەی تێك پەڕیوویان لێ بەستراون ؛ بەمەیش ئەو خۆشویستنی خۆی بۆ من خستە روو ، جا بە جۆرێك لە فەرمان پێكردنەوە پاڵم پێوە دەنێت ئەو خوو و خەسرەتانەم هەبێت كە خۆی حەزیان لێدەكات . من سوپاسی ئەستێرەكانم دەكەم كە وا بەختەوەرم . من سەیر و سەمەرە ، لالووت ، بەهێز ، گۆرەوی زەردپۆش ، خرێنكە تێك پەڕیوو ، تەنانەت پەلەش دەكەم لە لەبەركردن و وا دەركەوتن . سوپاس و ستاییش بۆ (جۆڤ)ی خواوەند و ئەستێرەكانم ! ئەوەتا لێرەش پاشە قسەیەك هەیە .

(دەخوێنێتەوە) " هەرچۆنێك بێت ، تۆ دەزانیت من كێم . جا ئەگەر تۆ حەزت لە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ مندا هەیە ، با لە بزەكانتدا دەربكەوێت ؛ بزەكانت زۆر جوان لە تۆ دێن . جا بۆیە لە بەردەم مندا هەمیشە بزەدار بە ، ئەی خۆشەویستی گرانبەهام . من تكات لێدەكەم ."

ئەی (جۆڤ)ی خواوەند ، سوپاست دەكەم . من بزەی بۆ دەكەم ؛ هەرچیت لە من بوێت ، من بۆ تۆی دەكەم .

(دەڕوات)

**فابیان**

من بەشی خۆم لەو یارییەدا بە مووچەیەكی خانەنشینی هەزاران هەزار پارە ناگۆڕمەوە كە شاهی ئێران پێمی بدات .

**سێر تۆبی**

من لەوانەیە لەبەر ئەو فێڵ و تەلەكەیە ئەو كیژە بخوازم .

**سێر ئەندرو**

رەنگە منیش هەروا بكەم .

**سێر تۆبی**

**جا جگە لە گاڵتەیەکی دیکەی وا ، داوای هیچ مارەییەکیشی لێ مەکەن .**

**(ماریا دێتە ناوەوە)**

**سێر ئەندرو**

**منیش هیچی دیکەی لێ داوا ناکەم .**

**فابیان**

**ئەوە راوکەری گێلان بەرەو ئێرە دێت .**

**سێر تۆبی**

**ئەرێ لێدەگەڕێیت پێت بخەمە سەر ملم؟**

**سێر ئەندرو**

**توخوا هی منیش ؟**

**سێر تۆبی**

**ئەرێ لەسەر ئازادی خۆم یاری نەردێنت لەگەڵ بکەم تا ببم بە کۆیلە و بەندەی تۆ؟**

**سێر ئەندرو**

**بە راستی ، منیش هەروام دەوێ ؟**

**سێر تۆبی**

**سەیرە ، ئەوت خستۆتە ناو خەونێکی وەهاوە کە دوای واگاهاتنەوە و نەمانی هیچ یەکێك لەو وێنانە، ئەو دەبێت شێت بێت .**

**ماریا**

**نەخێر ، بەراست پێم بڵێن ؛ ئەرێ پلانەکەم لەگەڵ ئەو سەرکەوتوو بوو ؟**

**سێر ئەندرو**

**وەکو ئاوی ژیان ! لەگەڵ مامانان !**

**ماریا**

**ئەگەر حەز بکەن دەتوانن بەرهەمی ئەو یارییە ببینن ، سەرنج لە یەکەم نزیکبوونەوەی ئەو لە خانمەکەم بدەن . ئەو بە گۆرەوی زەردەوە دێتە لای ئەم ، ئەوەش رەنگێکە خانمەکەم رقی لێیەتی ، هەروا بە خرێنکەی تێك پەڕیووەوە ، ئەو شێوازەی خانمەکەم پێی پەست دەبێت ؛ جا بزە بۆ خانمەکەم دەکات ، کە ئێستاکە زۆر نەگونجاوە بۆ سەلیقەی ئەو ، چونکە ئەو لە خەمناکی دا دەژیت ، ئەمەیش تەنیا لای ئەو سووکایەتی لێدەکەوێتەوە . ئەگەر حەز دەکەن ئەمە ببینن ، بەدوام دا وەرن .**

**سێر تۆبی**

تا بەر دەرگای دۆزەخ ، ئەی نایابترین شەیتانی فرِوفێڵ !

**سێر ئەندرو**

منیش ئەو گەشتە دەکەم .

(دەڕۆن)

## پەردەی سێیەم

### دیمەنی یەکەم

باخضەی (ئۆلیظیا)

(ڤایۆلا و فێستە بە تەپڵێکەوە دێنە ژوورەوە)

**ڤایۆلا**

هاوڕێ ، خوا تۆ و مۆسیقاکەت بپارێزێت !

ئەرێ تۆ لە رێی ئەم تەپڵەوە دەژیت ؟

**فێستە**

نەخێر ، بەرێزم ، من لە لای کلێساوە دەژیم .

**ڤایۆلا**

ئەرێ تۆ پیاوی کلێسایت ؟

**فێستە**

بەڕێزم ، شتی وا نییە : من لەتەك کلێساوە دەژیم ؛ چونکە من لەماڵەکەی خۆم دەژیم ، ماڵەکەیشم کەوتۆتە لای کلێساوە .

**ڤایۆلا**

کەواتە تۆ دەتوانیت بڵێیت شا لەلای دەرۆزەکەرەوە دەژیت ، ئەگەر دەرۆزەکەرێك لە نزیك ئەوەوە بژیت ، یان کلێسا بە تەپڵەکەی تۆوە ، ئەگەر تەپڵەکەت بکەوێتە لای کلێساوە .

**فێستە**

تۆ دەقاودەق راستت گوت ، بەڕێزم . بۆ ئەم سەردەمەمان ! رستە لەلای مێشکێکی زیرەك وەکو دەستەوانەی منداڵانە . ئای چەند ئاسانە وا بکەی رووەکەی ناوەوەی بێتە دەرەوە !

**ڤایۆلا**

راستە ، ئەمەش مسۆگەرە ؛ ئەوانەی دەتوانن بە جوانی یاری بە وشەکانەوە بکەن دەتوانن بە ئاسانی وای لێ بکەن دوو واتای هەبێت .

**فێستە**

بۆیە من ئومێدەوار بووم خوشکم ناوی نەبوایە ، بەڕێزم .

**ڤایۆلا**

بۆچی ، ئەی پیاو ؟

**فێستە**

بۆچی ، بەڕێزم ، ناوی ئەو لە وشە پێکهاتووە ؛ جا کاتێك یاری بەو وشەیە دەکرێت رەنگە وا بکات خوشکم یاری پێ بکرێت . بەڵام بەڕاستی وشەکان خوێڕین چونکە بەڵێننامەکان رووڕەشییان کردوون .

**ڤایۆلا**

هۆی ئەمە چییە ، ئەی پیاو ؟

**فێستە**

بەڕێزم ، بەراستی من ناتوانم هۆیەکەی بەبێ وشە بڵێم ، جا وشەیش وا بووینەتە درۆیاوی من پێم ناخۆشە هۆیەکەی بە وشە بسەلمێنم .

**ڤایۆلا**

مسۆگەر تۆ کەسێکی کەیفخۆشیت و گوێ بە هیچ نادەیت .

**فێستە**

وانییە ، بەڕێزم ؛ من گوێ بە هەندێك شت دەدەم ؛ بەڵام ، بەڕێزم ، من لەناخی ویژدانمەوە ، گوێ بە تۆ نادەم . ئەگەر ئەوە واتای گوێ بە هیچ شتێك نەدان بێت ، گەورەم ، هیوادارم ئەوەش وا لە تۆ بکات نادیار بیت .

**ڤایۆلا**

ئەرێ تۆ گێلەکەی خاتوو (ئۆلیڤیا) نیت ؟

**فێستە**

بەڕێزم ، بەراستی ؛ خاتوو (ئۆلیڤیا) گێلایەتی وا ناکات ؛ بەڕێزم ، ئەو تا ئەو کاتەی مێرد دەکات ، ئەو هیچ گێلێك راناگرێت ؛ جا گێلەکان وەکو مێردەکانن وەك چۆن ماسی (پیلچارد) و (هێرینگ) وەك یەکن — بەڵام مێردەکان زلترن . من بەراستی گێلی ئەو نیم ، بەڵام تێکدەری واتای وشەکانیم .

**ڤایۆلا**

بەم دواییانە تۆم لە دەرباری میر (ئۆرسینۆ) بینی .

**فێستە**

بەڕێزم ، گێلایەتی وەك خۆر بەدەوری زەویدا دەسووڕێتەوە — ئەو لە هەموو شوێنێك هەڵدێت . بەڕێزم ، من بەداخەوەم ، کە گێل چەندەی لە لای خودانەکەت بێت ئەوەندە جارەش لەلای خانمەکەم دەبێت : وابزانم من

تۆی ژیریشم لەوێ بینیووە .

**ڤایۆلا**

ها بیگرە ، ئەو پارەیە بۆ خۆت خەرج بکە .

(دراوێکی پێدەدات)

**فێستە**

لە (جۆڤ) دەپاڕێمەوە ، لە کاتی ناردنی بارە مووی داهاتووی خۆیدا ، ریشێك بۆ تۆ بنێرێت .

**ڤایۆلا**

بەڕاستی ، با پێت بڵێم ، وەختە لەتاوی نەبوونی ریشێك نەخۆش بکەوم ؛

(بەلابەلایی) ئەگەرچی نامەوێت لەسەر چەناگەم بڕوێت — ئایا خانمەکەت لە ماڵە؟

**فێستە**

ئەرێ ناکرێت جووتێك لەو پارانە منداڵێکیان ببێت ، بەڕێزم ؟

**ڤایۆلا**

بەڵێ ، ئەگەر پێکەوە بنرێن و بخرێنە ناو بەزمی کارەوە .

**فێستە**

من رۆڵی (لۆرد پانداروس)ی (فریگیا) دەبینم ، بەڕێزم ، بۆ ئەوەی

(کرێسیدا) بەو (ترۆیلەس)ە بگەیەنم . [22]

**ڤایۆلا**

تێگەیشتم ، بەڕێزم ؛ سواڵکردنێکی جوانە .

(دراوێکی تری پێدەدات)

**فێستە**

هیوادارم ، مەسەلەکە هێندە مەزن نەبێت ، بەڕێزم ، تەنیا سواڵم لە سواڵکەرێك کردووە :

(کرێسیدا) دەرۆزەکەر بوو . خانمەکەم ، لە ماڵە ، بەڕێزم . بەوانەی ناو ماڵەکە دەڵێم تۆ

لە کوێوە هاتوویت ؛ تۆ کێیت و چیشت دەوێت ئەوە لەو دیووی زانیاری منەوەیە —

لەوانە بوو بیڵێم  لە دەرەوەی "بوار"ی منەوەیە بەڵام قسەکە سواوە .

(فێستە دەڕوات)

**ڤایۆلا**

ئەو هاوڕییە ئەوەندە ژیرە تا بتوانێت رۆڵی گێل ببینێت ؛

جا بۆ گێڕانی ئەم رۆڵە بەباشی پێویستی بەجۆرێك زرنگی هەیە .

ئەو دەبێت سەرنجی سەلیقەی ئەو کەسانە بدات کە گاڵتەیان لەگەڵ دەکات ،

---

[22] لە چیرۆکە کۆنەکەدا (ترۆیلەس) (پانداروس) بەکار دێنێت بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە (کرێسیدا) ، ئەو ژنەی بە نهێنی خۆشی دەوێت . (و.)

جۆری کەسەکان ، سات و کاتی گاڵتەکردنەکەش ؛
جا وەکو هەڵۆیەکی مەشقنەدراو ، هەڵنەکووتێتە سەر هەر
نێچیرێك بکەوێتە بەر چاوی . ئەمەش مەشقێکی
پڕ رەنج و تێکۆشانە بە چەشنی هونەری کەسێکی ژیر ؛
چونکە ئەو گێلایەتییەی ئەو بە ژیری دەیخاتە روو گونجاوە ؛
کەچی کەوتنی مرۆڤی ژیر ، بۆ ناو قۆرتی گێلان ، دەریدەخات زرنگییان ناتەواوە .

(سێر تۆبی و سێر ئەندرو دێنە ناوەوە)

**سێر تۆبی**

خوا بتپارێزێت ، خانەدان !

**ڤایۆلا**

تۆش ، بەرێزم .

**سێر ئەندرو**

خۆا ئاگاهی ژتە بیت ، سەیدا .

**ڤایۆلا**

هەر وەسا ، ژتە ، ئەز ژ خزمەتێ وەدام .

**سێر ئەندرو**

بەرێزم ، هیوادارم وابێت ؛ منیش لە خزمەتی تۆ دا بم .

**سێر تۆبی**

هاتوویت بۆ دیدەنی ئەم ماڵە ؟ کچە براکەم حەز دەکات بڕۆیتە
ناوەوە ، ئەگەر حەز بکەیت سات و سەودات لەگەڵی هەبێت .

**ڤایۆلا**

من نیازم گەیشتن بە ئەوە ، بەرێزم ؛ مەبەستم ئەوەیە ، ئەو دوا مەنزلگەی
گەشتەکەمە .

**سێر تۆبی**

ڤاچەکانت تاقی بکەرەوە ، بەرێزم ؛ بیانخە جوولە .

**ڤایۆلا**

ڤاچەکانم باشتر لە خۆم تێدەگەن ، بەرێزم ، لەوەی من تێبگەم مەبەستی
تۆ چییە کە داوام لێ دەکەیت ڤاچەکانم تاقی بکەمەوە .

**سێر تۆبی**

مەبەستم ئەوەیە ، گەورەم ، بڕۆیت ، بچیتە ناوەوە .

**ڤایۆلا**

من وەڵامت دەدەمەوە بە رەوت و چوونە ژوورەوە . بەڵام ئەوا ئێمە

به دەستپێشخەری ئەوان پەکمان کەوت.

(ڤایۆلا و ماریا دێنە ژوورەوە)

ئەی خانمی هەرە خواپێداوی نازدار ، خوا بۆن و بەرامەت بەسەردا ببارێنێت !

**سێر ئەندرو**

ئەم گەنجە دەربارەوانێکی دانسقەیە — "بۆن و بەرامەت بەسەردا ببارێنێت" باشە !

**ڤایۆلا**

بابەتەکەم دەنگی نییە ، خانمەکەم ، تەنیا ئەگەر تۆ وەریبگریت و بەخۆت لێم پەسند بکەیت .

**سێر ئەندرو**

"بۆن و بەرامە" ، "وەریبگریت" ، "پەسند بکەیت" - من هەرسێکیان

لەبەر دەکەم با بۆ کاتی پێویستی ئامادەبن .

**ئۆلیڤیا**

لێگەڕێن با دەرگای باغەکە داخراو بێت و من بۆ گوێگرتن جێ بهێلن .

(هەموویان جگە لە ئۆلیڤیا و ڤایۆلا دەڕۆن)

(بۆ ڤایۆلا) بەڕێزم ، دەستتم بدەرێ .

**ڤایۆلا**

ئەمە ئەرکمە ، خاتوونەکەم ، دەبێ بە هەموو خاکەڕاییەوە خزمەتت بکەم .

**ئۆلیڤیا**

ناوت چییە ؟

**ڤایۆلا**

ئەی دۆتمیری نازدار ، ناوی خزمەتکاری تۆ (سێزاریۆ)یە .

**ئۆلیڤیا**

خزمەتکاری من ، بەرێزم ! دنیا لەو کاتەوەی ئەم جۆرە

پیاهەلگوتنە رواڵەتیەی تێدا پەیدا بوو هەرگیز خۆش نەبوو.

ئەی گەنج ، تۆ خزمەتکاری میر (ئۆرسینۆ)ی .

**ڤایۆلا**

ئەویش خزمەتکاری تۆیە ، جا خزمەتکاری ئەو دەبێ هی تۆش بێت :

خاتوون ، خزمەتکاری خزمەتکارت خزمەتکاری تۆیە .

**ئۆلیڤیا**

لە بارەی ئەو ، من بیر لەو ناکەمەوە ؛ لەبارەی بیرکردنەوەکانی ئەو ،

حەز دەکەم بیرەکانی ئەو بۆش بن نەك منیان تێدا بێت !

**ڤایۆلا**

خاتوونەکەم ، من هاتووم تا بیرە نەرم و نیانەکانی تۆ
بۆ ئەو زاخاو بدەمەوە .

**ئۆلیڤیا**

تکات لێدەکەم ، بە یارمەتی خۆت :
من داوام لێ کردیت هەرگیز باسی ئەو نەکەیت ؛
بەڵام ئەگەر خواستێکی ترت هەیە ،
من پێم خۆشترە گوێ لەمە بگرم
نەك مۆسیقای گەردوونەکان .

**ڤایۆلا**

خانمی خۆشەویستم —

**ئۆلیڤیا**

تکات لێدەکەم ، ڕێگام بدەیت . من لێرە
پاش دوا دیدارم لەگەڵ تۆ ،
ئەنگوستیلەیەکم بەدوادا ناردیت ؛ بەمەش خراپەم
لەگەڵ خۆم ، خزمەتکارەکەم ، دەترسم تۆش کرد بێت .
جا من کەوتوومەتە ژێر سایەی بڕیاردانی قورسی تۆوە ،
چونکە بە ئایین و ئۆینێکی پڕ شەرمەزاریەوە ئەوەم بەسەرتا سەپاند
کە خۆت دەیزانیت هی تۆ نییە . تۆ چۆن بیر لەمە دەکەیتەوە ؟
ئایا لای تۆ ئابڕووی من نەکەوتۆتە بەر مەترسی ،
هەموو بیرە لغاونەکراوەکانی خۆتت تێی بەرنەداوە
کە دڵێکی ڕەق بتوانێت بیری لێ بکاتەوە ؟ لای کەسێکی زرنگی وەك تۆ
بەم کارەم زۆر شت نیشاندراوە : پێچەیەکی ڕەش نەك سینەیەك ،
دڵی من لە تۆ دەشارێتەوە . جا ، با ببیستم تۆ چی دەڵێیت .

**ڤایۆلا**

من بەزەییم بە "تۆ"دا دێتەوە .

**ئۆلیڤیا**

ئەمەش هەنگاوێکی خۆشەویستی تێدایە .

**ڤایۆلا**

نەخێر ، هیچ هەنگاوێك نییە ؛ چونکە ئەمە بەڵگەیەکی ڕەمەکییە
زۆرجاران ئێمە بەزەییمان بە دوژمنانماندا دێتەوە .

**ئۆلیڤیا**

بۆچی ، کەواتە ، وابزانم کاتی ئەوە هاتووە بزە بکەوێتەوە سەر لێوم .

ئای دنیا ، چەند گونجاوە بۆ هەژار و نەدار شانازی بەخۆیەوە بکات !
ئەگەر مرۆڤ هەر ببێتە نێچیر ، ئای چەند باشترە
بکەوێتە بەردەستی شێر نەوەك هی گورگ !
(زرینگە لە کاتژمێرەکەیەوە دێت)
کاتژمێرەکە هەڵەی بەفیرۆدانی کاتم دەردەخات .
ترست نەبێت ، گەنجی چاك ، تۆ بۆ من نابیت ؛
کەچی ، هەرکە کاتی دروێنەی زرنگی و گەنجی هات ،
ژنەکەت لەوانەیە پیاوێکی راست و دروستی دەست بکەوێت .
رێگای تۆ لەوێوەیە ، بەرەو لای رۆژئاوا بکەوە رێ .
**ڤایۆلا**
جا دەبێ بەرەو خۆرئاوا بچم !
فەڕ و چاکی بەسەر سەرودڵی خانمایەتیت دا ببارێت !
تۆ ناتەوێت ، خاتوون ، هیچ شتێك لە ڕێی منەوە بە خودانەکەم بڵێیت ؟
**ئۆلیڤیا :**
بمێنەوە .
تکام وایە پێم بڵێیت تۆ رات دەربارەی من چییە ؟
**ڤایۆلا**
رام وایە تۆ بە هەڵە بیر لە خۆت دەکەیتەوە .
**ئۆلیڤیا**
ئەگەر من وا بیر بکەمەوە ، بەو شێوەیەش بیر لە تۆ دەکەمەوە .
**ڤایۆلا**
کەواتە تۆ راست بیردەکەیتەوە : من بە خۆم خۆم نیم .
**ئۆلیڤیا**
خۆزگە تۆ ئەو کەسە بوایت کە من دەمویست !
**ڤایۆلا**
خانمەکەم ، ئایا ئەوە باشتر دەبوو لەوەی کە من وام ؟
خۆزگە وا بوایە ، ئێستا من خۆم وا دەبینم گاڵتەجاڕی تۆم .
**ئۆلیڤیا**
ئای سووکایەتی لە گاڵتەجاڕی و تووڕەیی سەر لێوی
ئەودا چەند جوان خۆی دەنوێنێت!
تاوانی مرۆڤکوژی وا زووتر خۆ ناخاتە بەرچاو و روو
لە عیشق کە خۆی شاردۆتەوە : شەوی عیشق دەبێتە نیوەرۆ .

(سێزاریۆ) ، سوێند بێت بە گوڵی بەهاران ،
بە کچێنی ، ڕۆمەت ، راستی و هەموو شتان ،
سەرەڕای هەموو بە خۆوە نازینت ، من هێندە عاشقی تۆم ،
نە زرنگی و نە هزر ناتوانن سۆزەکە بشارنەوە بۆم .
بیانوو مەدۆزەرەوە لەم بابەت و جۆرە ئیش و کارە ،
چونکە من خۆم داواکاری تۆم ، تۆش رەتم بکەیتەوە ئەمجارە ؛
کەچی بیانووی خۆت بەم بیانووەی من پەلبەست بکە زوو :
عیشقی ویستراو چاکە ، بەڵام هی بەخشراو باشترە بێ سێ و دوو .

**ڤایۆلا**

بە پاکێتی و گەنجایەتی خۆم سوێندت بۆ دەخۆم ،
من یەك دڵ و یەك سینە و یەك راستیم هەیە بە خۆم ،
جا هیچ ژنێك وەکو ئەمەی نییە ، قەت هیچ کەسێکی دنیا
نابێتە خانمی ئەو دڵەم ، جگە لە خۆم بە تەنیا .
خواحافیز ، خاتوونی چاك ؛ هەرگیز جارێکی تر
من تکا بۆ فرمێسکی خودانەکەم ناکەم ئیتر .

**ئۆلیڤیا**

بەڵام وەرەوە ؛ چونکە رەنگە دڵەکەی بێتە بزاڤ و جوولان
کە رقی لەو کەسەیە ئێستا بۆی بۆتە عاشق و سەرگەردان .

(دەڕۆن)

## دیمەنی دووەم

ژووریَکی ناو ماڵی (ئۆلیظیا)

(سێر تۆبی بێڵچ و سێر ئەندرو ئاگیوچیك و فابیان دێنە ژوورەوە)

**سێر ئەندرو**

نەخێر ، سوێند بێت ، یەك ساتی تر نامێنمەوە .

**سێر تۆبی**

هۆیەکەی ، ئەی ژەهری خۆشەویست ، هۆیەکەی .

**فابیان**

تۆ دەبێت هۆیەکەیمان پێ بڵێیت ، سێر ئەندرو .

**سێر ئەندرو**

بە حەزرەتی (مریەم) ، من بە خۆم کچە براکەتم بینی زیاتر مەیل دەداتە

خزمەتكاری میر لەوەی هیچ جار بە منی دابێت ؛ من خۆم ئەوم
لەناو باغەكەدا بینی .

**سێر تۆبی**

ئایا ئەو لەو ساتەدا تۆی بینی ، كوری چاك ؟ ئەوەم پێ بڵێ .

**سێر ئەندرو**

وەك چۆن من ئێستا بەباشی ئێوە دەبینم .

**فابیان**

ئەوە بەڵگەیەكی مەزنی خۆشەویستی ئەوە بۆ تۆ .

**سێر ئەندرو**

بە روناكی خوا ! ئەرێ تۆ من بە كەر تێدەگەیت ؟

**فابیان**

من ئەمە بە یاسایی بۆ تۆ دەسەلمێنم ، گەورەم ، بە سوێندخواردنی بریاردان و
بیرکردنەوەی دروستەوە .

**سێر تۆبی**

ئەوانەش لە دەستەی سوێندخۆرە مەزنەكان بوون پێش ئەوەی (نوح)
ببێتە دەریاوان .

**فابیان**

ئەو لەبەر چاوی تۆ مەیلی دایە گەنجەكە تەنیا بۆ ئەوەی رقی
تۆ هەڵبسێنێت ، بۆ بەئاگاهێنانەوەی ئازایەتی مت بووت ، تا ئاگر
بخاتە ناو دڵت و جەرگت بسووتێنێت . تۆ ئەوسا دەبوو سڵاوت
لێی بکردایە ؛ جا بە هەندێك گاڵتەی نایاب ، كە تازە لە سكەدراون ،
تۆ دەبوایە وات لەو گەنجە بکردایە لاڵ و پاڵ بێت . ئەوە لە تۆ
چاوەڕوان دەكرا ، كەچی تۆ خۆت لەمە لادا . تۆ واتكرد كات
ئاوەزێڕی دووقاتی ئەم دەرفەتە بشواتەوە ، جا ئێستا تۆ بەرەولای
باكووری بیركردنەوەی خانمەكەم كەوتویتە گەشت ؛ تۆ لەوێ وەكو چلوورە
بە ریشی كابرای (هۆڵەندی)ەوە شۆڕ بوویتەوە ، مەگەر تۆ ئەمە لە رێگەی
كارێكی ستاییشكراوی ئازایەتی یان سیاسەتكارانەوە چاك بكەیتەوە.

**سێر ئەندرو**

ئەگەر هەر بیكەم ، ئەوا بە ئازایەتییەوە دەیكەم ، چونكە من رقم لە
سیاسەتە ؛ من پێم خۆشترە كەسێكی پیوریتانی (براون) بم نەك سیاسەتوان .

**سێر تۆبی**

چۆن ، جا دەبێت تۆ چارەنووسی خۆت لەسەر بناغەی ئازایەتی هەڵبنێیت .

داوای مەیدانخوازی لە گەنجەکەی پیاوی میر بکە بۆ شەر لەگەڵ کردن ؛ ئەو لە یانزە جێگەوە بریندار بکە . جا بەوە سەرنجی کچە براکەم رادەکێشیت ؛ هەروا لەوەش دڵنیا بە کە لە دنیادا هیچ جاردەرێکی باشتر بۆ خۆشەویستی لە ستاییشکردنی ئازایەتی پیاو لەلای ژن نییە .

**فابیان**

سێر ئەندرو ، جگە لەمە هیچ رێگایەکی تر نییە .

**سێر ئەندرو**

ئایا یەکێك لە ئێوە نامەی مەیدانخوازی من دەگەیەنێتە ئەو ؟

**سێر تۆبی**

برۆ ، بە دەستێکی جەنگاوەرانەوە بینووسە ؛ toووند و کورت بە ؛ گرنگ نییە چەند ژیرایەتی تێدایە ، مادام زمانەکەی پاراو و پڕ داهێنان بێت . چەندەی قەلەم رێت دەدات تانە و تەشەری لێ بدە ؛ ئەگەر سێ جارانیش بە راناوی تۆ و تۆ و تۆ بۆی بنووسیت ، خراپ نییە ؛ چەندەی پێت دەکرێت پێی بڵێیت درۆی لەگەڵت کردووە ، ئەوەندەی کاغەزەکە جێی تێدا دەبێتەوە ، ئەگەرچی کاغەزەکە هێندەی جێ و بالینگانی شارۆچکەی (وێر)ی ئینگلتەرا پان و پۆڕە ، بۆی دانیشە ، خەریکی بە . با رق و توورەیی زۆر لە نووسینەکەدا بێت، ئەگەرچی تۆ بە پەرامووچەی قاز دەنووسیت، گرنگ نییە . خەریکی بە .

**سێر ئەندرو**

ئێوە لە کوێ بدۆزمەوە ؟

**سێر تۆبی**

ئێمە تۆ لە کولانەکە دەدۆزینەوە . برۆ .

(سێر ئەندرو دەڕوات)

**فابیان**

ئەمە بوکەڵەیەکی گرانبەهایە بۆ تۆ ، سێر تۆبی .

**سێر تۆبی**

کورە ، من لای ئەو کەسێکی گرانبەهام — دوو هەزار دراوێکم یان نزیکەی ئەوەندەم بەو خەرج کردووە .

**فابیان**

ئێمە نامەیەکی دانسقە لەو وەردەگرین ؛ بەڵام تۆ نایگەیەنیت ؟

**سێر تۆبی**

هیچ باوەڕت پێم نەمێنێت گەر وام نەکرد ؛ بە هەر جۆرێك بێت گەنجەکە هاندەدەم وەڵامی بداتەوە . وا بزانم گا و گوریسەکانیان ناتوانن ئەو دوو کەسە لێك نزیك بکەنەوە . خۆ (ئەندرو) ، ئەگەر لەتیشی بکەیت ناتوانیت بای ئەوەندە

خوێن لە جگەری دا بدۆزیتەوە بە ڤاچی کێچێکەوە بلکێت ، هەرچییەکی تر
لە لاشەی ئەو بمینێتەوە من دەیخۆم .

**ڤابیان**

خۆ لە روخساری گەنجە دژەکەشیدا هیچ سیمایەکی دەرکەوتنی
دڵڕەقی نابینرێت .

(ماریا دێتە ناوەوە)

**سێر تۆبی**

بڕوانە لە کوێوە بچووکترینی نۆ بەچکەکانی باڵندەی فیسقە دێت .

**ماریا**

ئەگەر پێکەنینی تووندتان دەوێت و دەتانەوێت ئەوەندە پێکەنن تا
ناو سکتان دەپچڕێت ، بە دوام بکەون . ئەو گێلە (مالڤۆلیۆ) بۆتە بتپەرست ،
بۆتە کەسێکی تەواو هەڵگەڕاوە ؛ چونکە هیچ مەسیحییەك نییە بیەوێت رزگاری ببێت
بەوەی بەتەواوی باوەر بە روودانی ئەو شتە نائاساییە ئەستەمانە بهێنێت .
ئەو گۆرەوی زەردی لەپێی کردووە .

**سێر تۆبی**

ئایا خرێنکەکانیش تێك پەڕیوون ؟

**ماریا**

بە ناشیرینترین شێوەش ؛ ئەو وەکو کەسێکی لێهاتووە خۆی بەزانا بزانی و ڤوتابخانەیەك
لەناو کڵێسا بکاتەوە . وەکو بکوژ بەدوایەوە بووم . ئەو گوێڕایەڵی هەموو
خاڵەکانی نامەکە دەکات کە من بۆم فرێ دابوو تا بیخەڵەتێنم . بە جۆرێکی وا
بزە دەکات کە روخساری هێڵی زێتری لەو نەخشە نوێیەی جێگەی دوورگەکانی
(وێست ئێندیس)ی لە سەرە تێکەوتووە . ئێوە هەرگیز شتی لەو جۆرەتان
نەدیووە ؛ من بە زەحمەت خۆم پێ دەگیرێت شتی تێ نەگرم . دەزانم خانمەکەم
لێی دەدات ؛ ئەگەر وا بکات ، ئەو بزەی بۆ دەکات و بە چاکەیەکی مەزن
لێکی دەداتەوە .

**سێر تۆبی**

وەرە ، بمانگەیەنە لای ، بمانبە لای .

(دەڕۆن)

## دیمەنی سێیەم

شەقامێك

(سێباسچیان و ئەنتۆنیۆ دێنە ژوورەوە)

**سێباسچیان**

من له خۆمەوه تۆ ماندوو ناکەم ؛

بەڵام چونکه خۆشی لەو ماندوێتییه دەبینیت ،

من چیتر سەرزەنشتت ناکەم .

**ئەنتۆنیۆ**

من نەمتوانی له دوای تۆ بمێنمەوه : ئارەزووی من ،

زۆر تیژتره له شمشێری مەیدان ، هانی دام بۆ هاتن ؛ که هاتم

تەنیا هەمووی لەبەر خۆشەویستی بینینی تۆ نەبوو — ئەگەرچی

ئەوەنده زۆر بوو تا مرۆڤ بەرەو گەشتێکی درێژتر پەلکێش بکات —

بەڵکو نیگەرانی لەبارەی ئەوەی لەو گەشتەدا چییت بەسەر دێت ،

چونکه تۆ لەم ناوەدا هیچ زانیارییەکت نییه ؛ ئەمەش بۆ کەسێکی

نامۆی بێ رابەر و بێ هاورێ ، زۆرجاران ناخۆش و

نامیوانپەروەرانه دەکەوێتەوه . خۆشەویستی خۆویستم ،

پتر لەبەر ئەو نیگەرانییه پڕ ترسه ،

وا یکرد به دوات بکەوم .

**سێباسچیان**

ئەی (ئەنتۆنیۆ)ی میهرەبان ،

من ناتوانم جگه له سوپاس هیچ وەڵامێکت بدەمەوه ،

سوپاس و هەمیشەیش سوپاس ؛ جا زۆرجار چاکه کردن

بەم جۆره پێدانەوه بێ برەوه دەخرێته لاوه ؛

بەڵام ئەگەر سامانم وەکو هەستەکانم پڕ و پتەو بووان ،

دەبوایه سات و سەودای باشتر لەگەڵ تۆ بکرابوایه . چی بکەین؟

ئەرێ بچین شوێنەواره دێرینەکانی ئەم شارۆچکەیه ببینین ؟

**ئەنتۆنیۆ**

گەورەم ، سبەی دەچین ؛ وا باشتره بچین هەوارگەکەت ببینین .

**سێباسچیان**

من ماندوو نیم ، هێشتا زۆریش ماوه بۆ شەو ؛

تکام وایه ، با زاخاوی چاوەکانمان

به شوێنەوارەکان و شتی ناودار بدەینەوه

که ئەو شارەی پێ بەناوبانگه.

**ئەنتۆنیۆ**

داوای لێبوردنت لێدەکەم .
من ناتوانم بێ ترس لەم شەقامانە ڕێ بکەم :
جارێکیان لە شەرێکی دەریایی دژی کەشتییەکانی ئەم میرە
هەندێك کەتنم ئەنجام داوە ؛ بەراستی ، ئەوەندە دەنگی دایەوە ،
جا ئەگەر ، لێرە بگیرێم ، بە دەگمەن لێم دەبوردرێت .

**سێباسچیان**

ڕەنگە تۆ ژمارەیەك لە خەڵکی ئەوت کوشتبێت .

**ئەنتۆنیۆ**

خراپیەکە ئەوەندە سروشتێکی خوێناوی نییە ؛
ئەگەرچی جۆری کات و شەڕەکە
بۆ ئێمە بووە هۆی دەمەقاڵێیەکی خوێناوی .
ئەوەی ئێمە لەوانمان برد ؛ زۆربەی خەڵکی شارەکەمان
لەپێناوی سەلامەتی تێپەرینی بازرگانی پێیان دانەوە . تەنیا من وام نەکرد ؛
لەسەر ئەمە ، ئەگەر من لەم شوێنە بگیرێم ،
دەبێ بە قورسی سزای ئەو کارە بدەمەوە .

**سێباسچیان**

جا کەواتە یەگجار بە ئاشکرا پیاسە مەکە .

**ئەنتۆنیۆ**

ئەوە بۆ من ناشێت , گەورەم ، ئەوەتا جزدانەکەم ؛
لەلای خوارووی دەوروبەری شار ، لە لای خانەی (فیلەکە) ،
باشترین شوێنە بۆ تیا دانیشتن . هەرکە تۆ کات بەسەر دەبەیت و
زانیاریت پڕتر دەکەیت بە بینینی شارۆچکەکە ، من رایان دەسپێرم
بۆ ئەو خواردنەی دەمانەوێت؛ تۆ من لەوێ دەبینیتەوە .

**سێباسچیان**

بۆچی جزدانەکەت لای من بێت ؟

**ئەنتۆنیۆ**

لەوانەیە چاوانت بکەونە سەر شتێکی سەیر
حەز بکەیت بیکڕیت ؛ جا وا بزانم ، گەورەم ،
گەنجینەکەت بەشی کڕینی شتی سەرنجڕکێش ناکات .

**سێباسچیان**

من دەبمە جزدان هەڵگرت ، تۆش بۆ ماوەی کاتژمێرێك
جێ دەهێڵم .

**ئەنتۆنیۆ**

لە خانەی (فیلەکە)دا .

**سێباسچیان**

لە بیرمە .

(دەڕۆن)

## دیمەنی چوارەم

باخضةي (ئۆليظيا)

**(ئۆلیڤیا و ماریا دێنە ژوورەوە)**

**ئۆلیڤیا**

من بەدوای ئەوم دا ناردووە ؛ ئەو دەڵێت دێت .

ئاخۆ چۆن گۆڤەندێکی بۆ بکەم ؟ چی پێ ببەخشم ؟

چونکە زۆر جار باشترە گەنجەکە بکردرێت نەك لێی بپارێیتەوە یان بیخوازیت .

من پەگجار بەرز قسە دەکەم .

(مالڤۆلیۆ) لە کوێیە ؟ ئەو خەمناك و سەنگینە ،

جا ئەو بۆ خزمەتکاری کەسێك لە رەوشی مندا بێت باش گونجاوە .

(مالڤۆلیۆ) لە کوێیە ؟

**ماریا**

خانمەکەم ، ئەو وا دێت ؛ بەڵام لە شێوازێکی سەیر دایە .

دڵنیام ، خانمەکەم ، ئەو پیاوە دەستی لێ وەشێنراوە .

**ئۆلیڤیا**

بۆچی ، چی روویداوە ؟ ئایا وڕێنە دەکات ؟

**ماریا**

نەخێر ، خانمەکەم ، ئەو هیچ ناکات جگە لە بزە کردن . ئەگەر هات ، خانمایەتی بەرێزتان ، پێویستە پاسەوانتان لە دەورە بێت ؛ ئەو مرۆڤە بەدڵنیاییەوە تەختەی مێشکی کەمە .

**ئۆلیڤیا**

بڕۆ بانگی بکە بۆ ئێرە .

(ماریا دەڕوات)

منیش بە قەد ئەو شێتم بەتەواوی ،

ئەگەر شێتایەتی خەمناك و دڵخۆش چونیەك بێت ناوی .

(ماریا لەگەڵ مالڤۆلیۆ دەگەڕێتەوە)

(مالڤۆلیۆ) ، چۆنیت ؟

**مالڤۆلیۆ**

خانمی خۆشەویست ، ئهێ ، ئهێ .

**ئۆلیڤیا**

تۆ بزە دەکەیت ؟

من بۆ مەسەلەیەکی خەماوی لەدوام ناردوویت .

**مالڤۆلیۆ**

خەماوی ، خانمەکەم ؟ من دەکرێت خەماوی بم . ئەم گۆرەویە تەسکە خوێنم بەربەست دەکات ، ئەم خرێنکە تێك پەڕیووە ؛ بەڵام ئەوە چییە ؟ ئەگەر ئەمە لەبەرچاوی کەسێك جوان بێت ، ئەمە لەلای من وەکو سۆنێتە راستەقینەکەیە : "یەکێك دڵخۆش بکات ، هەمووان دڵخۆش دەکات ."

**ئۆلیڤیا**

بۆچی وات لێهاتووە ، ئەی پیاو ؟ چیت لێ قەوماوە ؟

**مالڤۆلیۆ**

لە ناو مێشکمدا خەمناك نیم ، ئەگەرچی لاقەکانم زەردن .

شتەکەم بە دەست گەیشت ، فەرمانەکانیش دەبێ جێ بەجێ بکرێن .

وا بزانم ئێمە دەسخەتە لاخوارە جوانەکە دەناسین .

**ئۆلیڤیا**

ئەرێ (مالڤۆلیۆ) دەچیتە ناو نوێن ؟

**مالڤۆلیۆ**

بۆ ناو نوێن ؟ باشە ، دلبەرەکەم ، من دێمە لات ؟

**ئۆلیڤیا**

خودا بەزەیی پێتا بێتەوە ! بۆچی تۆ ئاوا بزە دەکەیت ، دەستیشت بەم جۆرە ماچ دەکەیت ؟

**ماریا**

چۆنیت ، (مالڤۆلیۆ) ؟

**مالڤۆلیۆ**

ئاخۆ پێویستە وەڵامت بدەمەوە ؟ بەڵێ ، بولبول وەڵامی قاژوو دەداتەوە !

**ماریا**

بۆچی تۆ بەم جۆرە بوێریەوە لەپێش خانمەکەم دەرکەوتیت ؟

**مالڤۆلیۆ**

"له مەزنێتی مەترسە ." ئاوا بە باشی نووسرابوو .

**ئۆلیڤیا**

مەبەستت لەمە چییە ، (مالڤۆلیۆ) ؟

**مالڤۆلیۆ**

"هەندێك كەس بە مەزنێتی دێنە دنیاوە " —

**ئۆلیڤیا**

چی ؟

**مالڤۆلیۆ**

"هەندێكیش مەزنێتی بەدەست دێنن" —

**ئۆلیڤیا**

ئەوە تۆ چی دەڵێیت ؟

**مالڤۆلیۆ**

"هەندێكیش مەزنێتیان بە سەردا فڕێ دەدرێت ."

**ئۆلیڤیا**

خودا عەقڵت پێ بداتەوە !

**مالڤۆلیۆ**

"ئەو كەسەت لە بیر بێت كە ستاییشی گۆرەوییە زەردەكانی كردیت ،" —

**ئۆلیڤیا**

"گۆرەوییە زەردەكانت؟"

**مالڤۆلیۆ**

"حەزیشی دەكرد هەمیشە خرێنكە تێك پەڕیووەكان ببەستیت ."

**ئۆلیڤیا**

"خرێنكە تێك پەڕیووەكان ؟"

**مالڤۆلیۆ**

" بڕوا بكە ، تۆ بوویت بە كەسێكی پایەبەرز ئەگەر خۆت بتەوێت "؛ —

**ئۆلیڤیا**

من پایەبەرز بووم ؟

**مالڤۆلیۆ**

"ئەگەر ناشتەوێت ، با من هەر تۆ وەكو سەرنۆكەر ببینم ."

**ئۆلیڤیا**

سەیرە ، ئەمە رێك شێتی چلەی هاوینانە .

(خزمەتكارێك دێتە ناوەوە)

**خزمەتكار**

خاتوونەكەم ، جوامێرە گەنجەكەی میر (ئۆرسینۆ) هاتۆتەوە ؛
نەمتوانی بەرەو شوێنی خۆی رەوانەی بكەمەوە ؛ ئەو چاوەروانی
ئەوەیە خانمایەتیت كەی پێی خۆش بێت ئەو ببینی .

**ئۆلیڤیا**

من وا دێمە لای . (خزمەتكارەكە دەڕوات) (ماریا)ی چاك ، یەكێك
چاوی لەم هاوڕێیە بێت . كوا (تۆبی) خزمم ؟ با كەسێكی من
بە تایبەتی ئاگای لێی بێت ؛ من نامەوێت شتێكی خراپی بەسەر
بێت تەنانەت ئەگەر نیوەی مارەییم لە دەست بدەم .

(ئۆلیڤیا و ماریا دەڕۆن)

**مالڤۆلیۆ**

ئۆ ، هۆ ! ئێستا لێم تێدەگەیت ؟ هیچ كەسێكی خراپتر لە (سێر تۆبی)
نەدۆزییەوە ئاگای لە من بێت ! ئەمە رێك لەگەڵ نامەكە دەگونجێت : خانمەكە
ئەو بە ئەنقەست دەنێرێت ، تا من لەگەڵی تووند بم ؛ چونكە ئەو لە نامەكەدا
هانی من بۆ ئەوە دەدات . ئەو دەڵێت" كاژی بێفیزانەی خۆت فڕێ بدە ."
"لەگەڵ خزمێكی من ناتەبا بە ، لەگەڵ خزمەتكاران رەقەكار بە ؛ با وشە و
واژەی پیاوانی دەوڵەت لە سەر زمانت بن ؛ خۆت وا دەربخە كەسێكی رێزپەڕ و
نائاساییت " و ئینجا ئەو شێوازی چۆنیەتی هەڵسوكەوتەكە دیار دەكات ، وەك :
رووێكی گرژ ، روخسارێكی گران و سەنگین ، زمانێكی لەسەرخۆ ، لەسەر شێوازی
كەسێكی پایەبەرزی دیار و ئیدی ئاوا . ئەو باڵندەیەم بە سرێش گرتووە ؛ بەڵام ئەمە
كاری (جۆڤ)ی خواوەندە ، یا خوا (جۆڤ)یش وا بكات سوپاسمەند بم ! جا كە ئێستا ئەو
رۆیشت – "یەكێك چاوی لەم هاوڕێیە بێت." "هاوڕێ" نەك (مالڤۆلیۆ) و گوێشی نەدا
بە پلەوپایەی من ، بەڵكو "هاوڕێ." بۆچی، هەموو شتێك تێك دەكاتەوە و پێكەوە دەگونجێ ،
كە تۆزقاڵێك گومان ، تۆزقاڵێكی تۆزقاڵی گومان ، هیچ كۆسپ و بەربەستێك ،
هیچ رەوشێكی باوەرپێنەكراو یان نا سەلامەت نییە – چی بگوترێت ؟ هیچ شتێك
ناتوانێت بكەوێتە نێوان من و ئاسۆی تەواوی هیوا و ئومێدەكانم .
باشە ، (جۆڤ)ی خواوەند ، نەك من ، بكەری ئەو كارەیە ، جا دەبێت ستاییش و سوپاسی
ئەو بكرێت .

(ماریا لەگەڵ سێر تۆبی و فابیان دێتەوە سەر شانۆ)

**سێر تۆبی**

بۆ خاتری خوا ، ئەو لە كوێیە ؟ ئەگەر هەموو شەیتانەكانی
دۆزەخ لەناو لاشەیدا بن ، هەروا سوپایەك جنۆكە چووبنە

ناو جەستەیەوە ، من هەر قسەی لەگەڵدا دەکەم .

**فابیان**

ئەوەتا لێرەیە ، ئەوەتا لێرەیە . گەورەم ، چۆنیت ؟

**سێر تۆبی**

چۆنیت ، ئەی پیاو ؟

**مالڤۆلیۆ**

لێم دوور بکەونەوە ؛ دەرتان دەکەم . با چێژ لە تەنیاییم وەربگرم ؛ برۆن .

**ماریا**

ببینن ، شەیتانەکە چەند لە ناخی قوولایی ئەوەوە دەدوێیت ! ئەدی پێم نەگووتن ؟
(سێر تۆبی) ، خانمەکەم تکات لێدەکات ئاگات لێی بێت .

**مالڤۆلیۆ**

ئە ها ! ئەرێ بەراست تکا دەکات ؟

**سێر تۆبی**

وازبێنن ، وازبێنن ؛ بێدەنگ بن ، بێدەنگ بن ؛ دەبێ بە نەرمی لەگەڵی بجوولێینەوە .
بە تەنیا جێم بهێلن . چۆنیت ، (مالڤۆلیۆ) ؟ چیت لێ قەوماوە ؟ چییە ، پیاو ،
بەرەنگاری شەیتان بەرەوە ؛ بیربکەرەوە ، ئەو دوژمنی مرۆڤە .

**مالڤۆلیۆ**

ئەرێ تۆ دەزانیت چی دەڵێیت ؟

**ماریا**

ببینن ، کاتێك ئێوە بە خراپی باسی شەیتان دەکەن ، چۆن لە دڵی دەگرێت !
لە خوا دەپارێمەوە ئەو جادووی لێ نەکرابێت .

**فابیان**

ئاوەکەی ببەنە لای ژنە ژیرەکە .[سمیر]

**ماریا**

بە حەزرەتی (مریەم) سبەی بەیانی وا دەکەم ، ئەگەر ژیام . خانمەکەم
بە هیچ جۆرێك نایەوێت ئەوی لە دەست بچێت .

**مالڤۆلیۆ**

خاتوون ، چیتە !

---

[23] بەپێی بیروباوەڕی کۆن کە لەو رۆژگارەدا باوی مابوو ژنە ژیرەکەی کۆمەڵگا کەسێك بوو دەیتوانی لە روانینە میزی ئەو کەسەوە بزانێت ئایا کەسەکە چ نەخۆشییەکی جەستەیی یان دەروونی هەیە و دەشیتوانی کەسە نەخۆشەکە چاك بکاتەوە . (و.)

**ماریا**

ئەی خودایە !

**سێر تۆبی**

تکایە ، تۆ بێدەنگ بە ؛ ئەمە ڕێگە چارەکە نییە . ئایا نابینیت ئەو
دەوروژێنیت ؟ با من بە تەنیا لەگەڵی بم .

**فابیان**

هیچ ڕێگەیەك نییە جگە لە نەرم و نیانی – بە نەرمی ، بە نەرمی . جنۆکەکە ڕەقەکارە ،
نابێت ڕەقەکاری لەگەڵدا بکرێت .

**سێر تۆبی**

ئەرێ ، چۆنیت ، باڵندەی لە خۆبایی ! ئەرێ برادەر ، چۆنیت ؟

**مالڤۆلیۆ**

گەورەم !

**سێر تۆبی**

بەڵێ ، مریشکۆکە ، وەرە لەگەڵم . چییتە ، پیاو ، لە سەنگینی تۆ ناوەشێتەوە
وەکو منداڵ لەگەڵ شەیتان یاری بکەیت . ئەو ڕەژووفرۆشە پیسە ، هەڵواسە !

**ماریا**

وای لێ بکە نوێژ بکات ، ئەی (سێر تۆبی) چاك ، وای لێ بکە نوێژ بکات .

**مالڤۆلیۆ**

نوێژ بکەم ، هەی بەرەڵا!

**ماریا**

نەخێر ، دڵنیاتان دەکەمەوە ، ئەو حەز ناکات گوێی لە شتی خوایی بێت .

**مالڤۆلیۆ**

بڕۆن ، هەمووتان خۆتان هەڵواسن ! ئێوە کەسانی بێ ئیشی مێشك سادەن ؛
من لە ڕەگەزی ئێوە نێم ؛ دواتر شتی زێتر دەزانن .

(دەڕوات)

**سێر تۆبی**

ئەرێ ئەوە شیاوە ؟

**فابیان**

ئەگەر ئەمە لەسەر شانۆ نمایش بکرایە ، دەبوایە من وەك
شتێکی ئەندێشەیی نەشیاو ڕەخنەم لێ بگرتایە.

**سێر تۆبی**

خودی ڕۆحی ئەو تووشی پەتاکە بووە ، هەی پیاو .

**ماریا**

نەخێر ، ئێستا بەدوای بکەون ، نەوەك پەتاکە بە هەوادا بڵاوبێتەوە و تەشەنە بکات .

**فابیان**

بۆچی ، ئێمە بەڕاستی ئەو شێت دەکەین .

**ماریا**

ماڵەکە هێمنتر دەبێتەوە .

**سێر تۆبی**

وەرن ، با لە ژوورێکی تاریك دایبنێین و بیبەستینەوە . کچە براکەشم گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی ئەو شێتە . ئێمە با بەم جۆرە درێژەی پێ بدەین ، بۆ خۆشی خۆمان و پەشیمانبوونەوەی ئەو ، تا خودی ئەو بەزمەی ئێمە ، لە ماندوێتیان هەناسەی لێ دەبڕێت ، تاکو شتێك پاڵمان دەنێت بەزەییمان پێیدا بێتەوە ؛ جا کاتێك نهێنییەکە بڵاو بۆوە و گەیشتە خەڵکی بۆ بڕیاردان ، ئەوان تاجی دۆزەرەوەی کەسانی شێت بە تۆ دەبەخشن . بەڵام بڕوانن ، بڕوانن .

(سێر ئەندرو دێتە ناوەوە)

**فابیان**

بەزمێکی دی بۆ سپێدەی مانگی گوڵان[24] پەیدا بوو.

**سێر ئەندرو**

ئەوە نامەکەی مەیدانخوازی ؛ بیخوێننەوە . من دڵنیاتان دەکەمەوە ترش و خوێ و بەهاراتێکی باشی تێدایە .

**فابیان**

ئەرێ ئەوەندە توندوتیژە ؟

**سێر ئەندرو**

ئا ، وایە، دڵنیای دەکەمەوە ؛ تەنیا بیخوێنەوە .

**سێر تۆبی**

بمدەرێ .(دەخوێنێتەوە) *"ئەی گەنج ، تۆ هەر کێیەك بیت ، تۆ تەنیا کەسێکی هیچ و پووچیت ."*

**فابیان**

باشە و ئازایانەشە .

**سێر تۆبی** (دەخوێنێتەوە)

*"سەرسوڕماو مەبە ، لە مێشکی خۆشت لێکی مەدەرەوە ، من بۆچی*

---

24 مانگی گوڵان لە وڵاتی ئینگلستاندا مانگی بەزم و رابواردن و خۆشییە . (و.)

*وا ناوت دەنێم ، چونکە من هیچ هۆیەکت بۆ دەرناخەم ."*

**فابیان**

دەربڕینێکی جوانە ؛ ئەمە تۆ لە تووشهاتنی یاسایی دەپارێزێت .

**سێر تۆبی** (دەخوێنێتەوە)

*"تۆ هاتیتە لای (ئۆلیڤیا) خانم ؛ ئەو لەبەرچاوی من*

*میهرەبانی لەگەڵ تۆ نواند ؛ بەڵام تۆ یەکجار درۆزنیت ؛ من لە سەر ئەو*

*بابەتە نییە مەیدانت لێ دەخوازم ."*

**فابیان**

زۆر کورتە ، تا ئەوپەڕەکەیشی کورت و پاراوە .

**سێر تۆبی** (دەخوێنێتەوە)

*"لە سەر ڕێگای چوونە ماڵەوە پەلامارت دەدەم ؛ جا ئەگەر بەختت یار بوو*

*بمکوژە ."* —

**فابیان :** جوانە .

**سێر تۆبی** (دەخوێنێتەوە) : *"جا تۆ وەك خوێڕی و نامەردێك دەمکوژیت ."*

**فابیان :** هێشتا تۆ نەکەوتوویتە لای بەردەم ڕەشەبای یاسا . جوانە !

**سێر تۆبی** (دەخوێنێتەوە)

*"خوا حافیز ؛خوا بەزەیی بە ڕۆحی یەکێکمان دا بێتەوە !*

*لەوانەیە خودا بەزەیی بە ڕۆحی مندا بێتەوە ؛ بەڵام ئومێدم بە باشترە ،*

*جا تۆش ئاگات لە خۆت بێت . هاوڕێی خۆت ، بە پێی چۆنیەتی ڕەفتار کردنت ،*

*هەروا دوژمنی سوێندخواردووت .*

ئەندرو ئاگیوچیك

ئەگەر ئەو نامەیە ، نەیجوولێنێت ، قاچەکانی ناتوانن بیجوولێنن . من نامەکەی پێ دەدەم .

**ماریا**

ڕەنگە تۆ دەرفەتێکی زۆر لەبارت بۆ هەڵکەوتوو بێت ؛ ئەو ئێستا هەندێك

سات و سەودای لەگەڵ خانمەکەم هەیە ، دواتر بەرە بەرە دەڕوات .

**سێر تۆبی**

ئادەی (سێر ئەندرو) بڕۆ ؛ لە گۆشەیەکی باغەکە بەچەشنی

خەڵك گری دادگا چاودێری بکە ؛ هەرکە بینیت شمشێرت هەڵکێشە ؛

کاتێکیش هەڵتکێشا ، جوێنی خراپی پێ بدە ؛ چونکە زۆرجار وا ڕوو دەدات

جنێوی خراپ ، بە دەنگێکی پڕ لە خۆهەڵکێشانەوە کاریگەری تیژتری

دەبێت ، زۆرتر بەڵگەی پیاوەتی دەسەلمێنێت لەوەی کە تا ئەوکات خۆی

بەدەستی هێنا بێت . بڕۆ .

**سێر ئەندرو**

نەخێر ، بۆ جنێوەكان بە تەنیا لێم بگەڕێن .

(دەڕوات)

**سێر تۆبی**

ئێستا با راست بڵێم من نامەكە ناگەیەنم ؛ چونكە رەفتاری گەنجە
خانەدانەكە وا دەردەخات ئەو كەسێكی مێشك چاك و باش پەروەردەكراوە ؛
كارپێسپاردنەكەشی لە نێوان خودانەكەی و كچەبراكەم ئەوە دووپات دەكاتەوە
لەوە كەمتر نییە . بۆیە ، ئەم نامەیە ، ئەوەندە بە نایابی پڕ نەزانینە ،
هیچ ترسێك ناخاتە دڵی گەنجەكەوە : ئەو دەزانێت ئەمەی لە كەسێكی
گەمژەوە بۆ هاتووە . بەڵام ، بەڕێزم ، من ئەم مەیدانخوازیە بە دەم دەگەیەنم ،
ئەوەش دەخەمە پاڵ (ئاگیوچیك) كە ئازایەتییەكەی ناوبانگی داوەتەوە ، گەنجەكەیش
وا لێدەكەم — وەك دەزانم گەنجێتیەكەی وا دەكات ئەمە بە سانایی وەربگرێت — ئەو وا
وێنا بكات كە ئەو لەوپەڕی تووڕەیی و لێزانی ، هاروهاجی و هەڵەشەیی دا بێت .
ئەمە هەردووكیان وا دەترسێنێت كە تەنیا بە لە یەكتر رامان ،
وەكو ماری ئەژدەری ئەندێشەیی[25] یەكتری بكوژن .

(ئۆلیڤیا دێتەوە ناو شانۆ ، ڤایۆلای لەگەڵدایە)

**فابیان**

ئەوەتا ئەو لەگەڵ كچەبراكەت دێت ؛ رێیان بدە تاكو
ئەو دەیەوێت بڕوات ، ئینجا یەكسەر دوای بكەوە .

**سێر تۆبی**

من لەو ماوەیەدا بیر لە پەیامێكی بەرباد بۆ مەیدانخوازی
ئەو دەكەمەوە .

(سێر تۆبی و فابیان و ماریا دەڕۆن)

**ئۆلیڤیا**

من زۆرم بۆ دڵێكی بەردین گوت ،
رۆمەتی خۆشم یەكجار بەبێ ئاگاییەوە هەڵخست ؛
شتێك لە مندا هەیە كە سەرزەنشتی هەڵەكانم دەكات ؛
بەڵام هەڵە سەرسەختە بەتێنەكەی من بە جۆرێكە
گاڵتە بە سەرزەنشت دەكات .

**ڤایۆلا**

---

[25] جۆرە مارێكی ئەندێشەییە گوایە تەنیا بە تەماشاكردن دەتوانێت بەرامبەرەكەی بكوژێت . (و.)

جا هەمان رەفتار کە سۆزەکانی تۆ هەیانە
خەمەکانی خودانەکەشم هەمان رەفتاریان هەیە .

**ئۆلیڤیا**

فەرموو ، ئەم گەوهەرەم لێ وەرگرە کە وێنەی منی بەسەرەوەیە ؛
رەتی مەکەرەوە ؛ گەوهەرەکە زمانی نییە تا بێزارت بکات .
تکاشت لێدەکەم سبەی وەرەوە .
تۆ داوای چیت لە من کردووە تا رەتی بکەمەوە ،
جگە لە پاراستنی رۆمەتم هەرچیت بوێت پێت دەدەم ؟

**ڤایۆلا**

جگە لە خۆشەویستی راستگۆیانە بۆ خودانەکەم — من هیچی ترم ناوێت .

**ئۆلیڤیا**

ئاخۆ چۆن دەتوانم ئەوە بەو ببەخشم کە بە تۆم
بەخشیووە بەبێ ئەوەی رۆمەتم بڕوشێت ؟

**ڤایۆلا**

من بەجێت دێلم .

**ئۆلیڤیا**

باشە ، سبەی وەرەوە . خوا حافیز و ماڵئاوا ؛
شەیتانێکی وەك تۆ رەنگە دڵم بۆ دۆزەخ ببا .

(ئۆلیڤیا دەڕوات)

(سێر تۆبی بێلچ و فابیان دێنەوە ناوەوە)

**سێر تۆبی**

خانەدان ، خوا بتپارێزێت .

**ڤایۆلا**

هەروا تۆش ، بەڕێزم .

**سێر تۆبی**

خۆت ئامادە بکە بۆ پارێزگاری کردن لە خۆت . ئاخۆ تۆ چ جۆرە
خراپیەکت لەگەڵ ئەو کردووە ، من نایزانم ؛ بەڵام نەیارەکەت
پڕە لە رق و کینە ، وەکو راوکەر خوێن رێژە و لەو سەری باغەکە
خۆی بۆت ئامادە کردووە . شمشێرەکەت هەڵکێشە ، وریابە لە خۆ
ئامادەکردندا ، چونکە پەلاماردەرەکەت خێرا و لێزان و کوشندەیە .

**ڤایۆلا**

بەڕێزم ، تۆ بە هەڵەداچوویت ؛ من دڵنیام هیچ کەسێك شەڕی لەگەڵ منا نییە ؛

بیر و هۆشم زۆر ئازاد و بێگەردن لە وێنەی هەر خراپییەك
بەرامبەر هەر كەسێك كرابێت .

**سێر تۆبی**

من دڵنیات دەكەمەوە ، تۆ ئەمە بە جۆرێكی جیا دەبینیتەوە ؛ بۆیە ، ئەگەر تۆ هیچ بەهایەك بۆ ژیانی خۆت دادەنێیت ، وریای خۆت بە ؛ چونكە دژەكەی تۆ هەموو شتیكی گەنجی هەیە وەك هێز ، لێزانی و رقداری و بەمانەش دەتوانێ پێداویستییەكانی پیاوبوون دابین بكات .

**ڤایۆلا**

گەورەم ، تكات لێدەكەم ، ئەو چییە ؟

**سێر تۆبی**

ئەو سوارچاكە ، بە شمشێری نەقنجاوی سەر مافوور ئەو پلەیەی
پێدراوە ؛ بەڵام ئەو لە شەڕی تاك بە تاك شەیتان و مەحلانە . ئەو رۆح و
جەستەی سێ كەسی لێك جیاكردۆتەوە ؛ جا توورەیی ئێستاكەی ئەو
ئەوەندە ئەستوورە كە تەنیا بە ئازاری مردن و ناو گۆڕ
دادەمركێتەوە . دروشمی "بژی یان بمرە"یە — بدەیت یان بسەنیت .

**ڤایۆلا**

دەگەڕێمەوە ناو ماڵەكە و ئارەزووی جۆرێك پەنادان لە خانمەكەوە
دەكەم . من شەركەر نیم . من لە بارەی هەندێك كەسەوە ئەوەم بیستووە
ئەوان بە ئەنقەست شەڕ بە خەڵكی دەفرۆشن تا ئازایەتی خۆیان تاقی بكەنەوە ؛
رەنگە ئەو پیاوێكی لەم جۆرە بێت .

**سێر تۆبی**

نەخێر ، گەورەم ؛ رقەكەی ئەو هۆكارێكی زۆر راستەقینەی هەیە ؛
بۆیە ، بڕۆ ئامادە ببە و ئارەزووەكەی ئەو جێ بەجێ بكە .
من نایەڵم بگەڕێیتەوە ناو ماڵەكەوە ، مەگەر تۆ شەرێك لەگەڵ من
بكەیت كە لە هی ئەو سەلامەتتر نییە ؛ بۆیە ، بەردەوام بە ،
یان شمشێرەكەت بەرووتی لە كالان دەركێشە ؛ تۆ دەبێت بجەنگیت ،
ئەمە مسۆگەرە ، یان سوێند بخۆ چیتر شمشێر بەقەدتەوە نەبێت .

**ڤایۆلا**

ئەمە كارێكی ناشارستانیانە و سەیرە . تكات لێدەكەم ئەو
چاكەیەم لەگەڵ بكە و هەوڵدە بزانیت من چ جۆرە خراپییەكم لەگەڵ
ئەو كردووە : رەنگە لە بێ ئاگاییەوە بوو بێت ، نەك بە ئەنقەست .

**سێر تۆبی**

من وادەکەم . بەڕێز (فابیان) لەلای ئەو خانەدانە بمێنەوە
تاکو من دەگەڕێمەوە .

(سێر تۆبی دەڕوات)

**ڤایۆلا**

تکایە ، بەڕێز ، تۆ هیچ لەو مەسەلەیە دەزانیت ؟

**فابیان**

ئەوە دەزانم سوارچاکەکە دژی تۆ گڕی گرتووە ، تەنانەت تا رادەی بەکارهێنانی شمشێری کوشندە ؛ بەڵام هیچی دی لە بارودۆخەکە نازانم .

**ڤایۆلا**

تکات لێدەکەم ، ئەو چ جۆرە پیاوێکە ؟

**فابیان**

لە شێوەی روخساریدا ، تۆ هیچ شتێکی وا سەرنجڕاکێش ناخوێنیتەوە ، وەك بەڵگەی دۆزینەوەی ئازایەتی و نەبەردی . ئەو خۆی ، بەرێزم ، بەڕاستی لێزانترین و خوێناویترین و کوشندەترین دژەکار و نەیارە کە رەنگە تۆ لە هیچ شوێنێکی (ئیلیریا)دا بیدۆزیتەوە . ئەرێ تۆ رووبەرووی ئەو دەبیتەوە ؟ من ئاشتتان دەکەمەوە ، ئەگەر بتوانم .

**ڤایۆلا**

من بۆ ئەوە زۆر منەتبارت دەبم . من ئەو جۆرە کەسەم پێم باشترە لەگەڵ مام قەشە بڕۆم نەك مام سوارچاك . من باکم بەوە نییە کێ چی دەربارەی سروشتی راستەقینەم دەزانێت.

(دەڕۆنە دەرەوە)

(سێر تۆبی و سێر ئەندرو دێنەوە ناوەوە)

**سێر تۆبی**

بۆچی ، پیاو ، ئەو بەراستی شەیتانە ؛ من هەرگیز ژنەجەنگاوەری وام نەبینیووە . من گەڕێك شەڕم لەگەڵی کرد ، بە قلینج و قووتە شیر و شتی تریش ، ئەو وەشاندنی وا کوشندە دەهاوێت کە بەراستی خۆڵێ لانەدراوە ؛ جا ئەگەر وەڵامت دایەوە ، ئەو ئەوەندە دڵنیایانە دەست دەوەشێنێت وەك چۆن تۆ دەزانیت پێت لەسەر زەوییە . خەڵك دەڵێن ئەو لەلای شای ئێران شمشێروەشێن بووە.

**سێر ئەندرو**

نەفرەتی لێ بدات ، من لەگەڵی ناجەنگم .

**سێر تۆبی**

بەڵێ ، بەڵام ئەو ئێستا هێور ناكرێتەوە ؛ (فابیان) بە زەحمەت دەتوانێت
ئەو لەوێ رابگرێت .

**سێر ئەندرو**

نەفرەتی لێ بارێت ؛ ئەگەر بمزانیایە وا ئازایە و لە شمشێربازی
وا لێزانە ، من دەچوومە دیدەنی پێش ئەوەی داوای مەیدان خوازی
لێ بكەم . وای لێ بكە واز لە مەسەلەكە بێنێت ، من ئەسپە بۆر
(كاپیلێت)ی خۆمی پێ دەبەخشم .

**سێر تۆبی**

من ئەو پێشنیارەی بۆ دەكەم . لێرە بوەستە ، خۆت جوان پیشان بدە ؛
ئەمە بەبێ رۆح هەڵكێشان كۆتایی پێ دێت . (لەلاوە) بەحەزرەتی (مریەم) ،
من بۆ خۆم سواری ئەسپەكەت و سواری كۆڵی تۆیش دەبم .

(فابیان و ڤایۆلا دەگەڕێنەوە ناوەوە)

(بۆ فابیان) من ئەسپەكەی لێ دەسەنم بۆ بڕاندنەوەی شەڕەكە ؛ من باوەڕم
پێی هێناوە كە گەنجەكە شەیتانە .

**فابیان** (بۆ سێر تۆبی)

ئەویش وا ئەندێشە دەكات ئەو بەربادە ؛ هەنسك دەدات و
زەرد هەڵگەڕاوە ، وەك بڵێی ورچ بە دوای كەوتووە .

**سێر تۆبی** (بۆ ڤایۆلا)

گەورم ، هیچ چارەسەرییەك نییە : ئەو لەبەر سوێندەكەی
لەگەڵت بە شەڕ دێت . بە حەزرەتی (مریەم) ئەو باشتر بیری لەو
شەڕەی كردۆتەوە ، جا ئەو ئێستا رای وایە ئەمە شایەنی كەمتر لێدوانە .
بۆیە ، شمشێرەكەت هەڵكێشە بۆ پشتیوانیكردنی سوێندەكەی ؛ ئەو دڵنیات
دەكاتەوە ئازارت پێ ناگەیەنێت .

**ڤایۆلا** (لەلاوە)

خودایە بمپارێزە ! شتێكی كەم وام لێدەكات بۆیان دەربخەم
من چەندە زۆر لایەنی پیاوێتیم كەمە .

**فابیان**

پاشەكشە بكە ئەگەر بینیت توورەیە .

**سێر تۆبی**

وەرە (سێر ئەندرو) هیچ چارەیەك نییە ؛ جوامێرەكە وای دەوێت ، بۆ پاراستنی
رۆمەتی خۆی ، یەك گەڕ شمشێربازیت لەگەڵ دەكات ؛ ئەو بە پێی رێنمایی
شمشێربازی ناتوانێت خۆ بدزێتەوە ؛ بەڵام ئەو بەڵێنی پێم داوە ، چونكە خانەدان و

سەربازە ، ئەو ئازارت پێناگەیەنێت . بۆ شمشێربازی وەرە بەرێ !

**سێر ئەندرو**

نزا دەکەم سوێندەکەی بگەیەنێتە سەر !

(شمشێر هەڵدەکێشێت)

(ئەنتۆنیۆ دێتە ناوەوە)

**ڤایۆلا**

دڵنیات دەکەمەوە ئەوە دژی ویستی منە .

(شمشێر هەڵدەکێشێت)

**ئەنتۆنیۆ**

شمشێرەکەت دانێ . ئەگەر ئەو جوامێرە هیچ

خراپییەکی کردووە ، من هەڵەکە دەگرمە ئەستۆ :

ئەگەر تۆ خراپەی لەگەڵدا بکەیت ، من بەرەنگارت دەبمەوە .

**سێر تۆبی**

تۆ ، بەڕێزم ! بۆچ ، تۆ کێیت ؟

**ئەنتۆنیۆ**

بەڕێزم ، من کەسێکم خۆشەویستییەکەی وای لێدەکات بوێرێت زیاتر لەوە بکات

کە تۆ گوێت لێی بووە و خۆی هەڵبکێشێت بە تەمایە بیکات .

**سێر تۆبی**

نەخێر ، ئەگەر تۆ شەڕ لە جیاتی کەسێکی تر دەکەیت ، من بەرەنگاری تۆ دەبمەوە .

(ئەوان شمشێر هەڵدەکێشن)

**فابیان**

ئۆه ، ئەی (سێر تۆبی) چاك ، بوەستە ! ئەوا ئەفسەران دێن .

**سێر تۆبی**

(بۆ ئەنتۆنیۆ) هەر ئێستا دەگەمەوە لات .

**ڤایۆلا**

تکایە ، گەورەم ، شمشێرەکەت دابنێوە ناو کالان .

**سێر ئەندرو**

بە حەزرەتی (مریەم) ، بەڕێزم ؛ جا بۆ ئەوەی پێشتر بەڵێنم پێدابوویت ، من

بەقەد قسەی خۆم چاك دەبم. ئەسپەکەم بە سانایی هەڵتدەگرێت و بەباشیش جڵەو دەکرێت .

(دوو ئەفسەر دێنە ناوەوە)

**یەکەم ئەفسەر**

ئەمە کەسەکە خۆیەتی ؛ ئەرکەکەت بەجێ بگەیەنە .

**دووەم ئەفسەر**

(ئەنتۆنیۆ) ، من لەسەر داواکاری

میر (ئۆرسینۆ) دەتگرم .

**ئەنتۆنیۆ**

گەورەم ، تۆ بە هەڵە من دەگریت .

**یەکەم ئەفسەر**

نەخێر ، بەڕێزم ، تۆزقاڵێکیش هەڵە نییە ؛ من روخسارت باش دەناسمەوە ،

ئەگەرچی ئێستا تۆ هیچ کڵاوێکی دەریاوانیت لەسەر نییە .

ببەن ؛ ئەو دەزانێت من باشی دەناسم .

**ئەنتۆنیۆ**

دەبێ گوێڕایەڵ بم . (بۆ ڤایۆلا) ئەمەیش بە هۆی گەڕان بە دوای تۆوە بوو ؛

بەڵام هیچ چارە نییە ؛ دەبێت من سزاکە وەربگرم .

ئەی تۆ چی دەکەیت ، ئێستا لە بەر پێویستیم

ناچارم داوای جزدانەکەم بکەمەوە ؟ ئەوەی زۆر دڵتەنگم دەکات

زیاتر ئەوەیە کە من ناتوانم هیچ بۆ تۆ بکەم

چونکە خۆم وا لە کێشە ئاڵاوم . تۆ بە واق ورماوی وەستاویت ؛

بەڵام دڵخۆش و ئاسوودە بە .

**دووەم ئەفسەر**

بەڕێزم ، ئادەی ، با بڕۆین .

**ئەنتۆنیۆ**

دەبێ داوای هەندێك پارەت لێ بکەمەوە .

**ڤایۆلا**

گەورەم ، کام پارە ؟

ئایا هی ئەو چاکە و دڵنەرمییەی تۆ لێرە پیشانی منت دا ،

بەشێکیشی بە هۆی ئەو کێشەیەی ئێستا تێی ئاڵاویت ،

لەو توانا کەم و نەدارانەی هەمە

من هەندێکت بە قەرز پێ دەدەم . ئەوەی هەمە زۆر نییە ؛

ئەوەی هەمە لەگەڵ تۆ بەشی دەکەم ؛

فەرموو ، ئەمەش نیوەی گەنجینەکەم .

**ئەنتۆنیۆ**

ئاوا خۆت لێم نەناس دەکەیت ؟

ئایا دەشێت چاکە و پیاوەتیم وا

لە تۆ نەكات بڕوا بێنیت ؟ كلۆڵیم مەكولێنەوە ،
نەوەك وام لێ بكات ببم بە مرۆڤێكی نادروست
بەوەی منەتت لەسەر بكەم بەو چاكییانەی
لەگەڵ تۆم كردوون .

**ڤایۆلا**

من بە هیچ چاكەیەكی تۆ نازانم ،
تۆش نەبە دەنگ و نە بە روخسار ناناسم .
من زێتر لە درۆ ، هیچ و پووچی ، وڕێنەی سەرخۆشی
رقم لە سپڵەیی مرۆڤە ،
یان هەر ئاكارێكی خراپەكارییە كە گەندەڵییە توندەكەی
لەناو خوێنی لاوازماندا جێگیرە .

**ئەنتۆنیۆ**

ئای خودای مەزن !

**دووەم ئەفسەر**

ئادەی ، بەڕێزم ، با بڕۆین .

**ئەنتۆنیۆ**

رێم بدە كەمێك بدوێم . ئەو گەنجەی تۆ لێرە دەیبینیت
نیوەی ژیانیم لەناو شەویلاگی مەرگ دەرباز كردووە ،
ئەوم بە جۆرێك لە پیرۆزی خۆشەویستی دڵخۆش كردووە ،
وێنەكەی ئەویشم پەرستووە ، كە من وام زانی موژدەی
هەرە شایستەیی و جوامێری لێدەكەوێتەوە .

**یەكەم ئەفسەر**

ئەوە چ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ؟ كات تێدەپەڕێت ، با بڕۆین .

**ئەنتۆنیۆ**

بەڵام ئەم خواوەندە چەندە پیس و گاورانەیە !
ئەی (سێباسچیان) ، تۆ روخساری جوانی خۆت شەرمەزار كرد .
تاقە خەوشی سروشتی مرۆڤ دڵ و ناخە؛
كەس پێی ناگوترێ شێوێنراو جگە لەوەی دڵ رەق و دڵ ناساخە .
چاكی جوانییە ؛ بەڵام خراپییەكی جوان
دەفرێكی بۆشە ، رازێنراوەتەوە بە دەستی شەیتان .

**ئەفسەر یەكەم**

ئەو پیاوە خەریكە وا شێت دەبێت . بیبەن . بەڕێزم ، وەرە ، وەرە .

**ئەنتۆنیۆ**

با بڕۆین .

(ئەنتۆنیۆ لەگەڵ ئەفسەرەکان دەڕوات)

**ڤایۆلا**

وابزانم وشەکانی ئەو ئەوەندە بە بڕواوە کران ،

ئەو بڕوای بە خۆی هەبوو ؛ جا با منیش بکەومە گومان .

ئەی ئەندێشە ، بەراست دەربچوو ، ئۆه ، ببە راستی ،

کە ئەو منی بە برا شیرینەکەم زانی !

**سێر تۆبی**

وەرە ئێرە ، سوارچاك ؛ وەرە ئێرە ، (فابیان) ؛ هەندێ کۆپلە شیعر یان

دوو قسەی نەستەق بۆ یەکتر دەچرپێنین .

**ڤایۆلا**

ئەو ناوی (سێباسچیان)ی هێنا . من دەزانم برای خۆم

هەمان شێوەی منی هەیە ؛ کەچی کەسێکی وا و واوایی وەك خۆم

بە روخسار برای منە ؛ جا ئەویش لە هەمان پۆشاك ،

رەنگ و جوانی خۆی دەرخستووە بە رێکوپێکی چاك چاك ،

من لاسایی کردنەوەی ئەوم . جا ئەگەر ئەوە بێتە سەلمان ،

رەشەباکان دڵنەرم بوون ، پڕ ئەوینی تازەن شەپۆلە سوێرەکان !

(دەڕوات)

**سێر تۆبی**

کوڕێکی زۆر نادڵسۆز و پووچە ، لە کەروێشکیش ترسنۆکترە .

نادڵسۆزییەکەی ئەو لە جێ هێشتنی برادەرەکەی لێرە لە کاتی تەنگانەدا

دەردەکەوێت کە نکۆڵی لێی کرد ؛ بۆ ترسنۆکیەکەشی لە (فابیان) بپرسن .

**فابیان**

ترسنۆك ، ترسنۆکێکی دڵسۆز و پڕپەرستنکاری .

**سێر ئەندرو**

"بە روناکی خوا ، دیسان دەچمەوە دوای و دەیکووتم ."

**سێر تۆبی**

وا بکە ؛ باش بیکووتە ، بەڵام هەرگیز شمشێرەکەت هەڵمەکێشە .

**سێر ئەندرو**

ئەگەر وام نەکرد —

(دەڕوات)

**فابیان**

وەرە بابچین ببینین ئەنجامی ئەو کارە .

**سێر تۆبی**

من گرەو دەکەم هیچ شتێك روونادات ئەم جارە .

(دەڕۆن)

## پەردەی چوارەم

### دیمەنی یەکەم

ڤێش مالَي (ئۆليظيا)

**(سێباسچیان و فێستە دێنە ژوورەوە)**

**فێستە**

دەتەوێت باوەڕم پێ بێنیت کە وا من بە دوای تۆدا نەنێردراوم ؟

**سێباسچیان**

بڕۆ ، وازم لێ بێنە ، تۆ کەسێکی گێلیت ؛

دەی زوو لە کۆڵم بەرەوە .

**فێستە**

بە ڕاستی باش ڕواڵەتکاری دەکەیت ! من تۆ ناناسم ؛ هەروا خانمەکەم منی بە دوای تۆدا نەناردووە تا داوات لێ بکەم بچیت قسەی لەگەڵدا بکەیت ؛ ناویشت بەڕێز (سێزاریۆ) نییە ؛ ئەمەی بە دەموچاویشمەوەیە لووت نییە . هیچ شتێك کە وایە وا نییە .

**سێباسچیان**

تکات لێ دەکەم گەوجایەتی خۆت لە جێگەیەکی تر هەڵبڕێژە .

تۆ من ناناسیت .

**فێستە**

گەوجایەتی خۆم ! ئەو وشەیەی لە هەندێك پیاوی مەزنەوە بیستووە ، جا ئێستا بە سەر گێلێك تاقی دەکاتەوە . گەوجایەتی خۆم ! دەترسم دنیا ، ئەو گێلە شپرێوە مەزنە ، ببێتە ڕواڵەتکار و خۆنوێن . ئێستا تکات لێدەکەم ، ڕواڵەتە سەیرەکەت دابماڵە و پێم بڵێ چی بۆ خانمەکەم هەڵبڕێژم . ئایا بۆ ئەو ئەوە هەڵبڕێژم کە تۆ دێیت ؟

**سێباسچیان**

تکات لێدەکەم ، ئەی گاڵتەجاڕی گێل ، لە کۆڵم ببەوە ؛

ئەو پارەیە بۆ تۆ ؛ ئەگەر زیاتر بمێنیتەوە
ئەوا من شتێکی خراپترت پێدەدەم .

**فێستە**

بە ئایینم ، تۆ کەسێکی دەست کراوەیت . ئەو کەسە ژیرانەی
پارە بە کەسانی گێل دەدەن دوای چواردە ساڵیش لە پارەدانەکەیان
ناوبانگێکی چاك پەیدا دەکەن .

(سێر ئەندرو ، سێر تۆبی و فابیان دێنە ناوەوە)

**سێر ئەندرو**

ئێستا ، بەڕێزم ، جارێکی تر تۆم بینیەوە ؟
(لە سێباسچیان دەدات) ئەمە با بۆ تۆ بێت .

**سێباسچیان**

بۆچی ، ئەمە و ئەمە و ئەمەش بۆ تۆ .

(لە سێر ئەندرو دەدات)

ئەریَ ئەو هەموو خەڵکە شێت بوون ؟

**سێر تۆبی**

بوەستە گەورەم ، ئەگینا خەنجەرەکەت فرێدەدەمە سەر ماڵەکە .

(سێباسچیان دەگرێت)

**فێستە**

یەکسەر من ئەوە بە خانمەکەم رادەگەیەنم . من نابمە لایەنگری هیچ
کەسێکتان بۆ ئەو دوو پێنسەی پێتان داوم .

(دەڕوات)

**سێر تۆبی**

وەرە ئەملاوە ، بەڕێزم ؛ خۆ راگر بە .

**سێر ئەندرو**

نەخێر ، بەری بدە . من بە رێگایەکی تر لەگەڵ ئەو رێك دەکەوم ؛
ئەگەر لە (ئیلیریا)دا یاسا هەبێت ، من سکاڵای پەلاماردان لە دژیدا بەرز دەکەمەوە؛
ئەگەرچی یەکەمجار من لەوم دا ، بەڵام ئەمە کاریگەری نییە .

**سێباسچیان**

دەستت لا ببە .

**سێر تۆبی**

وەرە ، بەڕێزم ، من لێناگەڕێم بڕۆیت . وەرە ، ئەی سەربازی گەنج ،
شمشێرەکەت هەڵگرەوە ؛ تۆ باش فێر بوویت . دەی وەرە .

**سێباسچیان**

خۆ من لە چنگت دەرباز دەبم . ئێستا چی دەکەیت ؟

ئەگەر چیتر بوێریت بمورژێنیت ، شمشێرەکەت هەڵکێشە .

(شمشێر  هەڵدەکێشێت)

**سێر تۆبی**

چی ، چی ؟ نەخێر ، کەواتە پێویستە من تۆزێك یان دوو تۆز

خوێنی رووقایمی لە لاشەت دەربهێنم .

(شمشێر هەڵدەکێشێت)

(ئۆلیڤیا دێتە ناوەوە)

**ئۆلیڤیا**

بوەستە ، تۆبی ؛ من ژیانت دەفەوتێنم ، داوا دەکەم بوەستیت .

**سێر تۆبی**

خاتوونەکەم !

**ئۆلیڤیا**

ئایا هەتا هەتایە وا دەبێت ؟ ئەی بەدبەختی ناکەس ،

ئەم رەفتارە بۆ ناو چیا و ئەشکەوتە کێوییەکان گونجاوە ،

کە لەوێدا رەفتارجوانی نەگوتراوەتەوە ! لەبەرچاوم بڕۆن !

ئەمە لە دڵ مەگرە ، (سێزاریۆ)ی ئازیز —

نامەردی رەقەکار ، بڕۆ !

(سێر ئەندرو ، سێر تۆبی ، فابیان دەچنە دەرەوە)

تکات لێدەکەم ، هاوڕێی میهرەبان ،

با ژیری نایابت ، نەك سۆزت ، ببێتە دادوەر

لەم کەتنە ناشارستانی و نادادپەروەرانەیەی

دژی ئارامی تۆ کرا . لەگەڵم وەرەوە بۆ ماڵەوە ،

لەوێ بۆت دەگێڕمەوە ئەم نامەردە چەندین

کەتن و پەتنی بێ سوودی کردووە ، رەنگە تۆ

پێکەنینت بەمەیان بێت . تۆ هەر دەبێت لەگەڵم بێیت ؛

رەتی مەکەرەوە . لەبەر خاتری من بە نەفرەتی بکە!

ئەو دڵی هەژاری منی بۆ تۆ راچڵەکاند و کردی سەرنگون.

**سێباسچیان**

ئەوە مانای چییە ؟ تەوژمی رووداوەکان دەڕۆن بەرەو کوێ ؟

یان من شێتم ، یان ئەوانە بریتین لە خەونی شەوێ .

با ئەندێشە هەستەکانم لە رووباری بیرچوونەوە هەڵکێشن ؛
ئەگەر ئەمە خەون بێت ، با خەوتنم هەر درێژە بکێشن !

**ئۆلیڤیا**

نەخێر ، وەرە ، تکا دەکەم . ئایا تۆ ئەوە ناکەیت من لێت داوا دەکەم !

**سێباسچیان**

خاتوونەکەم ، بە قسەت دەکەم .

**ئۆلیڤیا**

ئۆه ، وا بڵێ و واش بە ، ئەی گیانەکەم !

(دەڕۆن)

## دیمەنی دووەم

مالَي (ئۆليظيا)

(ماریا و فێستە دێنە ژوورەوە)

**ماریا**

ئادەی ، تکایە ئەم کەوایە بکە بەر و ئەم ریشە لە خۆت بخە ؛ وا بکە ئەو باوەڕ بکات تۆ (سێر تۆپاس)ی قەشەیت ؛ خێرا بە . هەر کە تەواو بوویت من بانگی(سێر تۆبی) دەکەم .

(دەڕوات)

**فێستە**

باشە ، من دەیپۆشم ، جا من خۆم لە پشت ئەمەوە دەشارمەوە ؛ خۆزگە من یەکەم کەس بوام خۆم لەناو ئەو کەوایە بشاردایەتەوە . من ئەوەندە کەڵەگەت نییم تا ئەو کارە بەباشی بکەم و ئەوەندەش لاواز نیم تا بە قوتابیەکی باشم تێ بگەن ؛ بەڵام وەك دەڵێن کەسێکی دڵسۆز و میوانپەروەر ئەوەندەی پیاوێکی ماڵداریکەرو زانایەکی مەزن و چاکە . ئا ئەوەتا هاوبەشەکانم دێنە ناوەوە .

(سێر تۆبی و ماریا دێنە ناوەوە)

**سێر تۆبی**

(جۆڤ)ی خواوەند پیرۆزت بکات ، ئەی مام قەشە .

**فێستە**

رۆژ باش ، سێر تۆبی ؛ چونکە وەکو رەبەنە پیرەکەی (پراگ) ، ئەوەی هەرگیز قەلەم و مەرەکەبی نەبینیووە ، زۆر ژیرانە بە کچی برای شا

(گۆربەدەك)ی گوتبوو "ئەوەی هەیە هەیە" ؛ جا من کە مام قەشەم ؛
بۆچی "ئەوە" هەر"ئەوەیە" ، "هەیە"ش هەر "هەیە"یە؟

**سێر تۆبی**

برۆ لای ئەو ، سێر تۆپاس .

**فێستە** (دەنگی خۆی دەگۆڕێت و هاوار دەکات)

سڵاوت لێ بێت ! سڵاو لەوەی ناو زیندان !

**سێر تۆبی**

ئەو نامەردە لە خۆگۆڕین دا باشە ؛ نامەردێکی چاکە .

**مالڤۆلیۆ** (لەناوەوە)

ئەوە کێیە لەوێ بانگ دەکات ؟

**فێستە**

ئەوە (سێر تۆپاس)ی قەشەیە ، هاتووە بۆ سەردانی (مالڤۆلیۆ)ی شێت .

**مالڤۆلیۆ**

سێر تۆپاس ، سێر تۆپاس ، (سێر تۆپاس)ی چاك ، بڕۆ لای خانمەکەم .

**فێستە**

ئەی جنۆکەی شەیتانی بەرباد ، لە لاشەی دەرچە ! تۆ چۆن ئەم پیاوەت گرفتار کردووە !
تۆ باسی هیچ ناکەیت جگە لە خانمان ؟

**سێر تۆبی**

دەمخۆش ، ئەی مام قەشە .

**مالڤۆلیۆ**

مام (تۆپاس) ، کەس وەکو من خراپە و ستەمی بەرامبەر نەکراوە . مام (تۆپاس)ی چاك ،
وا نەزانیت من شێتم ؛ ئەوان منیان لەو تاریکییە ترسناکە داناوە .

**فێستە**

رووت رەش بێت ، ئەی شەیتانی ناپاك ! من بە سووکترین وشە بانگت
دەکەم ، چونکە من یەکێکم لەو کەسە نەرم و نیانانەی بەڕێزەوە لەگەڵ
شەیتانیش دەدوێت . تۆ دەڵێیت ماڵەکە تاریکە ؟

**مالڤۆلیۆ**

بەقەد دۆزەخ ، مام (تۆپاس) .

**فێستە**

بۆچی ، ئەوێ پەنجەرەی سێ لایی تێدایە کە هێندەی سەنگەرەکان رۆشنن ، هەروا
دەلاقە و کەلێنی بەرزی رووەو باشووری باکووری تێدایە کە هێندەی عاج پڕشنگدارن ؛
کەچی تۆ داد و بێدادتە لە دەست رێگری کردن لە روناکی ؟

**مالڤۆلیۆ**

بەڕێز (تۆپاس) من شێت نیم . من پێت دەڵێم ئەم ماڵە تاریکە .

**فێستە**

پیاوی شێت ، تۆ هەڵەیت . من دەڵێم هیچ تاریکییەك نییە جگە لە
نەزانی ؛ تۆش تیایدا گیرت خواردووە زیاتر لەوەی میسرییەکان
لەناو تەم و مژەکاندا گیرییان خوارد .

**مالڤۆلیۆ**

من دەڵێم ئەو ماڵە هێندەی نەزانی تاریکە ، ئەگەرچی
نەزانی هێندەی دۆزەخ تاریك بوو ؛ من دەڵێم هیچ کەسێك وەك من
خراپەی وای لەگەڵدا نەکراوە . من لە تۆ شێتتر نیم ؛
بە هەر پرسیارێکی ژیرانە و بەجێ تاقیم بکەرەوە.

**فێستە**

بیر و رای (فیساگۆرس) لە بارەی باڵندەی کێویەوە چییە ؟

**مالڤۆلیۆ**

ئەوەیە کە رەنگە رۆحی داپیرەکانمان لەناو لاشەی ئەودا جێگیر بوو بێت .

**فێستە**

بیر و رای تۆ لەبارەی ئەمەوە چییە ؟

**مالڤۆلیۆ**

من بەشێوەیەکی بالاّ بیر لە رۆح دەکەمەوە و هیچ رێگایەك نییە بۆ سەلماندنی بیروراکەی ئەو.

**فێستە**

خوات لەگەڵ . تۆ هەر لە تاریکییدا بمێنەوە : تۆ دەبێت بیروڕای
(فیساگۆرس) پەسند بکەیت بەر لەوەی من بریار بدەم تۆ ژیریت ؛
هەروا دەبێت لەوە بترسیت کەڵەشێری دارستان بکوژیت ، نەوەك رۆحی
داپیرەتی تێدا بێت . خوا حافیز .

**مالڤۆلیۆ**

مام (تۆپاس) ، مام (تۆپاس) !

**سێر تۆبی**

ئەی مام (تۆپاس)ی هەرە نازدار !

**فێستە**

نا ، من لە هەموو ئاوێکدا مەلە دەکەم .

**ماریا**

تۆ دەتتوانی ئەم کارە بەبێ ریش و کەوایەکەشت بکەیت :

ئەو تۆ نابینێت .

**سێر تۆبی**

ئێستا بڕۆ لای و بە دەنگی ئاسایی خۆت لەگەڵی بدوێ ، دوایی وەرەوە و پێم بڵێ تۆ چۆن ئەو دەبینیت . خۆزگە لەم گەمە و بەزمە رزگارمان دەبوو . جا ئەگەر ئەو بە ئاسوودەیی بەرەلا بکرێت ، پێم باشە وا بکرێت ؛ چونکە من ئێستا کەوتوومەتە بەر رق و تووڕەیی کچە براکەم کە ناتوانم چیتر بە سەلامەتی لەو بەزم و گەمەیە تا ئەو کۆتاییە بەردەوام بم . ئادەی وەرە با بچینە ژوورەکەی من .

**(لەگەڵ ماریا دەڕوات)**

**فێستە** (گۆرانی دەڵێت)

*ئەی (رۆبین) ، ئەی (رۆبین)ی کەیفخۆش ،*

*پێم بڵێ خانمەکەت چۆنە .*

**مالڤۆلیۆ**

ئەی گێل !

**فێستە** (گۆرانی دەڵێت)

*بە خوای ، خانمەکەم دڵڕەقە .*

**مالڤۆلیۆ**

ئەی گێل !

**فێستە** (گۆرانی دەڵێت)

*مخابن ، ئەو بۆچی وایە ؟*

**مالڤۆلیۆ**

دەڵێم ئەی گێل !

**فێستە** (گۆرانی دەڵێت)

*ئەو کەسێکی دی خۆشدەوێت —*

ئەوە کێیە بانگ دەکات ، ها ؟

**مالڤۆلیۆ**

ئەی گێلی چاک ، وەکو هەموو جارێك لە دەستی من پاداشت وەردەگریت ، یارمەتیم بدە بۆ هێنانی مۆمێك ، پێنووسێك ، مەرەکەب و کاغەز ؛ چونکە من خانەدانم ، بۆ ئەمانە سوپاسگوزاری تۆ دەبم .

**فێستە**

بەرێز (مالڤۆلیۆ) ؟

**مالڤۆلیۆ**

بەڵێ ، ئەی گێلی چاك .

**فێستە**

بەداخەوە ، گەورەم ، ئەوە چۆن هەر پێنج هەستەکانی خۆتت لە دەستدا ؟

**مالڤۆلیۆ**

گێلە ، هەرگیز هیچ کەسێك نەبووە وەك من خراپەی لەگەڵدا کرابێت ؛

من بەقەد تۆ هزر و هۆشم باشە ، ئەی گێل .

**فێستە**

بەڵام وەك من ؟ کەواتە بەڕاستی تۆ شێتیت ، ئەگەر هزر و هۆشی تۆ

لە هی گێلێك باشتر نەبێت .

**مالڤۆلیۆ**

ئەوان لێرە منیان وەکو پارچە شتێك داناوە ؛ منیان لە تاریکیدا گرتووە ،

پیاوی ئایینی ، کەرو گوێ درێژ دەنێرنە لام و چییان پێ بکرێت دەیکەن

تا رووبەروو پێم بڵێن تۆ شێتی .

**فێستە**

ئاگات لە قسەکانی خۆت هەبێت : پیاوە ئاینییەکە لێرەیە .

(وەك سێر تۆپاس دەدوێت) مالڤۆلیۆ ، خوا عەقڵت پێ بداتەوە !

هەوڵ بدە بنوویت ، وازیش لە فڵتە فڵتی پووچت بێنە .

**مالڤۆلیۆ**

مام (تۆپاس) !

**فێستە**

هیچ قسەیەکی لەگەڵ مەکە ، ئەی هاوڕێی چاك . — (وەك فێستە دەدوێ) کێ ، من ، گەورەم ؟

من، نا ، گەورەم . خوا ئاگای لێت بێت مام (تۆپاس)ی چاك . — حەزرەتی (مریەم) ، ئامین . —

بەڵێ ، وا دەکەم ، گەورەم ، وادەکەم .

**مالڤۆلیۆ**

گێلە ، گێلە ، من دەڵێم !

**فێستە**

مخابن ، گەورەم ، ئارام بگرە . تۆ چی دەڵێیت ، گەورەم ؟

من لەسەر قسەکردن لەگەڵ تۆ سەرزەنشت کرام .

**مالڤۆلیۆ**

ئەی گێلی چاك ، یارمەتیم بدە بە هێنانی رۆناکییەك و هەندێك کاغەز .

من پێت دەڵێم هزر و هۆشم وەکو هی هەرکەسێکی تری (ئیلیریا) باشە .

**فێستە**

بەداخەوە ، جاران تۆ وابوویت ، گەورەم !

**مالڤۆلیۆ**

سوێند بەم دەستەم ، ئێستاش وام . ئەی گێلی چاك ، هەندێك مەرەكەب ، کاغەز ، رۆناکی ؛ ئەوەی دەینووسم بگەیەنە خانمەکەم . ئەوە سوودی زێتری بۆ تۆ دەبێت لەو هەموو نامانەی گەیاندووتە .

**فێستە**

من بۆ ئەمە یارمەتیت دەدەم . بەڵام بە راستی پێم بڵێ ، ئایا بەراستی تۆ شێت نیت ، یاخود تۆ تەنیا وا خۆت دەنوێنیت ؟

**مالڤۆلیۆ**

باوەڕت بێت ، من شێت نیم ؛ من راستیت پێدەڵێم .

**فێستە**

نەخێر ، من هەرگیز بە کەسێکی شێت باوەڕ ناکەم تا مێشکی نەبینم .

من روناکی و کاغەز و مەرەکەبت بۆ دێنم .

**مالڤۆلیۆ**

ئەی گێل ، من پاداشتی ئەمەت بە چاکترین شێوە دەدەمەوە ؛

تکایە بڕۆ .

**فێستە** (گۆرانی دەچرێت)

*من وا چووم ، گەورەم ،*
*هەر تازە لەوێ بووم ، گەورەم ،*
*جارێکی دیکە دێمەوە لای تۆ ،*
*لە ساتێکی کەم ،*
*وەکو کەسە خراپە کۆنەکە لە لات هەم ،*
*تا پێویستیت دابین بکەم ، هۆ ، هۆ ؛*

*ئەو کەسەی بە خەنجەرێکی دارین*
*لە کاتی تووڕەیی و دڵی پڕ لە قین ،*
*هاوار دەکات بۆ شەیتانی بێ باك ،*
*وەکو کوڕێکی شێت و بێ ئاوەز،*
*نینۆکت بکە ، باوکە بلەز ، بلەز.*
*خوا حافیز ، ئەی شەیتانی پیاوچاك .*

(دەڕوات)

## دیمەنی سێیەم

ناو باخضةي (ئؤليظيا)

**(سێباسچیان دێتە ژوورەوە)**

**سێباسچیان**

**ئەوە هەوای تازەیە ؛ ئەمەش خۆری شکۆدارە ؛**

**ئەو ئەم مروارییەی پێدام ، هەستی پێدەکەم و دەشیبینم ؛**

**ئەگەرچی سەرسوڕمان وا چواردەوری من دەتەنێت ،**

**کەچی ئەوە شێتبوون نییە . ئەدی ، (ئەنتۆنیۆ) لە کوێیە ؟**

**من نەمتوانی لە خانەی (فیلەکە)دا بیدۆزمەوە ؛**

**ئەگەرچی ئەو لەوێ بوو ؛ لەوێش ئەو زانیارییەم دەستکەوت ،**

**ئەو هەموو لایەکی شارۆچکەکە گەڕاوە بۆ دۆزینەوەی من .**

**رەنگە ئامۆژگارییەکانی ئەو ئێستا خزمەتێکی زێڕین بە من بکات ؛**

**چونکە ئەگەرچی رۆحم بەباشی لەگەڵ هەستەکانمدا مشت و مڕیانە**

**لەسەر ئەوەی رەنگە ئەمە هەڵەیەك بێت ، بەڵام شێتی نییە ،**

**کەچی ئەم رووداوە و لافاوی ئەم بەختە چاکە**

**تا ئێستا هەموو نموونەیەك ، هەموو ژیربیریەکی رەتداوە ،**

**کە وام لێ دەکات باوەڕ بە چاوانی خۆم نەکەم و**

**لەگەڵ مێشکی خۆم بکەومە زۆرانبازی ، کە وام لێ دەکات**

**متمانە بە هیچێك نەکەم کە وا من شێتم ،**

**ئەگینا دەبێت خانمەکە شێت بێت ؛ جا ئەگەر وابوایە ، نەیدەتوانی**

**کاروباریماڵەکەی هەڵسوڕێنێت ، فەرمان بە داروودەستەکەی بکات ،**

**مامەڵە و سەوداکاری وەربگرێت و بیانداتەوە و رەوانەیان بکات ،**

**بەو رێکوپێکی و ژیری و چەسپاوی و وەستاوییەوە ،**

**وەك من بە خۆم دەبینم وا دەکات . شتێك لەمەدا هەیە**

**کە فڕوفێڵە . بەڵام ئەوا خانمەکە خۆی دێت .**

**(ئۆلیڤیا و قەشەیەك دێنە ناوەوە)**

**ئۆلیڤیا**

**گلەیی لەو پەلەپەلییەی من مەکە . ئەگەر تۆ نیازت چاکە ،**

**ئێستا لەگەڵ من و ئەو پیاوە پیرۆزە وەرە**

**بچینە ناو ئەو پەرستگا تایبەتییەی ئەوێ ؛ لەوێ ، لەبەردەم**

**ئەو و لە ژێر بنمیچە پیرۆزکراوەکەی ئەوێ ،**

**بەڵێنی مسۆگەری دڵسۆزی گەنجانەتم بدەرێ ،**

تا رۆحی هەرە حەسوود و  یەگجار بەگومانم
بتوانێت ئاسوودە بژیت . ئەو ئەمە دەشارێتەوە
تا ئەو کاتەی بەخۆت دەتەوێت بزانرێت ،
ئەوسا کاتی زەماوەندەکەمان رادەگەیەنیین
کە لەگەڵ پایەکەمدا بگونجێت . چی دەڵێیت ؟

سێباسچیان

من بەدوای ئەو پیاوە دەکەوم و دێم لەگەڵ تۆ ؛
دوای سوێندی دڵسۆزی ، هەتا هەتایە راستگۆ دەبم بۆ تۆ .

ئۆلیڤیا

جا رێگاکە بگرە بەر ، باوکی چاك ؛ با بدرەوشێتەوە ئاسمان
تا ئاگاداری ئەو کارەی من بێت  بە شێوەیەکی جوان !

(دەڕۆن)

## پەردەی پێنجەم

### دیمەنی یەکەم

بەردەم ماڵي (ئۆليظيا)

(فێستە و فابیان و ئۆلیڤیا دێنە ژوورەوە)

فابیان

ئێستا ، چونکە تۆ منت خۆشدەوێت ، لێگەڕێ نامەکەی ببینم .

فێستە

بەرێز (فابیان)ی چاك ، داوای شتێکی دیکەم لێ بکە .

فابیان

هیچ شتێك .

فێستە

نەتەوێ ئەو نامەیە ببینیت .

فابیان

ئەوە وەك ئەوەیە سەگێکم پێ بدەیت و لە جیاتی ئەوە داوای سەگێکی تر بکەیتەوە .

(میر ، ڤایۆلا ، کوریۆ و گەورەپیاوان دێنە ناوەوە)

میر

هاوڕێیان ، ئێوە خەڵکانی سەر بە (ئۆلیڤیا) خانمن ؟

فێستە

بەڵێ ، گەورەم ، ئێمە هەندێك لە دارودەستە رازاوەكەی ئەوین .

**میر**

من تۆ باش دەناسم . تۆ چۆنیت ، ئەی هاوڕێی چاكم ؟

**فێستە**

بەڕاستی ، بەڕێزم ، باشترم بەهۆی دوژمنەكانمەوە و خراپترم بەهۆی هاوڕێكانمەوە .

**میر**

دەقاودەق پێچەوانەیە : باشتریت بەهۆی هاوڕێكانتەوە .

**فێستە**

نەخێر ، گەورەم ، خراپترم .

**میر**

ئەمە چۆن دەبێت ؟

**فێستە**

بە حەزرەتی (مریەم) ، گەورەم ، ئەوان ستایشم دەكەن و دەمكەن بە كەر . كەچی
دوژمنەكانم بە ئاشكرا پێم دەڵێن كەریت ؛ جا ، گەورەم ، بە هۆی دوژمنەكانمەوە ،
من قازانج دەكەم بەوەی خۆم دەناسم ، بەڵام لەلایەن هاوڕێكانمەوە خراپەم لەگەڵ دەكرێت ؛
جا چونكە دەرەنجامەكەی وەكو ماچكردن وایە ، ئەگەر چوار جاران شتێك بكەیتە نەرێنی
دوو ئەرێنی لێدەكەوێتەوە ، ئەی بۆچی وا نەبێت ، خراپترم بەهۆی هاوڕێكانمەوە ،
باشترم بەهۆی دوژمنەكانمەوە .

**میر**

سەیرە ، ئەمە شتێكی نایابە .

**فێستە**

گەورەم ، بە ئایینم ، ئەمە وا نییە ؛ ئەگەرچی پێت خۆشە یەكێك بیت لە
هاوڕێكانم .

**میر**

تۆ بەهۆی منەوە خراپترت لێ نایەت . بیگرە ئەم زێڕە بۆ تۆ .

**فێستە**

بەڵام ئەمە دەبێتە دووبارە پێدان ، گەورەم ، ئەگینا حەزم لێ بوو تۆ
یەكێكی دیكەشم پێ بدەیت .

**میر**

ئۆه ، تۆ ئامۆژگارییەكی خراپم دەكەیت .

**فێستە**

گەورەم ، چاكی خۆت بخەرەوە گیرفانت ، تەنیا بۆ ئەم جارە ،

با جەستە و ڕۆحت گوێڕایەڵی ئەمەی من بن .

**میر**

باشە ، من دەبمە گوناهکارێکی گەورەتر ئەگەر ببمە کەسێکی بێ بار و هەلپەرست.

بیگرە ، ئەمەش یەکێکی تر .

**فێستە**

یەکەمین ، دووەمین ، سێیەمین ، گەمەیەکی خۆشە ؛ پەندەکەی پێشینان

دەڵێت "سێیەمیان هی هەموویان دەدات ." گەورەم ، ڕەوتی سێیەمین لە مۆسیقادا

ڕەوتێکی باشە ؛ یان ، گەورەم ، زەنگەکانی (سێنت بێنێت) ، ڕەنگە ئەوەت بخاتە مێشکەوە —

یەك ، دوو ، سێ .

**میر**

تۆ ناتوانیت هەڵمخڵەتێنیت و بەم بۆنەیە پارەی زێترم لێ دەربهێنیت ؛ ئەگەر تۆ

وا بکەیت خانمەکەت بزانێت من لێرەم بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵدا بکەم و ئەو لەگەڵ

خۆت بێنیتە ئێرە ، ڕەنگە بەخشندەییم پتر بکات .

**فێستە**

بە حەزرەتی (مریەم) ، گەورەم ، لایەلایە بۆ بەخشندەییت بکە تا دێمەوە . من دەچم ،

گەورەم ؛ بەڵام من نامەوێت تۆ وا بیر بکەیتەوە حەزی من بۆ هەبوونی پارە گوناهێکی

وەك چڵێسییە . بەڵام ، گەورەم ، وەك تۆ خۆت دەیڵێیت ، با بەخشندەییت

سەرخەوێك بکات ؛ من بەم زووانە واگای دێنمەوە .

(دەڕوات)

(ئەنتۆنیۆ و ئەفسەرەکان دێنە ناوەوە)

**ڤایۆلا**

گەورەم ، ئەوا ئەو پیاوەی منی ڕزگار کرد دێتە ئێرە .

**میر**

من ڕوخساری ئەوم چاك لە بیر ماوە ؛

کەچی کاتێك ئەوم بینی بوو ڕوخساری پیس ببوو و

ڕەش بوو وەك هی (ڤولکان)[26] لەناو دووکەڵی شەڕدا .

ئەو کاپتنی کەشتیۆکەیەکی گەندەی وا هیچ بوو ،

کە لە تەنکاواندا دەڕوات و بارەکەیشی بێ بەهایە ،

ئەو شەڕێکی وا سەختی دژ بە ئێمە کرد

لەگەڵ کەشتییە هەرە نازدارەکەی گەلەکەشتییەکەمان

---

[26] (ڤولکان) خواوەندی ئاگرە لەلای ڕۆمانەکان و لەسەر شێوەی ئاسنگەر پیشان دراوە . (و.)

که تەنانەت زمانی ئەوانەی لەم شەڕەدا لەناوچوون
هاواریان بۆ ناوبانگ و ئازایەتی ئەو دەکرد . مەسەلە چییە ؟

**ئەفسەری یەکەم**

(ئۆرسینۆ) ، ئەوە ئەو (ئەنتۆنیۆ)یەیە
کە کەشتی (فینیکس)ی ئێمەی لە (کاندی)ەوە بەبارەوە ڕفاند ؛
ئەوە ئەو کەسەیە خۆی هەڵدایە سەر کەشتی (تایگەر) و
لەو شەڕەدا (تیتۆس)ی کوری برات قاچی خۆی لەدەست دا .
لێرە لەناو شەقامەکانماندا ، نە شەرم و نە شکۆی هەیە ،
کەوتبووە دەمەقاڵێ لەگەڵ خەڵك و ئێمەش گرتمان .

**ڤایۆلا**

گەورەم ، ئەو چاکەی لەگەڵ من کرد ، شمشێری هەڵکێشا بۆ لایەنگری من ؛
بەڵام لە کۆتاییدا قسەی سەیروسەمەرەی لەگەڵدا کردم .
من نەمزانی قسەکانی چین جگە لە شێتایەتی و مێشك تێکچوون .

**میر**

ئەی چەتەی دەریایی ناودار ، تۆ ئەی دزی ناو ئاوە سوێرەکان !
ئەوە چ ئازایەتییەکی گێلانەیە تۆی خستۆتە بەر بەزەیی ئەوان
کە تۆ ئەوەندە خوێن و زیانت لەوان داوە ،
ئەوان بوونەتە دوژمنی تۆ ؟

**ئەنتۆنیۆ**

(ئۆرسینۆ) ، ئەی گەورەی خانەدان ،
دڵخۆش بە کە من هەموو ئەو ناوانەی پێت بەخشیم لە خۆمی دادەتەکێنم :
(ئەنتۆنیۆ) تا ئێستا نە دز بووە و نە چەتە ،
ئەگەرچی دان بەوەدا دەنێم ، لە سەر بناغەیەکی پتەو و تەواو ،
بوومەتە دوژمنی (ئۆرسینۆ) . جادوویێك منی بەرەو ئێرە ڕاکێشا :
ئەو کوڕە هەرە سپڵەیەی لەوێ لە تەنیشتتەوە وەستاوە
من لە دەمی تووندوتیژی ڕقاوی پڕکەف دەریام
ڕزگار کرد ؛ ئەو تێکشاوێکی بێ ئومێد بوو .
من ژیانی ئەوم دایەوە و وێڕای ئەوەش خۆشەویستی
خۆمم بێ بەرامبەر و بێسنوور پێی بەخشی ،
هەمووشم بۆ ئەو تەرخان کرد ؛ لە پێناوی ئەودا ،
تەنیا بۆ خۆشەویستی ئەو ، من خۆم تووشی
مەترسیی ئەو شارۆچکە دوژمنکارانەیە کرد ؛

کاتێك دەورە درابوو شمشێرم بۆ بەرگری لەو هەڵکێشا ؛
جا هەرکە گیرام بە ئاین و ئۆین وا خۆی دەرخست ،
نایەوێت لە مەترسییەکەدا هاوبەشم بێت ،
خۆی لە من نەناس کرد و خۆشی لە من بە دوور گرت ،
هەر لە چاو تروکانێکدا وا خۆی نیشاندا بیست ساڵ
دەبێت منی نەبینیووە ؛ نکۆڵی لە جزدانەکەی من کرد ،
کە من نیو کاتژمێرێك پێش ئەوسا
پێم دابوو بۆ خۆی لێی خەرج بکات .

**ڤایۆلا**

چۆن دەبێ ئەمە وا بێت ؟

**میر**

ئەو چ کاتێك گەیشتە ئەم شارۆچکەیە ؟

**ئەنتۆنیۆ**

ئەمڕۆ ، گەورەم ؛ جا بۆ سێ مانگی پێشوو ،
بێ ناوبڕ و نێوان ، بێ یەك خوولەك لێك دابڕان ،
ئێمە شەو و رۆژ پێکەوە بووین .

(ئۆلیڤیا و دارو دەستەکەی دێنە ناوەوە)

**میر**

ئەوە دۆتمیرەکە دێتە ئێرە ؛ ئەوە ئاسمانە ئێستا بەسەر زەویدا دەڕوات .
بەڵام تۆ ، ئەی هاوڕێ ، قسەکانت شێتین .
ئەو گەنجە سێ مانگە خزمەتی من دەکات —
کەچی بەم زووانە پتر لەو بارەیەوە دەبیستین . بیبەنە ئەملاوە .

**ئۆلیڤیا**

گەورەم ، هەرچییەکی بوێت ، ئەوەیە کە وەری ناگرێت ،
لەو خزمەتەی (ئۆلیڤیا) لەگوینە بتوانێت پێشکەشی بکات ؟
(سێزاریۆ) ، تۆ بەڵێنەکەی خۆت لەگەڵ من نەبردە سەر .

**ڤایۆلا**

خاتوونەکەم ؟

**میر**

ئەی (ئۆلیڤیا)ی میهرەبان —

**ئۆلیڤیا**

تۆ چی دەڵێیت ، (سێزاریۆ) ؟ ئەی گەورەی چاکم —

**ڤایۆلا**

گەورەی من دەیەوێت بدوێت ؛ ئەرکەکەم وا دەکات بێدەنگ بم .

**ئۆلیڤیا**

گەورەم ، ئەگەر دەتەوێت بگەڕێیتەوە سەر ئاوازی جاران ،

ئەمە هێندە بێتام بووە و گوێیەکانمی وا لێ پڕن

وەکو هاوار و لوورەی پاش مۆسیقالێدان .

**میر**

کەواتە هێشتاش هەر دڵڕەقیت ؟

**ئۆلیڤیا**

گەورەم ، هێشتا جێگیر و نەگۆڕم .

**میر**

چی ، جێگیریت لەسەر خراپەکاریت ؟ ئەی خانمی ناشارستانی ،

رۆحی من دڵسۆزترین قوربانی کە تا ئێستا پەرستنکاری

نیشانی دابێت بۆ قوربانگە ناسوپاسگوزار و ئومێدبڕەکەت

دەربڕیووە ! ئەرێ چی بکەم ؟

**ئۆلیڤیا**

گەورەم ، ئەوە بکە کە پێی دڵخۆش دەبیت و لە خۆشت دەوەشێتەوە .

**میر**

نازانم بۆچ منیش وا نەکەم ، ئەگەر دڵی ئەوەم هەبوایە ،

وەکو ئەو دزە میسرییەی لەسەروەختی مەرگدا ،

ئەو کەسەی کوشت کە خۆشی دەویست ؟ - حەسوودی دڕندانە

هێندێك جار جوامێرانە دەردەکەوێت . بەڵام گوێت لەوەی من بێت :

چونکە تۆ دڵسۆزی من فڕێ دەدەیتە خانەی گوێ پێ پێنەدانەوە ،

هەروا من کەمێك دەربارەی ئەوە دەزانم

کە وای کردووە لە جێگای راستەقینەی خۆشەویستی دڵت بە دوور بم ،

جا تۆ ئەی ستەمکاری سینە مەرمەڕینی دڵڕەق بۆ خۆت بژی ؛

بەڵام ئەو یارەی من دەزانم تۆ خۆشت دەوێت ،

ئەوەی ، سوێند دەخۆم بە خوا ، لای منیش زۆرخۆشەویستە ،

ئەو کەسە من لەبەر چاوە بێبەزەییەکانت لادەبەم

لەو شوێنەی کە ئەو تاجی دژ بە ویستی خودانەکەی خۆی لەسەرنراوە.

وەرە ، کوڕە ، لەگەڵ من ؛ بیرەکانم پێگەیشتوون بۆ خراپەکاری :

من ئەو بەرخەی لام خۆشەویستە دەکەمە قوربانی

تا تۆڵە بکەمەوە لە دڵی قەلەرەشێکی ناخی کوترێك بە ئاسانی .

**ڤایۆلا**

جا من ، بە دڵخۆشی و رازیبوون و پڕ بە دڵ ،

بۆ ئاسوودەیی تۆ ، هەزارجار دەمرم و دەچمە ژێر گڵ .

**ئۆلیڤیا**

ئەوە (سێزاریۆ) بۆ کوێ دەچێت ؟

**ڤایۆلا**

بەدوای ئەوەی خۆشم دەوێت دەکەوم

پتر لەو چاوانە و زێتر لە ژیانی خۆم ئەوم خۆش دەوێت،

پتر لەو پترانەش کە ئەگەر رۆژێك هاوسەری خۆمم بوێت .

ئەگەر من بە رووکەش وابم ، با ئەوانەی ئاسمان ببنە گەواهیدەرم

سزای ژیانم بدەن ئەگەر من ئەو خۆشەویستییەم تێك و پێکدەرم !

**ئۆلیڤیا**

وای لە خۆم ، من چۆن رق لێکراوەم ! چۆن هەڵخڵەتاوم !

**ڤایۆلا**

کێ تۆی هەڵخڵەتاندووە ؟ کێ خراپەی کردووە لەگەڵ تۆ؟

**ئۆلیڤیا**

ئەرێ تۆ خۆت لە بیر کردووە ؟ ئایا لە مێژە ئەوە روویداوە لە تۆ ؟

ئادەی بە دوای باوکە پیرۆزەکەدا بنێرن .

(کەسێکی بەردەست دەڕوات)

**میر**

دەی ، وەرە!

**ئۆلیڤیا**

گەورەم ، بۆ کوێ ؟ (سێزاریۆ) ، مێردەکەم ، بمێنەوە .

**میر**

مێرد ؟

**ئۆلیڤیا**

بەڵێ ، مێرد ؛ ئایا ئەو دەتوانێ نکۆڵی لەمە بکات ؟

**میر**

کوڕە ، تۆ مێردی ئەوی ؟

**ڤایۆلا**

نەخێر ، ئەی سەروەرم ، من نا .

**ئۆلیڤیا**

مخابن ، هیچ و پووچی ترسەکەی تۆیە
وا دەکات ناسنامەی خۆت بخنکێنیت .
(سێزاریۆ) ، مەترسە ، بەختی خۆت وەرگرە ؛
ببە ئەو کەسەی کە خۆتیت ، ئەوسا تۆ دەبیتە
کەسێکی مەزن وەکو ئەو کەسەی لێی دەترسیت .

(قەشەکە دێتە ناوەوە)

ئۆه ، بەخێر بێیت ، باوکە !
باوکە ، تو خوا بەو پیرۆزییەی تۆ هەتە ،
لێرە ئەو نهێنینیە هەڵبماڵە — ئەگەرچی دواجار نیازمان بوو
ئەوە لە تاریکیدا بهێلینەوە کەچی ئەو بۆنەیەی ئێستا
بەر لەوەی پێ بگات ئاشکرای دەکات — تۆ چی دەزانیت
لە بارەی ئەوەی بەم دواییانە لە نێوان من و ئەم گەنجە روویدا .

**قەشەکە**

پەیمانێکی پەیوەندی خۆشەویستی هەتا هەتایە ،
بە پێکەوەگرێدانی دەستەکانیان مسۆگەرکراوە ،
بە ماچی پیرۆزی لێوەکانیان راستێنراوە ،
بە گۆڕینەوەی ئەنگوستیلەی پەنجەکانیان بەهێزکراوە ؛
جا هەموو ئاهەنگەکەی ئەو رێك کەوتنە
بە دەسەڵات و گەواهی من مۆرکراوە ؛
کەی بوو ، ئەوا کاتژمێرەکەم ، بەرەو گۆڕ لێم دەخورێت ،
دوو کاتژمێر لە مەوبەر ئەو کارە ئەنجام دراوە .

**میر**

ئۆه ، ئەی تیژکە رێوی فێڵزان ! تۆ دەبیت بە چی ،
ئەو دەمەی کات مووی سپی لەسەر کەوڵەکەت دەچێنێت ؟
یاخود ئایا لەوانە نییە زۆرزانیت هێندە خێرا گەشە بکات
کە بە گەشتەکەی خۆت ماڵی خۆت وێران بکات ؟
خواحافیز ، ئەو ببە ؛ بەڵام هەنگاوەکانت بەرەو ئەو لایە باوێ
کە چاوانمان پێکتر نەکەوێتەوە هیچ سات و تاوێ .

**ڤایۆلا**

گەورەم ، من نارەزایی دەردەبڕم —

**میر**

ئۆه ، سوێند مەخۆ ، بەسە بەس!
کەمێك بڕوات بمێنێت ، گەرچی تۆ یەگجار زۆر ترست هەیە لە زۆر کەس.

(سێر ئەندرو دێتە ناوەوە)

**سێر ئەندرو**

بۆ خاتری خودا ، نۆژدارێك پەیدا بکەن !
یەکێك دەستبەجێ بۆ (سێر تۆبی) بنێرن .

**ئۆلیڤیا**

چی روویداوە ؟

**سێر ئەندرو**

سەری شەق کردم ، هەروەها سەری (سێر تۆبی)شی
شکاند . بۆ خاتری خۆشەویستی خودا ، فریامان بکەون ! خۆزگە
لە ماڵەوە بوامایە و ئەو چل پاوەندەم نەبوایە .

**ئۆلیڤیا**

کێ وای کرد ، (سێر ئەندرو) ؟

**سێر ئەندرو**

پیاوە جوامێرەکەی میر ، (سێزاریۆ) ناوێك . ئێمە ئەومان بە
ترسنۆك دەزانی ، بەڵام شەیتانێکی تەواو بەرجەستەکراوە .

**میر**

پیاوە جوامێرەکەی من ، (سێزاریۆ) ؟

**سێر ئەندرو**

سوێند بە ژیانی خودا ، ئەوەتا وا لێرەیە ! تۆ سەری منت
بە خۆڕایی شکاند ؛ ئەوەی دەمکرد هەمووی بە قسەی (سێر تۆبی) بوو .

**ڤایۆلا**

بۆ رووی قسە دەکەیتە من ؟ من هەرگیز ئازاری تۆم نەداوە .
تۆ بەبێ هۆ شمشێری خۆت بە ڕووی مندا هەڵکێشا ؛
بەڵام من بە جوانی قسەم لەگەڵتا کرد و ئازاری تۆم نەدا .

(سێر تۆبی و فێستە دێنە ناوەوە)

**سێر ئەندرو**

ئەگەر سەری خوێناوی ئازار بێت ، تۆ ئازاری منت داوە ؛ وابزانم لای تۆ
سەری خوێناوی هیچ بایەخێکی نییە . ئەوە (سێر تۆبی) بە لەنگینەوە دێت ؛
تۆ زێتر دەبیستیت ؛ بەڵام ئەگەر ئەو سەرخۆش نەبوایە ، ئەو
بە جۆرێکی جیاوازتر ختووکەی تۆی دەدا و لێی دەدایت .

**میر**

ئەوە چییە ، خانەدان ؟ ئەوە چیت لێ قەوماوە ؟

**سێر تۆبی**

هیچ نەبوو ؛ تەنیا یەك لێدان بوو ، هەر ئەوەندە بوو و بڕایەوە .

(بۆ فێستە) گەوجە ، ئەرێ چوویتە دوای (دیك)ی نۆژدار ، گەوجەکە ؟

**فێستە**

ئۆه ، ئەو سەرخۆشە ، (سێر تۆبی) ، کاتژمێرێك بەر لە ئێستا ؛ ئەو کاتژمێر

هەشتی بەیانی چاوەکانی لێکنان .

**سێر تۆبی**

کەواتە ئەو نامەرد و خاوەڕۆیە . من رقم لە کەسی

نامەردی سەرخۆش دەبێتەوە .

**ئۆلیڤیا**

لێرەوە لایان ببەن . کێ ئەم کەتنەی پێ کردوون ؟

**سێر ئەندرو**

من یارمەتییت دەدەم (سێر تۆبی) ، چونکە هەردووکمان پێکەوە تیمار دەکرێین .

**سێر تۆبی**

تۆ یارمەتیم دەدەیت ؟ هەی سەرکە کەر و گەوج و نامەرد ، نامەردی

دەموچاو باریك ، هەی گێل ؟

**ئۆلیڤیا**

بیبەنە ناو نوێن ، برینەکەشی بۆ تیمار بکەن .

(فێستە و فابیان و سێر تۆبی و سێر ئەندرو دەڕۆنە دەرەوە)

(سێباسچیان دێتە ناوەوە)

**سێباسچیان**

خاتوونەکەم ، بەداخەوە ، کەوا من ئازاری خزمەکەی تۆم داوە ؛

بەڵام ئەگەر برای هاوخوێنیشم ببوایە ،

دەبوایە بە ژیری و سەلامەتییەوە لەوە کەمترم نەکردایە .

تۆ نیگایەکی سەیرم تێدەگریت ، بەوەش من

وا تێدەگەم خراپەم لەگەڵت کردووە .

بمبوورە ، شیرینەکەم ، تەنانەت لەبەر ئەو بەڵێنانەی

ئێمە بەم دواییانە بە یەکتریمان دابوو .

**میر**

یەك روخسار ، یەك دەنگ ، یەك پۆشاك ، کەچی دوو کەس !

هاوشێوەیەکی سروشتی ، ئەوە هەوە و هەویش نییە .

**سێباسچیان**

(ئەنتۆنیۆ) ، ئۆهـ ، (ئەنتۆنیۆ)ی خۆشەویستم !

ئای ئەو دەمژمێرانە چۆن لێکیان دەرهێنام و ئازاریان دام

هەر لەو ساتەوەی تۆم لێ ون ببوو !

**ئەنتۆنیۆ**

(سێباسچیان) ئەوە خۆتی ؟

**سێباسچیان**

گومانت لەوە هەیە ، (ئەنتۆنیۆ) ؟

**ئەنتۆنیۆ**

ئەوە چۆن خۆت کەرت کردووە ؟

سێوێکی کەرتکراو هێندەی ئەو دوو

بوونەوەرە هاوشێوە نییە . کامیان (سێباسچیان)ە ؟

**ئۆلیڤیا**

ئای یەگجار سەرسورهێنە !

**سێباسچیان** (ڤایۆلا دەبینێت)

ئەوە منم لەوێ وەستاوم ؟ من هەرگیز برام نەبووە ؛

هەروا لە سروشتی مندا ئاکاری خوایەتی نییە

کە لێرە و لە هەموو شوێنێك بم . من خوشکێکم هەبوو

کەچی شەپۆل و قۆنگرە کوێرەکانی دەریا قووتیان دا .

بۆ خاتری میهرەبانی خوا ، تۆ چ خزمایەتیەکت لەگەڵ مندا هەیە ؟

خەڵکی کوێیت ، ناوت چییە ، باوانت کێن ؟

**ڤایۆلا**

خەڵکی (میسالین)م ؛ ناوی باوکم (سێباسچیان) بوو .

برایەکەشم هەر ناوی (سێباسچیان) بوو ؛

بە هەمان شێوە پۆشاکی تۆ چووە ناو سکی دەریاوە ؛

ئەگەر رۆحەکان بتوانن شێوە و روخسار بپۆشن ،

تۆ هاتوویت بمانترسێنیت .

**سێباسچیان**

هەر بەراستی من رۆح و گیانم ،

بەڵام لە رەهەندەکانی جەستەدا خۆم پۆشیووە

کە لەناو منداڵداندا بوومە هاوبەشی ئەو .

بهاتبوایە تۆ ژن بوایت ، هەموو شتەکانی تر ڕێك خۆیەتی ،
ئەوا فرمێسکەکانم لەسەر ڕوومەتی تۆ دادەباراند ،
دەمگووت "سێ جاران بەخێر بێیتەوە ، ئەی (ڤایۆلا)ی خنکاو !"

**ڤایۆلا**

باوکم خاڵێکی لەسەر نێوچەوان هەبوو .

**سێباسچیان**

باوکی منیش هەیبوو .

**ڤایۆلا**

ئەو ڕۆژە مرد کاتێك تەمەنی (ڤایۆلا)
بووە سیانزە ساڵ .

**سێباسچیان**

ئۆه ، ئەو مێژووە لە ناو ڕۆحمدا زیندووە !
ئەو بەراستی کاروکردەی مردەنیانەی خۆی تەواو کرد
ئەو ڕۆژەی خوشکەکەم بووە سیانزە ساڵان .

**ڤایۆلا**

ئەگەر هیچ شتێکی تر نەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەختەوەری هەردووکمان
جگە لەو پۆشاکە پیاوانەیەی بەسەرخۆمدا سەپاندووە ،
لە ئامێزم مەکە تا هەر هەموو ڕەوشەکانی
شوێن ، کات ، چارەنووس یەکدیگیر دەبنەوە و ڕێك دێنەوە
کە وا من (ڤایۆلا)م ؛ بۆ دڵنیابوونەوەش ،
من دەتبەمە ماڵی کاپتنێك لەم شارۆچکەیەدا ،
کە جلە ژنانەکانی خۆم لەوێ داناوە ؛ بە هاوکاری میهرەبانانەی ئەو
من لە خزمەتی ئەو میرە خانەدانە هێڵرامەوە .
جا لەو کاتە بەدواوە هەموو چارەنووسی من
کەوتە نێوان ئەم خانمە و ئەو پیاوماقوولەوە .

**سێباسچیان** (بۆ ئۆلیڤیا)

جا وا کەوتەوە ، خانمەکەم ، تۆ هەڵخەڵەتابوویت ؛
بەڵام سروشت بەلادانی خۆی هەڵەکەی ڕاستکردەوە .
ئەوسا تۆ شووت بە خانمێك دەکرد ؛
سوێند بە ژیانم ، تۆ ئەمجارە لەوەدا نەخەڵەتاویت ؛
تۆ شووت کردووە بە پیاوێکی کەس دەست لێنەداو .

**میر**

سەرسوڕماو مەبە ؛ خوێنەکەی ئەو ڕەسەنە .
ئەگەر ئەمە وابێت ، ئاوێنەکە هێشتاش ڕاست دیار دەدات ،
منیش بەشی خۆم لەو تێکشکانە هەرە دڵشادکەرەدا دەبێت .
(بۆ ڤایۆلا) کورە ، تۆ هەزار جار بە منت گوتووە
تۆ هەرگیز هیچ ژنێکت بە قەد من خۆش ناوێت .

**ڤایۆلا**

جا من سوێند لەسەر ئەو قسانە دەخۆمەوە ؛
هەروا هەموو ئەو سوێندانەش بەڕاستگۆیی لەناو ڕۆحم
دەمێننەوە وەکو چۆن ئەو کیشوەرە ئاگراوییەی ئاسمان
ڕۆژ لە شەو جیا دەکاتەوە .

**میر**

دەستت بدەرە من ؛
جا با من تۆ بە جلی ژنانەت ببینم .

**ڤایۆلا**

ئەو کاپتنەی یەکەمجار منی هێنایە سەر کەنار
جلی خانمانەی من لای ئەوە . ئەو ، لەبەر هەندێك کاروکردە ،
ئێستا بەندکراوە ، لەسەر مەسەلەکەی (مالڤۆلیۆ) ،
کە پیاوی خانەدان و داروودەستەی خانمەکەمە .

**ئۆلیڤیا**

ئەو بەری دەدات . (مالڤۆلیۆ) بێننە ئێرە ؛
بەڵام ، بەداخەوە ، تازە بیرم کەوتەوە ،
خەڵك دەڵێن ، ئەو جوامێرە بەسەزمانە ، زۆر تێکچووە .

(فێستە بە نامەیەکەوە دێتەوە ناوەوە و "فابیان"ی لەگەڵدایە)

مێشك تێکچوونی هەرە سەیری خۆشم
وایکرد بەروونی ئەوم لە بیر نەمێنێت .
ئەرێ ئەو چۆنە ، کورە؟

**فێستە**

بەڕاستی ، خاتوونەکەم ، ئەو شەیتان لە خۆی دوور دەکاتەوە وەك چۆن هەر
مرۆڤێکی دیکە لە ڕەوشی ئەودا بێت وادەکات . ئەو نامەیەکی بۆ تۆ نووسیووە ؛
من دەبوایە ئەمڕۆ بەیانی بە تۆم بدابوایە ، بەڵام چونکە نامەی شێتەکان
ئینجیل نین ، بۆیە ئەوە زۆر گرنگ نییە
کەی نامەکان دەگەیەنرێن .

**ئۆلیڤیا**

بیکەرەوە و بیخوێنەوە .

**فێستە**

جا بۆیە ئامادە بە بۆ زانیارییەکی چاك کاتێك گێلێك نامەی شێتێك دەگەیەنێت . (شێتانە دەخوێنێتەوە) "سوێند بەخودا ، خاتوونەکەم —"

**ئۆلیڤیا**

ئەوە چییتە ! شێت بوویت ؟

**فێستە**

نا ، خاتوونەکەم ، من تەنیا شێتایەتی دەخوێنمەوە . ئەگەر خانمایەتیت دەیەوێت نامەکە وەکو خۆی ببیستێت ، تۆ پێویستە رێم بدەیت دەنگی گونجاو بەکاربێنم .

**ئۆلیڤیا**

تکایە بە ژیربیرییەکی راست و رەوان بیخوێنەوە .

**فێستە**

خانمەکەم ، منیش وا دەکەم ؛ بەلاّم ئەگەر دەقاودەق بیری ئەو بخوێنمەوە دەبێ وا بیخوێنمەوە ؛ بۆیە ، دۆتمیرەکەم ، باش ئاگادار بە و گوێم لێ بگرە .

**ئۆلیڤیا** (بۆ فابیان)

کورە ، تۆ بیخوێنەوە .

**فابیان** (دەخوێنێتەوە)

"سوێند بە خوا ، خاتوونەکەم ، تۆ خراپەم لەگەڵدا دەکەیت ، دەبێ دنیاش ئەوە بزانێت . هەرچەندە تۆ منت لە ناو تاریکیدا داناوە و دەستوورت بە خزمە سەرخۆشەکەت داوە فەرمانم پێ بکات ، کەچی من خاوەنی ژیری چاکی خۆمم وەك تۆی خانمەکەم خاوەنی هی خۆتیت. من نامەکەی تۆم لایە کە هانم دەدا بەو شێوازە خۆم دەربخەم کە کردم ، بەو جۆرەش من گومانم نییە کە زۆر شتی چاکم لەگەڵ خۆم کردووە یا تۆم شەرمەزار کردووە. چۆنی پێت خۆشە وا بیرم لێ بکەرەوە. من کەمێك بەبێ بیرکردنەوە لە ئەرکی خۆم جوولاومەتەوە، لەبەر ئەو ستەمەی لێم کراوە وا قسان دەکەم .

"مالڤۆلیۆ"ی وەك شێت رەفتار لەگەڵ کراو

**ئۆلیڤیا**

ئەرێ ئەو ئەمەی نووسیووە ؟

**فێستە**

بەڵێ ، خاتوونەکەم .

**میر**

ئەمە زۆر بۆنی شێتایەتی لێ نایەت .

**ئۆلیڤیا**

(فابیان) ، ئەو ئازاد بکە ؛ بیهێنە بۆ ئێرە .

(فابیان دەڕوات)

گەورەم ، ئەگەر پێت خۆشە ، دوای بیرکردنەوەی زیاتر لەمە ،

من بە خوشکی خۆت دابنێ وەك چۆن دەتویست هاوسەرت بم ،

من لەو رۆژەدا تاجی ئەو هاوپەیمانێتیەت لەسەر دادەنێم ، گەر پێت خۆشە

ئاهەنگەکەت لە ماڵی من و لەسەر خەرجی من بێت .

**میر**

خاتوونەکەم ، من پڕبەدڵ ئەو هاتنەپێشەی تۆ لە ئامێز دەگرم .

(بۆ ڤایۆلا) خودانەکەت دەستبەرداری ئەو خزمەتەت دەبێت کە بۆ ئەوت کردووە و

خزمەتەکەشت پێچەوانەی سروشتی رەگەزی مێینانەی تۆیە ،

ئەمەش لە ژێر ئاستی نەرمی و ناسکی پەروەردەی تۆدایە ،

جا چونکە تۆ بۆ ئەو ماوە درێژە بە گەورەم بانگت دەکردم ،

ئەوەتا دەستم بگرە ؛ تۆ هەر لەم کاتە بەدواوە دەبیت بە

خانمی گەورەکەی خۆت .

**ئۆلیڤیا**

تۆ خوشکمی ! دەرچوو تۆ کچ بوویت !

(فابیان دێتەوە ناوەوە و مالڤۆلیۆی لەگەڵدایە)

**میر**

ئەرێ ئەوە پیاوە شێتەکەیە ؟

**ئۆلیڤیا**

بەڵێ ، گەورەم ، خۆیەتی .

چۆنیت ، مالڤۆلیۆ ؟

**مالڤۆلیۆ**

خاتوونەکەم ، تۆ خراپەت لەگەڵ کردم ،

خراپەیەکی بەرباد .

**ئۆلیڤیا**

من وام کرد ، مالڤۆلیۆ ؟ نەخێر .

**مالڤۆلیۆ**

خانمەکەم ، تۆ وات کرد . تکایە ئەم نامەیە بخوێنەوە .

ئێستا تۆ نابێت نکوڵی بکەیت ئەمە دەسخەتی تۆیە ؛

ئەگەر دەتوانیت بە دەسخەتێك یان شێوازێکی تر بنووسە ؛
یاخود بڵێ ئەمە مۆری تۆ نییە ، ئەمە داهێنانی تۆ نییە ؛
تۆ ناتوانیت هیچ یەکێك لەمانە بڵێیت . بۆیە دانی پیا بنێ ،
جا تۆ بە من بڵێ ، هەر بە ناوی سەربەرزی و رۆمەت ،
بۆچی تۆ ئەم جۆرە روناکییانەی پەسندکاریت پێدام ،
داوات لێکردم بزە بکەم و خرێنکەی تێك پەڕیوو ببەستم ،
گۆرەوی زەرد لەپێ بکەم ، رووی خۆم گرژ بکەم لە
(سێر تۆبی) و خەڵکانی بچووکتر ؛
جا بە هیوای گوێڕایەڵییەوە وا رەفتارم کرد ،
بۆچی تۆ واتکرد لەناو زیندان دا ئازار بچێژم ،
لەماڵێکی تاریك ببەسترێمەوە ، قەشە سەردانم بکات ،
منت کردە بەربادترین گێژ و گێل
کە تا ئێستا پلانی وای بۆ دانرابێتەوە ؟ پێم بڵێ بۆ ؟

**ئۆلیڤیا**

مخابن ، مالڤۆلیۆ ، ئەمە نووسینی من نییە ،
ئەگەرچی زۆر لە دەسخەتی من دەچێت ؛
بەڵام گومانی تێدا نییە دەسخەتی (ماریا)یە .
جا ئێستا بە بیرم هاتەوە ، ئەو بوو یەکەمجار
پێی گووتم تۆ شێتیت ؛ دواتر تۆ بە بزەوە هاتیت ،
بەو شێوەیەی لێرە لەو نامەیەدا بۆت
پێشنیارکراوە . تکایە ، ئارامت بێت ؛
ئەم کارە بە جۆرێکی هەرە زۆرزانانە لەگەڵ تۆ کراوە ،
بەڵام ، دوای زانینی هۆکار و کەسانی پشت ئەو کارە ،
تۆ خۆت دەبیتە دادخواز و دادوەری
مەسەلەکەی تایبەت بە خۆت .

**فابیان**

ئەی خاتوونی چاك ، گوێت لە قسەی من بێت ،
لێمەگەڕێ هیچ شەر و دەمەقاڵێیەك روو بدات
بۆ تێکدانی رەوشی ئەو کاتە پڕ خۆشییەی
من پێیەوە سەرسام بووم . هیوادارم شتی وا نەبێت ،
یەگجار بە ئازادییەوە من و (تۆبی)
ئەو پیلانەمان دژی (مالڤۆلیۆ)کەی ئێرە دانا ،

چونكە ئێمە دژی هەندێك كەللەرەقی و
خۆبەگەورەزانینی ئەو وامان كرد . (ماریا) نامەكەی
نووسی ، لەسەر پێداگری زۆری (سێر تۆبی) ،
لە پاداشتی ئەوەش ئەو (ماریا)ی خواست .
ئەم كارەش لە كەشوبایەكی رقاوی پڕخۆشی كرا
كە پتر خەندە و پێكەنینی لە تۆڵەسەندنەوە لێكەوتەوە ،
جا ئەگەر بە جۆرێكی دادپەروەرانە زیانەكەی هەڵسەنگێنین
ئەوە لەم كارەدا هەردوولا زیانیان پێگەیشتووە .

**ئۆلیڤیا**

مخابن ، ئەی گێلی بەسەزمان ، ئەوان چۆنیان خڵەتاندیت !

**فێستە**

بۆچی ، "هەندێك كەس بە مەزنی دێنە دنیاوە ، مەزنێتی بەدەست دێنن ،
هەندێكیش مەزنێتیان بە سەردا فڕێ دەدرێت . "بەڕێزم ، من كەسێك بووم لەو
شانۆگەرییەی نێوانەكاندا — من مام (تۆپاس) بووم ، بەڕێزم ؛ بەڵام ئەمە گرنگ نییە .
"سوێد بە خوا ، گێلەكە ، من شێت نیم !" بەڵام ئایا لە بیرتە — "خاتوونەكەم ، بۆچی تۆ بە
خوێڕییەكی وا وشك و برینگ پێدەكەنیت؟ ئەگەر تۆ پێنەكەنیت، ئەو ناتوانێ دەمی بكاتەوە؟"
جا گەراپێچەی رۆژگار بەم جۆرە تۆڵەكردنەوەی خۆی لەگەڵ خۆی دێنێت .

**مالڤۆلیۆ**

من تۆڵەی خۆم لە هەمووتان دەكەمەوە .

(دەڕوات)

**ئۆلیڤیا**

ئەو بەجۆرێكی هەرە بەرباد خراپی لەگەڵدا كراوە .

**میر**

بەدوای بكەون و هەوڵی لەگەڵ بدەن ئارام بێتەوە ؛
ئەو تا ئێستا دەربارەی كاپتنە گیراوەكە هیچی پێمان نەگووتووە.
كاتێك ئەمە زانرا ، كات و ساتی زێڕین هات ،
لێك مارەكردنێكی سەنگین ئەنجام دەدرێت
بۆ رۆحە شیرینەكانمان . لە هەمانكاتدا ، خوشكی شیرینم ،
ئێمە لێرە ناڕۆین . (سێزاریۆ) ، وەرە ؛
تۆ كە پۆشاكی پیاوانەت لەبەردایە من وات بانگ دەكەم ؛
بەڵام كاتێك بە جلوبەرگێكی تر ببینم تۆ ،
خانمی (ئۆرسینۆ) و شاژنی ئەندێشەییت ئەتۆ.

(هەموو دەڕۆن جگە لە فێستە)

**فێستە** (گۆرانی دەڵێت)

*کاتێك منداڵێکی بچووك بووم من خۆم ،*
*رەشەبا دەیلوراند و دایدەکردە باران ،*
*یاری منداڵانەمان شتێکی پووچ بوو ، هەی لە خۆم ،*
*هەموو رۆژێك باران دایدەکرد ، هەی قوڕ بەسەری خۆم .*

*بەڵام کاتێك گەیشتمە  قۆناغی پیاوان ،*
*رەشەبا دەیلوراند و دایدەکردە باران ،*
*دژی خوێڕی و پیاوانی دز دایاندەخست دەروازەکانیان*
*هەموو رۆژێك باران دایدەکرد ، هەی قوڕ بەسەری خۆم .*

*بەڵام کاتێك ، مخابن ، ویستم ژن بێنم ،*
*رەشەبا دەیلوراند و دایدەکردە باران ،*
*کەچی هەرگیز نەمتوانی خۆم بابدەم و خۆ بنوێنم ،*
*هەموو رۆژێك باران دایدەکرد ، هەی قوڕ بەسەری خۆم .*

*بەڵام کاتێك دەهاتمەوە ناو جێ و بالینگان ،*
*رەشەبا دەیلوراند و دایدەکردە باران ،*
*هێشتا سەرم دەسوڕا لەگەڵ سەرخۆشان*
*هەموو رۆژێك باران دایدەکرد ، هەی قوڕ بەسەری خۆم .*

*زۆر لە مێژە پەیدا بووە دنیا*
*رەشەبا دەیلوراند و دایدەکردە باران ،*
*بەڵام ئەوە گرنگ نییە ، شانۆییەکەمان گەیشتە کۆتا ،*
*جا ئێمە هەوڵدەدەین هەموو رۆژێك خۆش بکەین دڵتان.*

**(دەڕوات)**

**کۆتایی**

**شەوی 23 ی ئەیلوولی  2013**

**کاتژمێر  11:40 لە وەرگێڕانی ئەم شانۆنامەیە بوومەوە .**